# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٢٤)- (٥)ی ئابی ٢٠٢٤


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

**یاسای نەوت و گازی فیدراڵی.. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن**

# دەستتێوەردانی دەرەکی و بەقاچاخ بردنی نەوتی باشووری عێراق

## ئاستەنگی سەرەکین بۆ دەرنەچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی

پێش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێم پەسند بکات، هەرێمی کوردستان ڕەشنووسی نەوت و گازی فیدراڵیی ئامادەکرد و لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەسەری ڕێککەوتن

دەبێت لە ئەنجوومەنی نەوت و گازی فیدراڵیدا، هەرێمی کوردستان مافی ڤیتۆ و پێگەی خۆی هەبێت و ناکرێت بڕیارەکانی ئەم ئەنجوومەنە بە زۆرینە و کەمینە دەربچن

لە کۆی پێنج خاڵ " دەرهێنان، بەرهەمهێنان، گرێبەستەکان، گواستنەوە، فرۆشتن"ی تایبەت بە نەوت، دادگای بازرگانیی پاریس لە چواریان پشتگیریی هەرێمی کوردستان دەکات و تەنیا لە فرۆشتنی نەوت مافی بەحکومەتی فیدراڵی داوە






# سەردانەکەمان بۆ سعوودیا لە ساڵی ٢٠٠٧

١٢٥

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شا عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز، ڕۆژی ١٢ی ئازاری ٢٠٠٧ سەردانی سعوودیامان کرد. کە گەیشتین، ئەمیر مەقرن و ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسانی سعوودیا پێشوازییان لێ کردین. دوای پشوویەکی نیو کاتژمێری سەردانی شا عەبدوڵڵامان کرد. مەسرور بارزانی و عومەر فەتاح و ئازاد بەرواری و فەریق عەلی و دکتۆر فواد حوسێن و شیفا بارزانیم لەگەڵ بوون.

شا عەبدوڵڵا لە ماڵی خۆی پێشوازیی لێ کردین. زۆر بە سۆز و نەرمونیان بوو. ستایشێکی بێپایانی بارزانیی نەمری کرد و ئاماژەی بە پەیوەندییە دێرینەکانی بارزانی و عەبدولعەزیز کرد. دواتر گوتی: (حەز دەکەم گوێ لە قسەکانت بگرم لەسەر بارودۆخی عێراق).

گوتم، خاوەنشکۆ، هەرچەندە لادان و ڕووخانی ڕژێمی بەعس سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بەڵام دواتر ڕووداوەکان پێچەوانە بوونەوە. بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە ڕزگارکردنەوە بوو بە داگیرکردن و حاکمێکیان بە ناوی بریمەر ناردە عێراق، دەرفەتی بە گەلانی عێراق نەدا خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. کارەساتی گەورەتر ئێستا بریتییە لە شەڕی مەزهەبی کە زۆر بە توندی بەردەوامە. ئێمە وەک کورد بەشێک نەبووین لە شەڕەکە، بەڵکوو هەوڵمان داوە بەشێک بین لە چارەسەر. لێرەوە داوا لە خاوەنشکۆ دەکەم، هەموو عێراقییەکان بە شیعە و سوننە و کورد و هەموو پێکهاتەکانەوە بە یەک چاو سەیریان بکرێت. هەوڵ بدرێت یارمەتی و خەڵکانی میانڕەو لەناو عەرەب و کورد و شیعە و سوننە هان بدرێن و ڕێگە و دەرفەت بە کەسانی توندڕەو نەدرێت.

شا عەبدوڵڵا سوپاسی کردم بۆ پێشنیارەکانم و گوتی: (ئەحمەدینەژاد[1] سەردانی کردم و پێم ڕاگەیاند کە هانی ناکۆکی و جیاوازیی مەزهەبی نەدرێت لە عێراق دا.) هەروەها چەند پرسیارێکی سەبارەت بە کەرکووک و مووسڵ کرد، لە وەڵامدا دڵنیام کردەوە کە عەرەب و کورد و تورکمان هەموویان لامان بەڕێز و خۆشەویستن و برای ئێمەن. ئەو کەسانەی تاوان و تۆمەتمان بۆ هەڵدەبەستن ئەو کەسانەن کە هەوڵ دەدەن شکستی خۆیان بەم جۆرە کارانە پەردەپۆش بکەن.

---

(١) مەحموود ئەحمەدینەژاد لە ساڵی ٢٠٠٥ هەتا ٢٠١٣ سەرۆککۆماری ئێران بوو.





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال تاکریی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com


**هاژین یاسین:**



**ئەرکی ژیان قورس بووە و دەبێت ژن و پیاو پێکەوە کار بکەن و هاوکاری یەکتر بن، تاوەکو بتوانن خێزان بەڕێوە ببەن**

**شادی غوڵامی:**

**ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەتان وایان کرد زیاتر پەرە بە توانا و بەهرە هونەرییەکانی خۆم بدەم**



# سێکتەری نەوت و گاز

## کێشە چارەسەرنەکراوەکەی ١٠٠ساڵی عێراق

لە دوایین کۆبوونەوەی بازنەی گفتوگۆ، دوای ئەوەی چەندین پرسی گرنگ تاوتوێ کران، بۆ ئەوەی ببنە ناونیشانی گفتوگۆی ئەم جارە، لە ناویاندا بڕیار لەسەر ئەم ناونیشانە درا «(یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن»، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ئێستا، کێشەی سەرەکیی گەلی کوردستان و داواکاریی تەواوی شۆڕشەکان چارەسەرکردنی کێشەی خاکی کوردستان بووە لەسەر بنەمای جوگرافی و مێژوویی، بەڵام ئەوەی بووەتە گرفتی سەرەکی و دەرگای هەموو چارەسەرەکانی کلۆم کردووە، ئەو سامانە سرووشتییەی (نەوت و گاز)ـە کە پەروەردگار لە مەندەلی و خانەقینەوە تا دەگاتە شنگال و زاخۆ بە خاکی کوردستانی بەخشیوە.

لە نووسینەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کە گەلانی عێراق بە ڕێژەی زیاتر لە ٨٠٪ دەنگیان پێ دا و پەسەندیان کرد، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کێشەی خاک بخاتەوە سەرووی کێشەی داهات و سامانە سرووشتییەکان، ڕازی بوو بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ داهاتووی سێکتەری نەوت و گازدا بکرێت، کە بریتین لە:

١- نەوت و گاز موڵکی تەواوی گەلانی عێراقە.

٢- هەموو ئەو کێڵگە نەوتی و گازییانەی پێیان دەگوترێت کێڵگەی بەرهەمهێنی نەوت و گاز هەتا ساڵی ٢٠٠٥ کە دەستووری تێدا پەسەند کرا، لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بە تەنیا بەڕێوە ببرێت.

٣- هەموو ئەو کێڵگە نەوتییانەی لە دوای ئەم دەستوورە دەبنە کێڵگەی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز، بە هاوبەشی لە لایەن حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتەوە بەڕێوە ببرێن.

بە پشتبەستن بەم ماددە دەستوورییانە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧، پێش ئەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان (یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان) دەر بکات، ڕەشنووسی یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵیی گەڵاڵە کرد و لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی گەیشتنە لێکتێگەیشتنی هاوبەش و لەسەری ڕێککەوتن، بەڵام مخابن ئەم ڕەشنووسە کە نێردرایە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە جۆرێك ماددە و بڕگەکانی دەستکاری کران، کە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازی گێڕایەوە بۆ هەمان ئەقڵییەتی سەنتراڵی و دیکتاتۆری.

هەر بۆیە هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە ڕەشنووسی ئەو یاسای نەوت و گازەی فیدراڵی کە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەسەری ڕێککەوتبوون، لە پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەسەند کرا و، دەست کرا بە وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ئیشکالییەتە نادروستەی کە ماوەی ١٠٠ساڵە بووەتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی نەتوانرێت سوود لەو داهاتە گەورەیەی «نەوت و گاز» وەربگیرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات، بە پێچەوانەوە بەفیڕۆ دراوە بۆ کڕینی چەك و فڕۆکە و ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتەیان بە یەکتری بە کوشتن داوە، بڕیارمان دا بە ئامادەبوونی پسپۆڕانی بوارەکانی «لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، یاساناسان، خاوەن ئەزموونەکانی سێکتەری نەوت و گاز، ئابووریناسان، ڕووپێوی و شەفافییەت لە سێکتەری نەوت وگاز» لەسەر



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و
ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی وڵاتانی دراوسێ و نێودەوڵەتی، گفتوگۆیەکی نافەرمی و ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە، لەسەر ئەم پرسیارە هەستیارە بکەین. ئامانجمان ئەوە بوو، دوور لە دانوستاندن و موجامەلەی سیاسی لە ژینگەیەکی کراوەدا وەك خەمێکی نیشتمانی پێکەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە بۆچی نەوت لەبری ئەوەی وەك نیعمەتێکی ئیلاهی ببێتە هۆکارێك بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیی تەواوی هاووڵاتیانی عێراق، کەچی بووەتە بەڵا و نەفرەت و بە داهاتەکەی یەکتری دەکوژن و وڵاتی خۆمانی پێ کاول دەکەین؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەجێ دەهێڵم بۆ خوێنەران، لەبەر ئەوەی تەواوی گفتوگۆی ئامادەبووان و ئەو لێدوانانەشی بۆ ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆ وەرگیراون، لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا بڵاو کراوەتەوە و پێم وایە زۆر بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو پرسیارەش بورووژێنم، لە کاتێکدا شاندی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە دانوستاندایە لەسەر تێچووی بەرهەمهێنان، گرێبەستەکان، دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان، دەبێت بازنەی گفتوگۆ بە ئەنجامدانی گفتوگۆی کراوە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە چ مەبەستێکی هەبێت؟.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: گفتوگۆ و دانوستاندنی سیاسی لە نێوان دوو شاندی فەرمیدا مەبەست لێی کۆمپرۆمایزە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، کە ئەو ڕێککەتنە وەرچەرخان لە کێشەکەدا دروست ناکات، بەڵکو دەبێتە میکانیزمێك بۆ بەڕێوەبردنی کێشەکە و کێشەکە لە بنەڕەتدا وەك خۆی دەمێنێت و بە ڕیشەیی چارەسەر نەکراوە.

لە بەرانبەردا گفتوگۆکانی «بازنەی گفتوگۆ» کە هەر لە سەرەتاوە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەو ڕوانگە و ستراتیژەوە ئەم ئۆرگانە سەربەخۆیەی دامەزراند، بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی کراوە بێت بۆ هێشتنەوەی جیاوازییەکان بە زیندوویی و دانانی جیاوازییەك لە تەنیشت یەك و پێکەوە، بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن لەسەر کێشەکان دروست بکەین و پێکەوە وەك خەمێکی نیشتمانی شانی بدەینە بەر و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەریان بدۆزینەوە و، وەرچەرخان لە ناو کێشەکان و ڕای گشتی کوردستان و عێراق دروست بکەین، نەك بە پرۆسە «کۆمپرۆمایز و دان و ستاندن».

لە دوماهیدا دەخوازم ئەوە بڵێم، وەرزی سێیەمی بازنەی گفتوگۆ بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، کۆی شەش گفتوگۆی وەرزی سێیەم لە ئایندەیەکی نزیکدا لە دوو کتێبی قەبارە گەورەدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپ دەبێت و لە ڕێورەسمێکی شایستەدا پێشکەش دەکرێت و، کۆی بەشداربووانی هەر شەش ئەلقەی گفتوگۆکە ڕێزیان لێ دەگیرێت و خەڵات دەکرێن.

گفتوگۆی ئەم جارە کە نۆزدەهەمین ئەڵقەی گفتوگۆ و یەکەمین ئەڵقەی وەرزی چوارەمی بازنەی گفتوگۆیە، بە هەمان ئەو دیدگە و ستراتیژەوە کە لە سەری دامەزراوە، بەردەوام دەبێت. ئەزموونی گفتوگاکانی ئەم ١٩ ئەڵقەیە ئەوەیان فێرکردین، کە کێشەکانی نیشتمان بە ئیرادەی دەستەبژێر و هاووڵاتیانی لۆکاڵ چارەسەر دەکرێن. باشترین میکانیزم پێکەوە گرێدانەوەی ئازادانەی جیاوازییەکانە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە، بۆیە بازنەی گفتوگۆ بەردەوام دەبێت.

نۆزدەهەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# یاسای نەوت و گازی فیدراڵی..
# خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن



ڕۆژی ١٣ی تەموزی ئەمساڵ ٢٠٢٤، بازنەی گفتوگۆ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسە هەنووکەییەکانی خەڵك و پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، نۆزدەهەمین کۆبوونەوەی خۆی گرێ دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) ئامادە بوون، بە چڕوپڕی چەندین کێشەی گرنگی تایبەت بە نیشتمان و نەتەوە و هەروەها چەندین کێشەی تایبەت بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بە چڕی گفتوگۆیان لەسەر کرا، سەرەنجام بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە بابەتی و خودییەکانی پرۆسەی سیاسیی کوردستان و عێراق، کۆبوونەکە بڕیاری دا، نۆزدەهەمین گفتوگۆ بە ناونیشانی «یاسای نەوت وگازی فیدراڵی ..خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن» بەڕێوە بچێت لەبەر ئەم هۆکارانە:

- کێشەی نەوت و گازی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی تێکەڵی یاسای بودجەی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥) کراوە، بەتایبەت لە تەرخانکردنی بڕی پێویست بۆ «تێچووی بەرهەمهێنانی یەك بەرمیل نەوت و کرێی گواستنەوە)» کە ئەمە بووەتە ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی یاسای بودجەی عێراق و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان.
- چارەسەرنەکردنی کێشەی نەوت و گاز بووەتە هۆکاری ئەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووریش کە تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، هەر وەك ناوچەی جێناکۆك بمێننەوە و چارەسەرەکەیان دوا بکەوێت.
- کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ڤیدیۆیی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا ئامادە بکات و تیایدا ڕاوبۆچوونی جیاوازی سیاسەتمەدار و یاساناس و ئابووریناس و ئەکادیمیستی کوردستان وەربگرێت، بۆ ئەوەی پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە بە ئامادەبووان پیشان بدرێت، بۆ ئەوەی وەك ڕایەڵەیەك ڕای گشتیی هاووڵاتیانی کوردستان لەگەڵ گفتوگۆکەدا پێکەوە گرێ بدرێتەوە.
- کۆبوونەوە بڕیاری دا گفتوگۆکە لە ڕۆژی ٢٤ی تەمووز بەڕێوە بچێت و ئەم بەڕێزانە بانگهێشت بکرێن:

١- سەعد ئەلموتەڵیبی - سەرکردە لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا.
٢- نەهرۆ ڕەواندوزی - جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق.
٣- د.فازڵ نەبی - بریکاری پێشووی وەزیری دارایی حکومەتی عێراق.
٤- د.مەناف ئەلموسەوی - سەرۆکی سەنتەری بەغدا بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی.
٥- د. گۆڤەند شێروانی - ڕاوێژکار و پسپۆڕ لە سێکتەری نەوت و گاز.
٦- شەهریار شێخلەر - پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سێکتەری وزە.
٧- یادگار سدیق گەلاڵی - سەرۆکی ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەتی نەوت و گاز.
٨- د.زاهیر مەجید - تایبەتمەند لە بواری یاسایی و دادوەریی گرێبەستە نەوتییەکان.
٩- د.فەهمی محەمەد عەلی - ئابووریناس و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین — هەولێر.
١٠- د.گەیلان ئەحمەد جەمیل - ئابووریناس و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ.
  - شڤان حەمدی.
  - پ.د.نەزاکەت حوسێن.
  - د.جەلال ئەحمەد.
  - فەرهاد محەمەد.

ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# یاسای نەوت و گازی فیدراڵی.. خوێندنەوە و هەڵوێست



نەبوونی یاسای گاز و نەوتی فیدراڵی یەکێکە لەو ئاستەنگانەی ڕێگرە لە تەواوکردنی هەیکەلەی دەوڵەتی عێراق وەك «دەوڵەتێکی فیدراڵی»، هەروەها ڕێگرە لەوەی کە سێکتەری نەوت و گاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی تێدا فراوان بکرێت و، بگاتە ئەو ئاستەی عێراق داهاتی ئەم سامانە سرووشتییە بۆ ڕێکخستنەوەی کۆی ژێرخانەکانی وڵات سوودی لێ وەربگرێت. لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، دیسان نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی هۆکارێکە بۆ ڕێگرتن لەوەی دووبارە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکرێت.

بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو ئاستەنگانەی بوونەتە هۆکاری پەکخستنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بازنەی گفتوگۆ نۆزەدەهەمین گفتوگۆی تەرخان کرد بۆ «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی». بۆ ئەم گفتوگۆیە ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە، ئەم ڕاپۆرتەش پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش کرا، کە بریتییە لە ڕای دەستەبژێر و ئەکادیمیست و هاووڵاتیان لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لەسەر ئابووریی عێراق و سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. لێرەدا پوختەی ئەو لێدوانانە بڵاو دەکەینەوە.



**د.هیوار ڕەشید**

**مامۆستای بەشی یاسا – زانکۆی گەرمیان:**

# بەبێ هەرێمی کوردستان، عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی ئیفلیج دەبێت و پاشەکشە دەکات

ooo



لەدوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، یەکێك لە گرفتە یاسایی و سیاسییەکان لە عێراقدا، پرسی دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە، کە یاسایەکی زۆر گرنگە بۆ ڕێکخستنی هەر دوو سێکتەری نەوت و گاز لە عێراقدا، نەبوونی ئەم یاسایە کۆمەڵێك کێشە و ئاستەنگی ستراتیژی بە هەڵواسراوی هێشتووەتەوە.

بەپێی ماددەی (١١١)ی دەستووری عێراق، نەوت و گاز موڵکی تەواوی گەلانی عێراقە، کەواتە ئەم ماددەیە فەرزی دەکات، کە ئەو یاسایەی بۆ ئەم سێکتەرە گرنگە دەردەچێت، دەبێت لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت. ئەم یاسایە بۆ هەرێمی کوردستانیش زۆر گرنگە، بۆیە دەبێت پێش ئەوەی شاندی دانوستاندنەکانی هەرێم بچنە بەغدا بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی سیاسی ئەنجام بدەن، گرنگە پێشوەختە چەندین ڕێوشوێنی گرنگ هەیە، ڕەچاوی بکەن، لەوانە:

- گرنگە بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز پشت بە خەڵکانی پسپۆڕ لە یاسای نەوت و یاسای نەوتی نێودەوڵەتی ببەسترێت، بۆ ئەوەی برگە و ماددەکانی ناو ڕەشنووسی ئەم یاسایە بە جۆرێك دابرێژرێن کە لە دانوستاندنە سیاسییەکاندا گرێ کوێرە دروست نەکات.
- بۆردێکی ڕاوێژکاری دابمەزرێت، بۆ ئەوەی زۆر بە وردی و بە پشتبەستن بە ماددەکانی دەستووری عێراق، ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکات.
- پێداگری لە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق لە ناو ئەنجومەنی «نەوت و گازی فیدراڵی» بکرێت. لەناو ئەم ئەنجومەندا زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان مافی ڤیتۆی هەبێت، بۆ ئەوەی هیچ بڕیارێك بەسەر هەرێمی کوردستاندا فەرز نەکرێت و، بەبێ ڕەزامەندیی هەرێمی کوردستان هیچ بڕیارێك لەم ئەنجومەنەوە دەرنەچێت.
- هەرێمی کوردستان لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، دەبێت هەوڵ بدات، بەو دید و تێڕوانینە سەیری ئەم یاسایە بکات، کە یاسایەکە بۆ هەموو عێراق، نەك تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت یاساکە یاسایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو بێت و، بەرژەوەندیی هەموو ئەو ناوچانەی دیکەش بپارێزیت کە لە عێراقدا بەرهەمهێنەری نەوت و گازن.
- گرنگە لەو ڕەشنووسەی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ یاسای نەوت وگازی فیدراڵی ئامادە دەکرێت، داهاتی نەوت و گاز تەنیا بۆ دابینکردنی مووچە سەیر نەکرێت، بەڵکو دەبێت ڕەهەندی ستراتیژیی داهاتی نەوت وەك فاکتەرێکی سەرەکی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆی کۆمەڵگە بەکار بهێنرێت، بیر لە مافی نەوەکانی داهاتووش لەم داهاتە سرووشتییە بکرێتەوە.

• یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکانی سێکتەری نەوت و گاز، ئەوەیە کە هۆکارێکە بۆ پسبوونی ژینگە، بۆیە دەبێت بودجەیەکی باش لە داهاتی نەوت و گاز، لەم یاسایەدا بۆ پاراستنی ژینگە و ڕێگرتن لە گۆڕانکاریی کەشوهەوا تەرخان بکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەوەی بایەخ بە پرۆژەی «وزە نوێبووەکان» بدرێت.

سەبارەت بە پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، گرنگە ئێمە لە ڕوانگەی ئەو ماف و دەسەڵاتانەی دەستوور بە هەرێمی کوردستانی داوە، سەیری پێگە و شکۆی خۆمان لە عێراقدا بکەین و، پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییانە بکەین و سازشیان لەسەر بکەین، ئەوەشمان لە بیر نەچێت، هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا، یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و نووسینەوەی دەستوور دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق بووە، هەر لەو چوارچێوەیەدا ناتوانرێت یاسایەک دەربکرێت بۆ سێکتەرێکی گرنگی وەک سێکتەری نەوت و گاز، ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان نەکرێت. چونکە بەبێ هەرێمی کوردستان، عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی ئیفلیج دەبێت و پاشەکشە دەکات.

زۆر گرنگە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە ڕوانگەی وڵاتانی سەرکەوتوو لە بەڕێوەبردنی سێکتەر نەوت، سەیری ئەم پرسە بکەن، بەوەی توانیویانە بە داهاتی ئەم سامانە سرووشتییە، دامەزراوەی زۆر بەهێز دابمەزرێنن و تەواوی ژێرخانەکانی وڵات ڕاست بکەنەوە. ئەگەر سەیری وڵاتی نەرویج بکەین کە وڵاتێکی فیدراڵی و دیموکراتییە، دەبینین نموونەیەکی سەرکەوتووە لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز، جیا لەوەی یاساکانیان باشە و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازیان بەهێز و سەربەخۆن، لە هەمان کاتدا بەشێک لە داهاتی ئەم سامانە سرووشتیەشیان بۆ نەوەکانی داهاتوو هەڵگرتووە. هەر بۆیە ئەگەر بە مۆدیلی دەوڵەتانی سەرکەوتوو مامەڵە لەگەڵ سێکتەری نەوت و گاز بکەین، ئاییندەی هەموو عێراق ڕۆشن دەبێت و داهاتەکەشی بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق دەبێت.

لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا زەمینەی لەبار بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گاز، خۆڵەمێشییە، ئەمەش بەو مانایەی هەم دەرفەت هەیە و هەمیش ئالنگاری، سەبارەت بە دەرفەتەکان ئەوەیە کە:

• یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بۆ دەوڵەتێک کە سیستەمەکەی فیدراڵییە پێویستییەکی گرنگە و نەبوونی ئەم یاسایە ئیشکالیەتی گەورە بۆ سیستەمە سیاسییەکە دروست دەکات.

• بۆ هەرێمی کوردستان کە لە شوباتی ٢٠٢٢ بە بڕیاری دادگای فیدراڵی، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ڕەت کرایەوە، دیسان دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی




گرنگە، بۆیە دەبێت هەرێم زەمینەسازیی باشتر بکات.


بێگومان لە بەرانبەر ئەم دەرفەتانە، ئالنگارییش هەیە، بەتایبەتی ناسەقامگیری لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و ململانێی فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران و نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی نەتوانرێت لەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم یاساییە تێپەڕێنرێت، بەڵام گرنگە لە ئێستاوە ئامادەباشی بۆ بکرێت و هەوڵەکانی بۆ چڕبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا، یاساکە پەسەند بکرێت و تێپەڕێنرێت.

**د.ڕووبار مەجید**

**مامۆستای یاسا لە زانکۆی سلێمانی:**

# ئاستەنگی سەرەکی بۆ دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، هێندەی هۆکاری سیاسین، هێندە ئاستەنگی یاسایی نین

○○○



دەرکردنی یاسای «نەوت و گازی فیدراڵی» بۆ دەوڵەتی عێراق زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە پەیوەندی بە داهاتێکەوە هەیە، کە زیاتر لە ٩٠٪ی بودجەی عێراق پێکدەهێنێت. هەر بۆیە ئەگەر ئەم یاسایە هەبێت، ئەوا کۆی هاووڵاتیانی عێراق لێی سوودمەند دەبن.

لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسێکی هاوبەشی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام ئەم ڕەشنووسە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بە هۆی دەستکاریکردنی مادده و بڕگەکانی ناو ڕەشنووسەکە پەك خرا و نەتوانرا دەنگی لەسەر بدرێت و وەك یاسا تێپەڕێنرێت. بەڵام هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، بەڵام ئەم یاسایەش لە ساڵی ٢٠٢٢ و بڕیارێکی دادگای فیدراڵی بە نادەستووری لە قەڵەم درا. هەر بۆیە ئێستا نە لە عێراق و نە لە هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و گازی پشتبەستوو بە ماددەکانی دەستووری عێراق بوونی نییە.

ئاستەنگی سەرەکی بۆ دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، هێندەی هۆکاری سیاسین، هێندە ئاستەنگی یاسایی نین، بۆیە کاتێك لە ڕووە یاساییەکەیەوە سەیری دەرچوونی ئەم یاسایە دەکەین، گرفتێکی ئەوتۆ نابینین، بەڵام کە سەیری لایەنە سیاسییەکەی دەکەین، زۆر ئاڵۆزە و لایەنە سیاسییەکانی عێراق (بە کورد و سوننە و شیعەوە) لەسەر شێوازی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتەکە ڕێك ناکەون، ئەم جیاوازییەی نێوان لایەنە سیاسییەکان وادەکات بە دەرچوونی ئەم یاسایە گەشبین نەبین.

هەر بۆیە ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە دیدێکی نیشتمانییانە سەیری ئەم سێکتەرە گرنگە بکەن، ئەوا دەبێت بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی لەبەر چاوبگرن و لە نزیکترین کاتدا بگەنە لێکتێگەیشتنی هاوبەش و پێکەوەسازانی سیاسی، بۆ ئەوەی بتوانن ئاستەنگەکان لابەرن و ئەم یاسا گرنگە (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) تێپەڕێت کە لە بەرژەوەندیی تەواوی هاووڵاتیانی عێراقدایە.

گرنگە بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز، پەنا ببرێتە بەر پسپۆڕانی یاسایی و پسپۆڕانی بواری نەوت و گاز و بواری کارگێڕی و دارایی. ئەم پسپۆڕانە گرنگە سەربەخۆ بن و تەنیا بەرژەوەندیی باڵای عێراق و هاووڵاتیان ڕەچاو بکەن و سەر بە لایەنە سیاسییەکان نەبن، لەمەش گرنگتر ئەوەیە لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە هەموو کات کاریگەریی نەرێنیان هەبووە لەسەر دەرکردنی یاساکان، ڕێز لە سەربەخۆیی ئەو لیژنە پسپۆڕە بگرن، بۆ ئەوەی بتوانێت بێ لایەنانە ئەو یاسایە بنووسێتەوە، هەرێمی کوردستانیش کە لایەنێکی گرنگی ئەم یاسایە دەبێت، بەپێی دەستووری عێراق ماف و دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە، بۆیە دەبێت هاووڵاتیانی کوردستانیش وەك تەواوی هاووڵاتیانی عێراق ئەو داهاتەیان بەسەردا دابەش بکرێت و لێی بێبەش نەبن.

ئێستا کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ڕێککەوتن کراوە، بەوەی کە تەواوی نەوتی عێراق بە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بفرۆشرێت، ئەوا ئەگەر ئەم یاسایەش (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) دەربچێت، داهاتی نەوتەکە بە یەکسانی بەسەر هەموو هاووڵاتیاندا دابەش دەکرێت.

**مەنسوور نوورەدین**

**مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر:**

# لە داڕشتنی یاسای بودجەی عێراقدا، بەشێک لە کێشەکانی نەوت و گاز دەخزێتە ناو ئەو یاسایە و پاشان ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی یاسای بودجە دروست دەکات

ooo



سێکتەری نەوت و گاز لە عێراقدا یەکێکە لەو پرسانەی کە زۆرترین کێشمەکێش و مشتومڕی سیاسی لەسەرە و هەتا ئێستاش بەردەوامە. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ چاوەڕێی ئەوە دەکرا، عێراقی نوێ لەسەر بنەمای دەستوور وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بونیاد بنرێتەوە و ڕێز لەو دەستوورە بگیرێت و ئەو دەستوورە بکرێتە بناغە بۆ ئەوەی هەموو یاساکانی عێراقی سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی ناسەقامگیریی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و ململانێی نێوان پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکانی عێراق نەتوانرا گەلێك یاسای گرنگ دەربچن، یەکێك لەو یاسا گرنگانەی دەبووایە هەر لە دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق دەربچووبایە، یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە.

نەبوونی ئەم یاسایە (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازی کە پێویستە بە هاوبەشی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بەڕێوەببرێن، بووەتە کێشەیەکی سیاسی لە نێوان هەردوو لادا و هەتا ئێستا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە و هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. لە پێکهێنانی هەر کابینەیەکی حکومەتی عێراقیدا دەبێتە پرسی سەرەکی و یەکەم و ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر ئیمزا دەکرێت، بەڵام پاشان ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ ناکرێت.

نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی وای کردووە، هەموو ساڵێك کێشە بۆ یاسای بودجەی عێراقیش دروست بێت، لەبەر ئەوە لە داڕشتنی یاسای بودجەی عێراقدا، بەشێك لە کێشەکانی نەوت و گاز دەخزێتە ناو ئەو یاسایە و پاشان ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی یاسای بودجە دروست دەکات.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لە تەموزی ٢٠١٩، هەوڵی داوە پرسی دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە پشتبەستن بە ماددەکانی (١١٠، ١١١، ١١٢)ی دەستووری عێراق، بکاتە ئەولەوییەتی بەرنامەی کابینەکەی، سەرەتا لەگەڵ حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی کە زۆری نەخایاند بارودۆخی سیاسیی عێراق تێچکوو، هەروەها لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە کاری زۆر باش کراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تێپەڕێنرێت و بە شێوازێکی هاوچەرخ سوود لە داهاتی ئەم سامانە سرووشتییە بۆ هەموو هاوڵاتیانی عێراق وەربگیرێت و عێراقیش وەك دەوڵەت سیمای دەوڵەتێکی فیدراڵی و پێشکەوتوو وەربگرێت.

## دکتۆر ڕۆمان خەلیل

**مامۆستای زانکۆی جیهان:**

# ئەقڵییەتی کۆن و سەنتراڵی کێشەی بۆ تێپەڕاندنی یاساکە دروست کرد و نەیانهێشت عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی ببێتە خاوەنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی

○○○



بابەتی نەوت و گاز بۆ خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی گشتی و گەلی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی بابەتێکی گەلێك گرنگ و ستراتیژییە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستوورێکی زۆر باش نووسرایەوە و تێیدا نەخشەیەکی گەلێك باش دانرا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ سێکتەری نەوت و گاز بکرێت و، هاوشان بێت لەگەڵ سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا، بەڵام بە ڕۆحی ئەو دەستوورە مامەڵە لەگەڵ ئەم سێکتەرە گرنگەی نەوت و گاز نەکرا و دۆسێی نەوت و گاز بووە بابەتێکی هەستیار و گرنگ و تەنانەت بووە فاکتەری سەرەکیی بەدەستهێنانی داهات و بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بۆ بودجەی گشتیی عێراق پشتی پێ دەبەسترا.

هەرێمی کوردستان هەر لە دوای پەسەندکردنی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق هەوڵەکانی خستە گەڕ بۆ ئەوەی یاسای نەوت وگازی فیدراڵی بە زووترین کات دەربچێت و، ڕەشنووسێکی زۆر باشی ئامادە کردبوو لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی گەیشتنە ڕێککەوتن، بەڵام دواتر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەقڵییەتی کۆن و سەنتراڵی کێشەی بۆ تێپەڕاندنی یاساکە دروست کرد و نەیانهێشت عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ببێتە خاوەنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ماف و دەسەڵاتانەی دەستووری عێراق پێی داوە، توانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەسەند بکات و وەبەرهێنانێکی زۆر باش لە سێکتەری نەوت و گاز بکات، کە دیسان ئەقڵییەتی کۆن و سەنتراڵی دەیان کێشەیان بۆ هەرێمی کوردستان دروست کرد، کە کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق ببڕن، بەڵام داهاتی ئەو نەوتەی لە کوردستان بەرهەم دەهات بۆ هەرێمی کوردستان زۆر باش بوو، تا ڕاددەیەکی زۆریش حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتی بەو داهاتە بەستبوو.

بۆیە پێویستە یاسایەك بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی مەلەفی نەوت و گاز لە عێراق دەربچێت، تاوەکو بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر و باشتر ئەم سامانە گرنگەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕێوەببرێت و، چیتر نەبێتە هۆکارێك بۆ ناکۆکی و ململانێی سیاسی، بەتایبەتی لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی. لەبەر غیاب و نەبوونی یاسایەکی لەم شێوەیە، وای کردووە، هەر لایەنێکی سیاسیی عێراق بەپێی ئیجتیهاداتی خۆی تەفسیر بۆ لایەنی دەرهێنانی نەوت و ناردنە دەرەوە و فرۆشتن و گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکات. دەرنەکردنی ئەو یاسایەش حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی خستووەتە ناو بۆشاییەکی یاساییەوە و تەنانەت بووەتە هۆکاری توندبوونی ململانێی و کێشمەکێشەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان. هەر بۆیە بە بۆچوونی من ئێستا کاتی ئەوە



هاتووە بە هاوبەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا وەکو هەرێمێکی دەستووری و یاسایی فیدراڵی لەگەڵ بەغدا یاساکە دابڕێژرێتەوە و دەربچێت و لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێنرێت، بەڵام بەداخەوە دەستتێوەردانەکانی وڵاتانی دراوسێ و بوونی هێزی شۆڤێنی و لایەنی توندڕەوی دژی کورد لە بەغدا هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە گۆشەیەکی تەسکدا بهێڵنەوە، تاوەکو نەتوانێت بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سوود لەم سامانە ستراتیژییەی نەوت و گاز وەربگرێت.

لێرەدا ئەو پرسیارەی دێتە پێشەوە، ئەوەیە کە ئایا ئەم یاسایە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق و بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دەردەچێت و لەپەرلەمان تێپەڕ دەبێت، یان نەخێر، یاساکەش دەبێتە هۆکاری کێشەمەکێش و ناکۆکی نێوان لایەنەکان؟ بەڵام بەگشتی نابێت یاساکە تەنیا بەرژەوەندیی پێکهاتەیەك یان لایەنێکی دەستڕۆیشتووی سیاسی ڕەچاو بکات، لەسەر حیسابی زیاتر فشارخستنە سەر پێکهاتەیەك، یان لایەنێکی دیکەی سیاسی.

ئەگەر پرۆژە یاسای نەوت و گازیش لەلایەن هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادە کرا، دیسان مەترسییە گەورەکە ئەوەیە کاتێك ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق دەکرێت بۆ تێپەڕاندن و پەسەندکردنی، ئەوا ئەگەر لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە ئەم یاسایە لەناو پەرلەمان دەستکاری بکرێت، ئالێرەدا مەترسی مافخواردنی هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوتیشی لێ دەکرێت. لە ماددەی ١١٠ و ١١١ بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێك و ڕوون و ئاشکرا دەرچووە و چۆنیەتی سوودوەرگرتن و بەڕێوەبردنی ئەم سامانە ڕێك خراوە، بەڵام کێشەکە لە ئیجتیهادات و تەفسیری بەرژەوەندیخوازانەی لایەنە سیاسییەکان و زۆر کەسایەتی و ئەندام پەرلەمانی عێراقە، کە زۆر جار کەوتوونەتە ژێر ڕکێف و فشاری ئەجیندەی دەرەکی.

پێویستە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ڕەچاوی بەرژەوەندیی گەلی عێراق و بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بکات، وەکو بەشێك لە هاووڵاتیانی عێراق لەناو چوارچێوەی دەستووری هەرێمێکی فیدراڵیدا. چونکە دەقی دەستووری هەیە کە دەڵێت نەوت و گاز موڵکی هەموو هاووڵاتیانی عێراقە و لە ماددەی ١١٢ هاتووە حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر بکەن و ستراتیژیەتێکی بۆ دابڕێژن و ئەو دۆسیێیە بەرەو پێشەوە ببەن. ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە بەرژەوەندیی بەتەنیا لایەنێك بپارێزێت لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکی لایەنێکی دیکە، ئەو کات حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە دادگای فیدراڵی تانە لە پەسەندکردنی ئەو یاسایە بدات و مەلەفی نەوت و گاز لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق یەکلا بکاتەوە.




**د.ڕێبین سەمەد**

**مامۆستای زانکۆ – هەولێر:**


# حکومەتی عێراق پێداگری لەسەر ئەوە دەکات هەر بەو یاسا کۆنانەی سەردەمی ڕژێمەکانی دیکتاتۆری و سەنتراڵی مامەڵە لەگەڵ سێکتەری نەوت و گاز بکات

○○○

سێکتەری نەوت و گاز لە عێراقدا وەك ئاسایشی نیشتمانی سەیر دەکرێت و، پرسێکە هەر سێ لایەنی (سیاسی و ئابووری و یاسایی) پێکەوە گرێ دەداتەوە. بۆیە جەختم لەسەر ئەوە کردەوە، ئەم پرسە وەك ئاسایشی نیشتمانی سەیر دەکرێت، چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە زیاتر لە ٩٠٪ی داهاتی عێراق بە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت دابین دەبێت و، فاکتەری سەرەکییە بۆ پڕکردنەوە و بار و بژێوی و داهاتی هاووڵاتیانی عێراق.

کێشەی سەرەکیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر سێکتەری نەوت و گاز و یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە دوو تێڕوانینی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم سێکتەرە هەستیار و گرنگە دەکەن.

هەرێمی کوردستان دەیەوێت بە پشتبەستن بە دەستووری عێراق و سیستەمی سیاسی وەك سیستمێکی فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ سێکتەری نەوت و گاز بکرێت و بە شێوازی هاوچەرخ و پێشکەوتوو و لەسەر بنەمای دەستووری عێراق یاسای نەوتی گازی فیدراڵی دەربچێت، هەروەك ئەو یاسای نەوت و گازەی هەرێم یاسای ژمارە٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پەرلەمانی کوردستان. بەڵام حکومەتی عێراق پێداگری لەسەر ئەوە دەکات هەر بەو یاسا کۆنانەی سەردەمی ڕژێمەکانی دیکتاتۆری و سەنتراڵی مامەڵە لەگەڵ سێکتەری نەوت و گاز بکات، واتە ڕەچاوی ئەوە ناکات کە سیستەمی سیاسیی ئێستای عێراق دەبێت فیدراڵی بێت، نەك سەنتراڵی، هەر بۆیە هەتا ئەمڕۆش ئەو یاسایەی وەزراەتی نەوتی عێراق ئەم سێکتەرە گرنگەی پێ بەڕیوە دەبات، یاسایەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو.

هەر بۆیە هەتا ئەم زهنییەت و ئەقڵییەتە بۆ بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، بەوجۆرە کە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دیاری کردووە، کێشەکە هەر بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە.

**د.سامی ڕێکانی**

مامۆستای زانکۆ- دهۆک:

# کێشە و کەموکورتیی ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە تاکو ئێستا ستراتیژییەکی هاوبەشمان بەرانبەر بەغدا نییە و ناکۆکیی توند لەنێوخۆی هەرێمی کوردستان هەیە

○○○

یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بابەتێکی چارەنووسسازە و نابێت هەروا بە ئاسانی و ئاسایی بەبێ لێکتێگەیشتن و تەوافقی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێنرێت، چونکە هەر کاتێك بەغدا بەهێز بێت، مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێت و بابەتەکان لە بەرژەوەندیی خۆی ئاراستە دەکات.

ئێستا کە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی یاسای نەوت و گازی هەرێم ڕەت کراوەتەوە و بە بڕیاری دادگای ناوبژیوانیی پاریس هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە، دەبێت هەرێمی کوردستان زۆر بە هۆشدارییەوە هەنگاو بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە هەڵبگرێت، لە ئێستاشدا جۆرێك لە دەرفەت هەیە بۆ ئەوەی هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی دۆسیێی نەوت و گاز کار بکەن.

کێشە و کەموکورتیی ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە تاکو ئێستا ستراتیژییەکی هاوبەشمان بەرانبەر بەغدا نییە و ناکۆکیی توند لەنێوخۆی هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو پارتی سەرەکی لە کوردستاندا، کە لەم قۆناغەدا گەمەیەکی نێوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی گەورە لە کەرتی نەوت و گاز هەیە و، ئەگەر یەکگرتوو نەبین، ئەوا بێگومان دەبینە قوربانی و ناوەند زاڵ دەبێت بەسەر ئاراستەکردنی دۆسیێی نەوت و گاز و دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و مەرکەزییەت زاڵ دەبێت و هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی نامێنێت و وەکو پارێزگایەکی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.



بۆیە خوێندنەوەی بارودۆخەکە بە واقیعییانە فەرزی دەکات، بەوەی پێویستە کورد گەلێك هوشیار بێت و بە وردی دیراسەی بەرژەوەندییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کورد لەگەڵ ئەورووپا و ئەمریکا و هەر دوو وڵاتی زلهێزی ناوچەکە (تورکیا و ئێران) بکات. لەلایەکی دیکەوە واقیعەکە حاڵەتی ئەرێنیشی تێدایە، بەوەی هەمووان لەگەڵ ئەوەدا هاوڕان کە ئەم بابەتە بێتە چارەسەر، چونکە بەرژەوەندیی هەمووانی تێدایە، بۆ نموونە ڕاستە ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەمریکا و ئەورووپا و ڕوسیا و تەنانەت تورکیا هەیە و بەرژەوەندییان لە دۆسیێی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەیە، بەڵام هاوکێشەکان ئاڵۆزن و چارەسەرەکان هەروا ئاسان نین. بەتایبەتی لە ئێستادا کە عێراق لەم قۆناغەدا هەموو هەوڵەکانی بەرەو مەرکەزییەت دەچن، لەگەڵ ئەمەشدا لایەنی ئەرێنی هەیە، بەوەی هەموو وڵاتانی بیانی بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەوەدایە ئەم کێشەیە لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕوو لە چارەسەرکردن بکات.

بە بیر و بڕوای من دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە ئێستادا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە گرنگ و چارەنووسسازە، گرنگە پەلەی تێدا نەکرێت. واتا نەبوونی یاسا لە بوونی یاسایەکی خراپ و سەپێنراو باشترە.

## میران عوسمان

**پارێزەر لە سلێمانی:**

# نابێت هەر حزبێکی سیاسی و لایەنێک بە جیا کار بکەن بۆ ئەم یاسا گرنگە کە ڕێکخستنی سێکتەری نەوت و گازە، دەبێت یەک گوتاریمان هەبێت

○○○



بە حوکمی ئەو ئەزموونە سیاسییە تاڵەی لە عێراقدا هەمانە، کە ئەم وڵاتە لە کۆمەڵێك لایەنی مەزهەبی و حزبی سیاسی پێکهاتووە، کە بەردەوام لە دژی هەرێمی کوردستان کاریان کردووە، هەموو یاساکان و هەر بڕیارێکیش کە دەردەچێت، دەکەوێتە ناو ئەو کێشمەکێشە سیاسییەوە کە لە چوارچێوەی ئەو مەزهەب و حزبە سیاسییانە بەڕێوەدەچێت، کە زۆربەی جار نەیارن لە دژی هەرێمی کوردستان.

هەمووان دەزانن عێراقی نوێ لەسەر بنەمای هاوبەشی و ڕێککەوتنی نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کورد و سوننە و شیعە) دامەزراوە. هەتا ئەم سێ پێکهاتەیە ڕێککەوتنێکی سیاسی نەکەن، زۆر زەحمەتە یاسای نەوت و گاز دەربچێت، هەتا ئەگەر دەریش بچێت، هیچ زەمانەتێك نییە بۆ ئەوەی پێوەی پابەند بن و جێبەجێی بکەن، بەتایبەتیش کە ئەم یاسایە پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە و، بەشێك لە پارێزگاکانی عێراق بەتایبەتی پارێزگاکانی عەرەبی سوننە پارێزگای بەرهەمهێنەری نەوت و گاز نین، لە بەرانبەریشدا پارێزگای بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتیش لە باشووری عێراق هەیە وەك پارێزگای بەسرا، بۆیە لەمەشدا جیاوازی بیروبۆچوون لە نێوان پارێزگاکاندا هەیە. لەم بارودۆخەدا جگە لە تەوافوقی نێوان هەر سێ پێکهاتەی سەرەکیی عێراق (شیعە و سوننە و کورد) و تەوافوقاتی سیاسی زەحمەتە بتوانرێت یاسای نەوت و گاز دەربچێت و، زەحمەتە پڕۆژەیەکی ڕێکوپێك بە بێ ڕێکەوتنی سیاسی دەربچێت.

ڕاشکاوانە دەڵێم: ئەمە واقیعە سیاسییەکەی عێراق وامان پێ دەڵێت. لەلایەکی دیکەوە بەشێکی ئەم لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن و تەوافوقانە پەیوەندی بە دەستتێوەردانی دەرەکییەوە هەیە، بەتایبەتی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە، واتە دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەری دەبێت بۆ ئەوەی پەلە لە دەرچوونی یاسایەك بکەن، کە ناوەرۆکەکەی بە دڵی خۆیان بێت و ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی لێ دەربهێنن و، بە تەوافقێکی پەرلەمانی زۆرینە و کەمینە تێیپەڕێنن، بۆیە ئەم ئەگەرەش هەیە کە بیانەوێت دەسەڵاتەکانی هەرێم کەم بکەنەوە.

دەرکردنی یاسایەکی نەوت و گازی فیدڕاڵی

## دکتۆر هلوڤان حوسنی

مامۆستای زانکۆ:

# ئەگەر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربکرێت، کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەندیش ئاستەنگی گەورەیان لەبەردەم لادەچێت



بێگومان دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان کە خاوەنی کەرتێکی نەوت و گازی سەرەکیی خۆیەتی جێگای بایەخ و گرنگیدانە، بەتایبەتی کە ئەم کەرتە ڕۆڵی هەیە لە دابینکردنی داهاتێکی باش و گەورە بۆ هەرێمی کوردستان و خاوەنی کێڵگەیەکی زۆر و فراوانیشە لە سامانی سرووشتی، بەڵام دەرکردنی ئەم یاسایە پێویستە بە هاوبەشی و پێدانی زەمانەتی ئەوە دەربچێت، کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانی تێدا بێت، بۆیە لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەدەم.

یەکەم: لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا لە ٢٠٠٥ کە زۆرینەی خەڵکی عێراق دەنگی لەسەر داوە، دەستوورەکە داوای ئەوە دەکات، یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە زووترین کات ئامادە بکرێت و ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت و لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراق بە خەڵکی هەرێمی

بەسەرکەوتوویی و بەو جۆرەی کە ببێتە خێرو خۆشی بۆ هەموو گەلی کوردستان و گەلی عێراق، بەستراوەتەوە بەو تەوافوقە سیاسییەی کە دەبێت لەسەر یاساکە هەبێت و تەنانەت تەوافوقی پەرلەمانیشی بۆ دەربکرێت و پێشوەختە ڕێککەوتنی کۆنکرێتی لەگەڵ عێراقدا بکرێت و لایەنە کوردییەکانیش دەبێت یەك گوتاریان هەبێت و نابێت هەر حزبێکی سیاسی و لایەنێك بە جیا کار بکەن بۆ ئەم یاسا گرنگە کە ڕێکخستنی سێکتەری نەوت و گازە، دەبێت و پێویستە یەك گوتاریمان هەبێت.

سێکتەری نەوت و گاز پێش ئەوەی یاسایی بێت، زیاتر سیاسییە و سەرەنجامیش هەر ڕەشنووسێك ئامادە بکرێت، دەبێت لایەنە سیاسییەکان لەسەری ڕێك بکەون. لەم لایەنەدا دەبێت هەرێمی کوردستان پشت بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری نەوت و گاز و یاسا و گرێبەستەکان ببەستێت و لە هەموو وردەکارییەکانی ناو یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و لە نووسینەوەی یاساکە بەشدار بن. پێویستە شارەزاییان هەبێت لە یاساکانی نێودەوڵەتی و یاساکانی پەیوەندیدار بە یاسای نەوت و گازی فیدراڵییەوە، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە یاساییانە پربکەنەوە کە زۆر لایەنەکان لە کاتی دانوستانەکان گەمەی سیاسیی تێدا دەکەن، هەروەك چۆن بینیمان لە پرۆژەی یاسای بودجەدا ئەو بۆشاییانەیان بەو گەمە سیاسییانە پرکردەوە، کە ئاستەنگی گەورەی بۆ پشکی هەرێمی کوردستان و دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە دروست کردو هەتا ئێستا نەمانتوانیوە چارەسەری ئەو ئاستەنگانە بکەین. بۆیە دەبێت لەوە هۆشیار بین و بەداخەوە وا دەڵێم، هەرچی یاسا هەیە کە لە بەغدا دەردەچێت لە دەستێکی متمانەپێکراودا نییە.

کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێین: تاوەکو زەمانەت و بەڵێن و کردارێکی کۆنکرێتی نەبێت، زەحمەتە یاسای نەوت و گازێکی فیدراڵی دەربچێت، کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بکات. جێگای داخە زۆربەی ئەم یاسایانە لە دەستێکی باوەڕپێکراودا نین، تا ئەو کاتەی ئەم متمانە و باوەڕپێکردنە نەگەڕێتەوە، زەحمەتە بتوانرێت یاسایەکی نەوت و گاز لەناو پەرلەمان دەربچێت.

کوردستانیشەوە، کاتێکیش ئەم یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە دەرنەچوو، بۆشاییەکی یاسایی دروست بوو. بۆیە پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێمی لە ساڵی ٢٠٠٧ پەسەند کرد، بۆ ئەوەی کاروباری سێکتەری نەوت و گازی لە هەرێمدا پێ ڕێك بخات و بەڕێوەی بەرێت. بۆیە ئەگەر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربکرێت، کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەندیش ئاستەنگی گەورەیان لەبەردەم لادەچێت و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ڕێکخستەوەی نەوت و گاز لەسەر ئاستی فیدراڵی بۆ هەموو عێراق دروست دەبێت.

دووەم: دەرچووونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، زەمینەیەکی لەبار بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانیی نەوت و گاز دەڕەخسێنێت، ئەگەر یاسای نەوت و گاز بەپێی ماددەکانی دەستووری عێراق تێپەڕێت، ئەوا بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵی زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە نوێنەری هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی بڵند دادەنرێت، کاری ئەم ئەنجومەنەش هەموو ستراتیژیەت و پلانی نەوت و گاز دادەڕێژێت و هەموو کاری کۆمپانیا و پلان و بەرنامەکان دادەڕێژێت و ڕێکیان دەخات بە ئاراستەی بەرژەوەندیی نیشتمانی و لە ناویشیدا بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت، ئەمەش هەمووی لەناو چوارچێوەی کار و بەرپرسیارێتیدا دەبێت و هەمووان کاری خۆیان دەزانن.

سێیەم: دەرکردنی یاسای نەوت و گاز واتە گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەسەر ماددە دەستوورییەکانی (١١١ و ١١٢)ی دەستووری عێراق کە لە ماددەی ١١١ی دەستووری عێراقدا ئاماژەی بەوە کردووە، نەوت و گاز موڵکی هەموو خەڵکی عێراقە، لە ماددەی ١١٢ی دەستووری عێراقیشدا ئاماژە بەوە کراوە، ئەو کێڵگە نەوتی و گازییانە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ دەگەنە ئاستی بەرهەمهێنان بە هاوبەشیی حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان بەڕێوە دەبرێن. بەمەش قۆناغێکی نوێ لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز لە تەواوی عێراق دەست پێدەکات.

چوارەم: یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بۆ ئەوەی لایە هەموو عێراقییەکان و کوردستانییەکان جێگەی قبووڵکردن بێت، دەبێت بە هاوبەشی ئەم یاسایە دەربچێت و ڕەچاوی هەموو بەرژەوەندییەکانی تێدا کرابێت. ئەم کۆدەنگییە لە دەرچوواندنی یاساکە و تێپەڕاندنی لەناو هۆڵی پەرلەمان کۆتایی بە هەموو ناکۆکی و تەفسیراتە جیاوازەکان دەهێنێت و یاساکە بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو عێراق و بە شێوەیەکی تایبەتیش بۆ هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەردەگیرێت.

پێنجەم: هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ لە ڕێگەی پەرلەمانەوە یاسای نەوت و گازی هەرێمی پەسەند کرد و وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گاز کرا. لە ساڵی ٢٠١٤ دوای ئەوەی بەغدا پشکی کوردستانی لە بودجەی عێراق بڕی، هەرێم بە ناچاری دەستی بە هەناردەکردنی نەوتی خۆی کرد بۆ دەرەوەی هەرێم، لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، لەگەڵ ئەوەی گەلێك جیاوازی و ناکۆکی لەگەڵ عێراقی لێ کەوتەوە و دەرئەنجامی خراپی لێ دروست بوو، بەڵام بە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کۆتایی بەو هەموو ناکۆکییە دێت .

شەشەم: لە ئێستادا بە هۆی بڕیارەکەی دادگای پاریس هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕی جیهانی ڕاگیراوە. ئەم پرسە لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی هەیە و هەوڵەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربچێت، جارێکی دیکە تووشی کێشەی لەو جۆرە نابینەوە.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە بە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و گەڕانەوە و کارکردنی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە شێوەیەکی زۆر فراوانتر، ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە بەدەستهێنانی هەلی کار بۆ گەنجەکانمان، ئەمە وێڕای بەگەڕخستنەوەی کاری کۆمپانیا لاوەکی و خزمەتگوزارییەکانی کەرتی نەوت و گاز کە لەگەڵ ئەو گەورە کۆمپانییانە کار دەکەن و ژمارەیەکی زۆری دەستی کاری ناوخۆیی تێدا فەراهەم کراوە.





**سەعد ئەلموتەڵیبی**

ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا:

# دەستووری عێراق یەکێکە لە دەستوورە باشەکان و دەبێت هەمووومان ڕێزی لێ بگرین

سەعد ئەلموتەڵیبی ئەندامی فراکسیۆن و یەکێکە لە سەرکردەکانی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا، کە بەشێکی سەرەکین لە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی و، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە ناو حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا هەیە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵوێست) لە دید و تێڕوانینی لایەنەکانی ناو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەتەوە (چوارچێوەی هەماهنگیی شیعە) خوێندنەوەی بۆ کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی کرد، کە ئێستا لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بەڕێوە دەچێت و بەم جۆرە دید وتێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

سوپاس بۆ بانگهێشتکردنمان بۆ ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوە. سڵاوم هەیە بۆ بەڕێزانی ئامادەبووی ئەم گفتوگۆیە. ئەگەر پابەندبوونەکانم لە بەغدا ڕێگر نەبوونایە، حەزم دەکرد بێمە هەولێر و ڕاستەوخۆ لەگەڵتان بەشدار بم، بەڵام هەر بینینی ئەم دیمەنە کە کۆمەڵێك کەسایەتی و ئەکادیمی و سیاسیی دەستەبژێر لەم هۆڵەدا کۆبوونەتەوە و گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیارە دەکەن، ئەمە مانای ئەوەیە پرسێك هەموومانی کۆ کردووەتەوە، کە ئەویش ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵا و بونیادنانەوەی عێراقە.

سەبارەت بە پرسی نەوت و گاز، زۆر بە ڕوونی لە ماددەی ١١١ی دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە کە «نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلانی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان»، بە شێوەیەکی دیاریکراو ئاماژەی بە هەرێمێك، یان پارێزگایەك نەکردووە، بەڵکو هەموو ڕۆڵەکانی عێراق دەگرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستووری عێراق هیچ هاووڵاتییەکی لەوی دیکە جیا نەکردووەتەوە و هەژموونی هیچ هاووڵاتییەکیشی بەسەر ئەوی دیکەدا فەرز نەکردووە.

لەگەڵ ئەوەی هەندێك ئیشکالییەت لەسەر دەستوورەکە هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەستووری عێراق یەکێکە لە دەستوورە باشەکان و دەبێت هەموومان ڕێزی لێ بگرین.

لێرەدا کاتێك باسی ماددەی ١١٢ی دەستوور دەکەین، کە بە دەق دەڵێت: «حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات، بە مەرجێك داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەری و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون، ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێ کەوت، بە جۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت». بێگومان ئیشکالییەت لەسەر تەفسیری ئەم ماددەیە لەسەر پێناسەی «بیرەکانی ئێستا و بیرە کۆنەکانی نەوتە»، ماددەکە ڕوون و ئاشکرایە بیرە کۆنەکانی پێش ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بەڕێوە دەبرێن، بەڵام ئەوانەی دوای ساڵی ٢٠٠٥ بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت بەڕێوە دەبرێن.

ئەو کێشانەی لەمپەرن لە بەردەم یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا، بریتین لە تەفسیری جیاوازی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بۆ ماددە دەستوورییەکان، یاسای نەوت وگازی فیدراڵی دەبێت بە جۆرێك بێت، بتوانرێت پەیوەندیی نێوان هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ڕێك بخاتەوە، ئێمە یاسایەك دەرناکەین بۆ هەرێم و یەکێکی دیکە بۆ پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت، واتە دەبێت یەك یاسا بێت و هەموو پرسەکانی دیکە ڕێك بخاتەوە.

باسی هاوبەشی و یەکسانی دەکرێت لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان، لەگەڵ ئەم پرسەدا دەبێت باس لە بەرپرسیارێتیی هەموان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتیش بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی ناکرێت بەرژەوەندیی حکومەتی فیدراڵی بخرێتە سەرووی حکومەتی لۆکاڵیی هەرێم و پارێزگاکان، هەروەها ناکرێت بەرژەوەندیی حکومەتە لۆکاڵەکانیش بخرێتە سەرووی بەرژەوەندیی حکومەتی فیدراڵی، دەبێت بەرژەوەندییەکان وەك تۆڕێك پێکەوە گرێدراو بن و یەکتری تەواو بکەن بۆ ئەوەی هەموو عێراقییەکان لێی سوودمەند بن.

سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان وەك بەڕێوەبەری ئەم گفتوگۆیە ئاماژەی پێ کرد، هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی پشت بە یاسایەك ببەستێت، نەوتی هەنارده کردووە، هەناردەکردنی نەوتیش بەبێ یاسا پێشێلکردنی دەستوورە، بەڵام کاروباری سیاسی لە هەندێك حاڵەتدا پێویستی بەوەیە هاوکاری یەکتری بکەین بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك گفتوگۆ لەسەر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەکەین، دەبێت دوو خاڵی گرنگ بە هەند وەربگرین و بیانپارێزین:

یەکەم: بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق.

**دەستووری عێراق هیچ هاووڵاتییەکی لەوی دیکە جیا نەکردووەتەوە و هەژموونی هیچ هاووڵاتییەکیشی بەسەر ئەوی دیکەدا فەرز نەکردووە**

**یاسای نەوت وگازی فیدراڵی دەبێت بە جۆرێك بێت، بتوانرێت پەیوەندیی نێوان هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ڕێك بخاتەوە**

**هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی پشت بە یاسایەک ببەستێت، نەوتی هەناردە کردووە، هەناردەکردنی نەوتیش بەبێ یاسا پێشێلکردنی دەستوورە**

**گەورەترین سەرچاوەی نەوتی عێراق لە پارێزگای بەسرایە، بەڵام وەک دەبینین لەو پارێزگایە هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەکی نییە، هاوکات بە هۆی دەرهێنانی نەوتەوە لە ژینگەیەکی خراپیشدا دەژین**

دووەم: بەرژەوەندی لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان.

گەورەترین سەرچاوەی نەوتی عێراق لە پارێزگای بەسرایە، بەڵام وەك دەبینین لەو پارێزگایە هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەکی نییە، هاوکات بە هۆی دەرهێنانی نەوتەوە لە ژینگەیەکی خراپیشدا دەژین. ئەو ژینگە خراپە بووەتە هۆکاری چەندین کێشەی کولتووری، کۆمەڵایەتی، نەخۆشی و...هتد. هەر بۆیە کاتێك یاسادانەران دەیانەوێت یاسایەك دابرێژن، دەبێت هەموو لایەنەکانی ژیانی هاووڵاتیان لەبەر چاو بگرن و جیاوازیی هاووڵاتیانی ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی دیکە نەکەن.

بەڕێزان ئێمە لە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دەژین، کێشەکانی دەوڵەتی فیدراڵی هەمەجۆرن و پێویستیان بەوەیە گفتوگۆی لەسەر بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. ئەگەر ئاماژە بە سیستمی فیدراڵیی ئەمریکا بکەین، کە وەك سیستمێکی سەرکەوتوو ئاماژەی پێدەکەن، بۆ ئەم سەرکەوتنە ئەمریکییەکان (٢٧) جار ئەو دەستوورەیان هەموار کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆیان چارەسەر بکەن، بەڵام لە دەستووری عێراقدا دەرگای هەموارکردن قفڵ کراوە و کەس ناتوانێت باس لە هەموارکردنەوەی بکات. بۆیە ئەو یاسایەی گفتوگۆی لەسەر دەکەین، دەبێت لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە دەربچێت کە ناتوانین هەمواری بکەینەوە، بەڵام دیسان دەبێت ئەو یاسایەی کە دەردەچێت، جیاوازی لە نێوان لایەنێك و لایەنێکی دیکەدا نەکات، بەڵکو چوارچێوەیەك بێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان تێیدا مافەکانیان یەکسان بێت، یەکسان بن لە ئیرادەکانیان، بۆیە بەتایبەتی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەبێت لە چوارچێوەی سەفقەیەکدا بێت، بۆ نموونە دەسەڵاتەکان، پابەندبوونی هەرێم و پارێزگاکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بە پیادەکردنی دەستووری، ئەمەش بەو مانایە ئەوەی ماددەی ١١٠ی دەستوور دەڵێت ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە، وەك: «ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و یەکلاکردنەوە و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتە ئابووری و بازرگانییە دەرەکییە سەروەرییەکان»، هەموو ئەمانە دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی سنوورداری حکومەتی فیدراڵیدا بێت، بەڵام ئەوەی لە ماددە دەستوورییەکەدا ئاماژەی پێکراوە لە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵین.

هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کە ئێستا نوێنەرایەتیی هەموو ڕۆڵەکانی عێراق دەکات، بڕوای بەوەیە کە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە و هەوڵەکان یەك بخەن بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە کە ئێستا لە کۆمەڵگەی عێراقدا هەیە، ئەوجا کێشەکان ئابوورین یان سیاسی، دەبێت چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام ئەم چارەسەرانە پێویستیان بەوەیە ڕاشکاوانە گفتوگۆ لەگەڵ یەك بکەین. بۆ نموونە ئێمە وەك حکومەتی فیدراڵی کۆمەڵێك ڕەخنەمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، دەبێت هەرێمی کوردستان ئامادەباشیی ئەوەی هەبێت گوێ لە ڕەخنەکان بگرێت و پێکەوە هەوڵ بدەین ڕاستیان بکەینەوە. لێرەوە ئەگەر سەیری دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵی بکەین، کە لە ماددەی ١١٠ی دەستوور هاتووە، دەبینین هەرێمی کوردستان سنووری دەسەڵاتە حەسرییەکانی بەزاندووە، هەر بۆ نموونە لە ماددەکەدا هاتووە «دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی»، کەواتە سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی و جێبەجێکردنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵیدایە، دەبینین هەرێم ئەمەی تێپەڕاندووە و چەندین ڕێککەوتنی لەسەر چەك و پرسی ئەمنی لەگەڵ ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکە کردووە، بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی فیدراڵی، چەندین ڕێککەوتنی بازرگانی و دیپلۆماتیی گرێ داوە، کە ئەمەشیان هەر تێپەڕاندنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە.

ئەم ڕاشکاوییەم بۆ ئەوەیە دەست بخەینە سەر برینەکان و هەوڵەکان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەین و کەموکورتییەکان

**کاتێک یاسادانەران دەیانەوێت یاسایەک دابرێژن، دەبێت هەموو لایەنەکانی ژیانی هاووڵاتیان لەبەر چاو بگرن و جیاوازیی هاووڵاتیانی ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی دیکە نەکەن**

**ئەمریکییەکان (٢٧) جار ئەو دەستوورەیان هەموار کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆیان چارەسەر بکەن، بەڵام لە دەستووری عێراقدا دەرگای هەموارکردن قفڵ کراوە و کەس ناتوانێت باس لە هەموارکردنەوەی بکات**

**چارەسەر کاتێک دەست دەکەوێت کە بە دیدێکی گشتگیرانە سەیری هەموو کێشەکان بکەین و بە پیادەکردنی دەستوور و لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە**

**بەڕێز محەممەد شیاع سوودانی تمووحی ئەوەی هەیە کە چارەسەر بۆ کۆی کێشەکان بدۆزێتەوە، بەڵام بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجومەنی نوێنەران ئەم چارەسەرانە هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵناگرن**

ڕاست بکەینەوە. چارەسەر کاتێك دەست دەکەوێت کە بە دیدێکی گشتگیرانە سەیری هەموو کێشەکان بکەین و بە پیادەکردنی دەستوور و لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە دەبێت هەنگاوەکانمان بۆ چارەسەرکردنی ئیشکالییەتی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی گشتگیرانە بێت، ئەمەش واتا دەستوور چی بەسەر هەمووماندا فەرز دەکات و داوامان لێ دەکات، وا جێبەجێ بکرێت.

لە ئێستادا ڕێککەوتنی سیاسی لە چوارچێوەی ئیدارەی دەوڵەت لەسەر کێشەکان پرۆگرامە پرانسیپی گشتین و ڕێککەوتن لەسەر پرانسیپە گشتییەکان کراون، بەڵام کاتێك دەچینە ناو وردەکاریی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییانە، دەچینە ناو قووڵایی و وردەکاریی یاساکان و کێشەکان لەوێدا سەر هەڵدەدەن، گفتوگۆ لەسەر ماددەکانی ئەو یاسایە لە پەرلەمان دەکرێت، پێویستی بە دەنگدانی پەرلەمانتاران هەیە، بۆیە بەدەستهێنانی متمانەی پەرلەمان لەسەر ئەو وەرقە سیاسییەی ئیمزامان لەسەر کردووە زۆر گرنگە، بەڵام دوای ئەوە قۆناغی دووەم دەست پێدەکات کە ڕێککەوتنی سیاسییە لەسەر یاسایەکی دیاریکراو لەسەر دەق و ماددەکانی



هەیە، هەروەها لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن هەیە، بەڵام هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەستوور، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێککەوتننانە (سیاسی و حکوومی) سەرەنجام پێویستیان بەوەیە لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند بکرێن، بۆیە ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دەستووردا نەبێت، لە پەرلەماندا فراکسیۆنەکان دەنگی لەسەر نادەن.

لە ئێستادا هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت پشتگیریی حکومەت دەکات، بە تەئکید سەرۆك وەزیرانیش بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی تمووحی ئەوەی هەیە کە چارەسەر بۆ کۆی کێشەکان بدۆزێتەوە، بەڵام بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجومەنی نوێنەران ئەم چارەسەرانە هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵناگرن. ڕاستە پەرلەمانی عێراق ئەو وەرەقە سیاسییەی پێی دەڵێن پرۆگرامی وەزاری پەسەندی کردووە، بەڵام ئەو یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بەداخەوە هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، لە قسەکانمدا هەندێك ڕەخنەی توندم لە هەرێمی کوردستان گرت، کە ئەمە ڕوانگەی ئێمەیە و ئێمە وا دەبینین وا تەفسیری دەکەین. هیوادارم ئەم ڕەخنانەم بەو جۆرە وەرنەگرن کە دەمەوێت هەرێمی کوردستان تۆمەتبار بکەم، بەڵکو ئێستا کەشوهەوایەکی ئەرێنی لە نێوان هەردوولا هاتووەتە ئاراوە، زۆر بە جددی گفتوگۆ دەکەین بۆ ئەوەی هەوڵەکان یەك بخەین کێشەکان چارەسەر بکەین، کە ئەمەش ئامانجی هەردوولا بێت، ئەوا بێجگە لە گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکدی هیچ شێوازێکی دیکە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کۆی کێشەکان نزیکمان ناکاتەوە.



# به دامەزراندنی کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت و دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان و کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری نەوت، هەیکەلەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بەهێز دەبێت


**نەهرۆ ڕواندزی**

جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:


**نەهرۆ مەحموود قادر، ناسراو بە «نەهرۆ ڕواندزی» ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گازە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن)، تیشکی خستە سەر ئەو کێشە و ئاستەنگانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم دەرچوونی یاسای نەوت و گاز و بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

سەرەتا سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە لەسەر ئەم پرسە گرنگە (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) ژمارەیەك لە شارەزا و پسپۆڕی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق پێکەوە کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەستیار و گرنگە بکەین.

سەبارەت بە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کە هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە هەتا ئێستا کێشمەکێشی لەسەرە و هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی هاوبەش.

هەتا ئێستا دوو ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نێردراوە، یەکەمیان لە ٢٠٠٧ و ڕەشنووسی دووەمیش لە ٢٠١١، ئەم دوو ڕەشنووسە لەبەر ئەوەی لە پەرلەمان دەستکاریی کۆمەڵێك برگە و ماددەی کران کە پەیوەستن بە ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بۆیە نەتوانرا تێپەڕێنرێت و دەنگی لەسەر بدرێت، لە ئێستاشدا ڕەشنووشی ساڵی ٢٠٢٣ هەیە، کە بۆ ئەم ڕەشنووسە لەسەر ئەم

بنەمایە بە فەرمانی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لیژنەیەك دامەزراوە بە سەرۆكایەتیی خۆی و ئەندامیەتی د.محەمەد ئەلتەمیمی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری پلاندانان (وەك نوێنەری عەرەبی سوننە)، هەروەها د.فوئاد حوسێن جیگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە (وەك نوێنەری كورد). كاری ئەم لیژنەیە ئەوەیە كە هەوڵەكانیان یەك بخەن بۆ ئەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئامادە بكەن. لەبەر ئەوەی دەركردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی یەكێكە لە خاڵەكانی ئەو ڕێككەوتنە سیاسییەی كە لایەنە سیاسییەكانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ پێكهێنانی حكومەتەكەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەری ڕێككەوتن، ئەمەش بەو ئامانجەی ڕەشنووسی ئەو یاسایە تەواو بكرێت و بنێردرێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی لەم خولەی پەرلەماندا پەسەند بكرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم ڕەشنووسە نەگەیشتووەتە تەلاری پەرلەمانی عێراق.

هەرێمی كوردستان ڕەشنووسی یاسایەكی داوەتە ئەم لیژنەیە، چاوەڕیی ئەوە دەكەین، پێكهاتەی عەرەبی سوننە ڕەشنووشی خۆیان بنێرن بۆ ئەم لیژنەیە، بە هەمان شێوە پێكهاتەی عەرەبی شیعە ڕەشنووسی خۆیان بنێرن بۆ ئەوەی ئەم لیژنەیە كە بە سەرۆكایەتیی سەرۆك وەزیران و دوو جێگرەكەیەتی، لەو سێ ڕەشنووسە دوایین ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئامادە بكەن و بینێرن بۆ پەرلەمان، بەڵام هەتا ئێستا بە شێوەیەكی فەرمی ئەم پرۆژە یاسایە نەگەیشتووەتە ناو پەرلەمان و بەردەستی ئێمە وەك لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بە مەزندەی من وەك كەسێك كە جێگری سەرۆكی لیژنەی نەوت وگازی پەرلەمانی عێراقم، لەو بڕوایەدام مەحاڵە لەم خولەدا بتوانین یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تێپەڕێنین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كۆمەڵێك ئاستەنگ هەن، كە وادەكات ئەم پرۆژە یاسایە بكەوێتە خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق و، وای دەبینم هەتا تێڕوانینی پێكهاتە سەرەكییەكان بۆ دەركردنی ئەم یاسایە بە مجۆرەی ئێستا لێك جیاواز و دوور بێت، ئەوا لە خولی داهاتووشدا نیمچە مەحاڵ دەبێت بتوانرێت ئەم یاسایە تێپەڕێنرێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەگەر لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە بگەینە لێكتێگەیشتنی هاوبەش كە ئەمەیان لە ئێستادا ئاسان نییە، ئەوا یاسایەك دەردەكەین كە ببێتە هۆكارێك بۆ یەكخستنی تەواوی گەلی عێراق، بەڵام ئەگەر بەم بارودۆخەی ئێستاوە كە تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان پێكهاتە سەرەكییەكان بوونی نییە، یاساكە بخرێتە دەنگدانەوە و تێپەڕێنرێت، ئەوا ئەو یاسایە دەبێتە هۆكاری لێك دوورخستنەوەی پێكهاتەكانی گەلی عێراق و دەتوانم بڵێم نازانرێت ئاكامەكەی بە كوێ دەگات.

بۆیە ئەم یاسایە (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) زۆر گرنگە، بەڵام تێپەڕاندنی وەك یاسا هەتا دوایین ساتی سەخت و ئاڵۆزە. چونكە كۆمەڵێك ئاستەنگ بەربەستن لە بەردەم تێپەڕاندنی ئەم یاسایە، بۆیە زۆر گرنگە و دەبێت ئەو ئاستەنگانە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، پێش ئەوەی دەست بكرێت بە ئامادەكردنی دوایین ڕەشنووس بۆ ئەم یاسایە.

هەرێمی كوردستان بە بەردەوامی شاندی خۆی بۆ دانوستاندن دەنێرێت بۆ لای حكومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی لانیكەم چارەسەری مامناوەندی بۆ كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی بدۆزرێتەوە، لە ناویاندا كێشەی نەوت و گاز.

لەسەر پرسی تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی كۆنتراكتە نەوتییەكانی هەرێم لەگەڵ كۆمپانیا نێودەوڵەتییەكانی نەوت، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، شاندی هەرێمی كوردستان لەسەر پرسی نەوت لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی نەگەیشتوونەتە ڕێككەوتنێكی هاوبەش و ئەوەی هەیە، هەر گفتوگۆ كردن و دانوستاندنە لەسەر پێشنیار و دید و بۆچوونەكان، بۆ ئەوەی بتوانن هەموو دۆسیەكان گفتوگۆی لەسەر بكەن و جۆرێك لە تێگەیشتنی هاوبەش دروست بكەن و دۆسیەكانی تایبەت بە پرسی نەوت و گازی فیدراڵی ئامادە بكەن.

لەناو ئامادەبووانی ئەم گفتوگۆ گرنگەدا كەسانی پسپۆڕ لە بواری سێكتەری نەوت و گاز دانیشتوون كە لە حكومەتی هەرێمی

**مەحاڵە لەم خولەدا بتوانین یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تێپەڕێنین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كۆمەڵێك ئاستەنگ هەن، كە وادەكات ئەم پرۆژە یاسایە بكەوێتە خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق**

**ئەگەر لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە بگەینە لێكتێگەیشتنی هاوبەش كە ئەمەیان لە ئێستادا ئاسان نییە، ئەوا یاسایەك دەردەكەین كە ببێتە هۆكارێك بۆ یەكخستنی تەواوی گەلی عێراق**

**هەرێمی كوردستان بە بەردەوامی شاندی خۆی بۆ دانوستاندن دەنێرێت بۆ لای حكومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی لانیكەم چارەسەری مامناوەندی بۆ كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی بدۆزرێتەوە**

**شاندی هەرێمی كوردستان لەسەر پرسی نەوت لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی نەگەیشتوونەتە ڕێككەوتنێكی هاوبەش و ئەوەی هەیە، هەر گفتوگۆ كردن و دانوستاندنە لەسەر پێشنیار و دید و بۆچوونەكان**

**حکومەتی عێراق بۆ دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆیی ڕۆژانە پێویستی بە ٨٠٠ هەزار تا یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەیە**

کوردستان کاری لەسەر دەکەن. بۆیە ئەمە بە دەرفەت وەردەگرم و دەمەوێت پێشنیاری ئەوە بکەم، کە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لە سێکتەری نەوت و گاز هەندێك ئیشکالیەتی لۆجستیمان هەیە و دەبێت چارەسەری بکەین، بەتایبەتی ئیشکالیاتمان لە هەیکەلەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێم هەیە، بۆیە دەبێت چەند هەنگاوێك هەڵبگرین بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالیەتانە چارەسەر بکەین، کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم تێپەڕاندنی نەوت و گازی فیدراڵیدا کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم:

- پێویستمان بە دامەزراندنی کۆمپانیای دەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان هەیە، پێویستمان بە کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان و کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری نەوت هەیە. بە دامەزراندنی ئەم کۆمپانییانە هەیکەلەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بەهێز دەبێت.

دوای ئەوەی بە بڕیاری دادگای بازرگانیی پاریس لە **٢٥**ی ئاداری **٢٠٢٣** هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیرا، حکومەتی فیدراڵی لە نەوتی پارێزگاکانی باشوور قەرەبووی نەوتە ڕاگیراوەکەی هەرێمی کوردستانی کردەوە، هەر بۆیە ئەگەر دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێبکاتەوە، ئەوا ئەو ڕێژەیەی ئێستا لە پارێزگا بەرهەمهێنەکانی باشووری عێراق وەردەگیرێت، دەگەڕێتەوە بۆیان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو سەقفەی ڕێکخراوی ئۆپێك بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستانی داناوە، وەك «یەك دەوڵەت» جێگرە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، پێداویستیی ناوخۆییە بۆ بەرهەمە نەوتییەکان وەك «بەنزین، گازوایل، سووتەمەنیی کارگەکان و نەوتی سپی». حکومەتی عێراق



بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستییە ناوخۆییانە ڕۆژانە پێویستی بە ٨٠٠ هەزار تا یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەیە. هەر بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم پرسە حیسابێکی ورد بکەین، کە وەك لە ماددەی ١١٢ی دەستووردا هاتووە و دەڵێت «نەوت و گاز موڵکی سەرجەم گەلی عێراقە»، ئەوا هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەم بڕە نەوتە مافی خۆیان دەبێت و ئەو بڕەی تەرخان دەکرێت بۆ پێداویستیی ناوخۆی عێراق، بەپێی ژمارەی دانیشتووان دابەش دەکرێتەوە بە سەریاندا. لە ئێستادا توانای حکومەتی عێراق بۆ بەرهەمهێنانی نەوت نزیکەی ٤,٢ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، ئەگەر ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستانیشی بخەینە سەر، دەکاتە ئەو بڕەی کە حکومەتی عێراق بتوانێت ٧٠٠ هەزار بەرمیل بۆ پێداویستیی ناوخۆی بەرهەمە نەوتییەکان بەکار بهێنێت و هەرێمی کوردستانیش ڕۆژانە ١١٢ هەزار بەرمیل نەوت بەکار بهێنێت.

لە دوماهیدا جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە، دامەزراندنی ئەو کۆمپانییانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن بۆ هەیکەلەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و ئەکتیڤکردنی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز زۆر گرنگە، پێش هەموو شت ئەم کۆمپانییانە دەبنە هۆکاری دۆزینەوەی هەزاران هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و لەلایەن کۆمپانیاکانەوە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت و نابن بەبار بە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێستا لە کۆمپانیا نەوتییەکانی عێراقدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی عێراقی کار دەکەن و لەلایەن ئەو کۆمپانییانەوە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت. واتە جیا لەوەی بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەلی کار، لە هەمان کاتدا ئەرکێکی زۆریشیان لە کۆڵ حکومەتی عێراق کردووەتەوە.

**ئێستا لە کۆمپانیا نەوتییەکانی عێراقدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی عێراقی کار دەکەن و لەلایەن ئەو کۆمپانییانەوە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت**





د.فازڵ نەبی

بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق:

# هەرگیز نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە ناکرێت تا یاسای بودجە ڕاست نەکرێتەوە

د.فازڵ نەبی بریکاریی پێشووی وەزارەتی دارایی عێراقە و ئەکادیمیست و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری ئابووری و دارایی و جیا لەوەی ئەزموونی پراکتکیی ماوەی ١٠ساڵی لە حکومەتی عێراقدا لەسەر کۆی سیاسەتی ئابووری و دارایی عێراق هەیە، لە بواری کاری ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستیشدا خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە و بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆڕبەندی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) بە دید و تێڕوانینێکی زانستی و پراکتیکییەوە باسی لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەم یاسایە کرد.

لەگەڵ ئەوەی من لە بواری سێکتەری نەوت و گازدا تایبەتمەند نیم، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەی ١٠ ساڵ بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بووم، ئەوا ئاگاداری هەموو ئەم کێشمەکێشانەم کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا لەسەر سێکتەری نەوت و گاز هەبوون.

لەسەر ئەم پرسە لەو خاڵەوە دەست پێناکەم کە بڵێم کێشەکان چین و چۆنن، بەڵکو ڕاشکاوانە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی ئەم پرسە قسە دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی کرۆکی کێشەکە بکەین.

بە مەزندەی من کێشە و ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم دەرنەچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەمانتوانیوە تەفسیرێکی واقیعییانە بۆ ئەو ماددە دەستوورییانە بکەین، کە دەبنە بنەما بۆ نووسینەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و، هەردوولا حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بەو شێوەیە ئەو ماددە دەستوورییانە تەفسیر دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە.

**حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بەو شێوەیە ئەو مادده دەستوورییانە تەفسیر دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە**

هەر بۆیە ئەگەر ئەو ئیرادەیە هەبوایە هەردوولا (هەرێم و عێراق) پێکەوە دابنیشتنایە و لەسەر ئەوە ڕێك بکەوتنایە کە خۆیان تەفسیرێکی واقیعی بۆ ماددەکانی (١١٠، ١١١، ١١٢) دەستوور بکەن، کە تایبەتن بە یاسای نەوت و گاز، با ڕێك بکەون و بیدەنە دادگایەکی وەك (دادگای بازرگانیی پاریس) با ئەو دادگایە چۆن تەفسیری کرد، هەردوولا پێی ڕازی بن و، ئێمە خۆمان وەك عێراقی تەفسیری نەکەین.

ئەگەر سەیری تەفسیرەکەی دادگای بازرگانیی پاریس بکەین، دەبینین کێشەی سێکتەری نەوت لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق پەیوەستە بە پێنج خاڵەوە کە بریتین لە (گرێبەستەکان، دۆزینەوە، دەرهێنان، هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنان، بەبازاڕکردن) لەم پێنج خاڵە تەنیا یەك خاڵیان بۆ بەرژەوەندیی حکومەتی فیدراڵی بووە، کە مافی داوە بە کۆمپانیای سۆمۆ نەوتەکە بفرۆشێت، چوار خاڵەکەی دیکە بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان یەکلایی بووەتەوە، هەرێمی کوردستانیش بە حوکمی ئەو دادگایە ڕازی بووە و لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەسەری ڕێك بکەون. کەواتە دادگای بازرگانیی پاریس بە شێوەیەکی بێلایەنانە ئەو داوایەی یەکلایی کردووەتەوە کە عێراق ئاراستەی کردووە، با لەم مادده دەستوورییانەش کە پەیوەندییان بە یاسای نەوت و گازەوە هەیە، بیخەینە بەردەمی ئەم دادگایە، چۆن تەفسیری کرد، هەردوولامان پێی ڕازی بین.

**دادگای بازرگانیی پاریس بە شێوەیەکی بێلایەنانە ئەو داوایەی یەکلایی کردووەتەوە کە عێراق ئاراستەی کردووە، با لەم مادده دەستوورییانەش کە پەیوەندییان بە یاسای نەوت و گازەوە هەیە، بیخەینە بەردەمی ئەم دادگایە، چۆن تەفسیری کرد، هەردوولامان پێی ڕازی بین**

بمانەوێت، یان نەمانەوێت لە دەستووری عێراقدا هەندێك بۆشایی هەن. لەسەر ئەم پرسە لە زانکۆی ئەمریکی کوردستان لە دهۆك سیمینارێك هەبوو، لەو سیمینارەدا یەکێك لەو یاساناسانەی ئەمریکاشم لەگەڵ بوو کە بەشداریی کردووە لە داڕشتنی دەستووری عێراقدا، لە هەمان کاتدا باڵیۆزی پێشووی ئەمریکاش لە عێراق لەو سیمینارەدا بەشدار بوون، لەو سیمینارەدا پێم گوتن: «ئێوە بەشدارتان کردین لە نووسینەوەی دەستوورەکەدا کە کۆمەڵێك کەلێن و کەلەبەری تێدایە، کە تەفسیراتی جیاواز لە خۆی دەگرێت، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە و، ماددەکانی دەستوور دەبێت یەکلاکەرەوە بن و تەفسیری جیاواز لەخۆ نەگرن». هەر بۆ نموونە مادده ١١٠ی دەستوور کە دەڵێت: «ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە، یەکەم: ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و یەکلاکردنەوە و ڕەنگرێژکردنی سیاسەتە ئابووری و بازرگانییە دەرەکییە سەرەرییەکان. ئەگەر سەرنج لەم مادده دەستوورییە بدەین، باسی ڕەنگرێژی سیاسەت دەکات، ئێ باشە هەموو لایەك دەزانێت ڕەنگرێژی واتە پلاندانان، ئەمە دوو شتی جیاوازە، ڕاستە لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵییە کە ڕەنگرێژی سیاسەتی دەرەوە و بازرگانی بکات، بەڵام جێبەجێکردنی لەلایەن هەرێم و پارێزگاکانەوە دەبێت بەپێی دەستوور بێت.

**لە یاسای بودجەی فیدراڵیدا کێشەیەکی سەرەکی سەبارەت بە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان هەیە**

بە هەر حاڵ لە ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی، لایەنی کوردی ڕێککەوتین لەسەر چوار پرسی سەرەکی، کە بریتی بوون لە:

**هەر هەفتەیەک بەرپرسێک لێدوانێک دەدات و دەڵێت: دوای هەفتەیەکی دیکە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکاتەوە**

**یاسای بودجە کێشەی بۆ یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دروست نەکردووە، بەڵام بەشێک لە کێشەکەیان هێناوە بۆ ناو یاسای بودجە**

**هەتا هەموو لایەنەکان بە شێوەیەکی واقیعیانە ماددەکانی ئەو دەستوورە تەفسیر نەکەن و ئەو تەفسیرە واقیعییە قبووڵ نەکەن، بارودۆخەکە هەر بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە و یاساکە دەرناچێت.**

- دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی.
- دەرکردنـی یاسـای بودجـە بـە شـێوەیەکی واقیعـی.
- چارەسەرکردنی کێشەکانی هێزی پێشمەرگە.
- جێبەجێکردنی ماددەی ١٣٠ی دەستوور.

مـن دوای هەفتەیـەك لـە ئیمزاکردنـی ئـەم ڕێککەوتنـە لـە دیمانەیەکـی تەلەفزیۆنیـدا ڕاشـکاوانە گوتـم: هیـچ کام لەمانـە جێبەجـێ ناکرێـن. ئـەوا نزیکـەی سـێ سـاڵی بەسـەردا تێدەپەڕێت، هەتـا ئێسـتا بـەس کێشـەی مووچـەی فەرمانبـەران چارەسـەر کـراوە، ئەویـش بـە بڕیـاری دادگای فیدراڵی، ئەوانی دیکە هیچیان چارەسەر نەکراون، هەتـا ئێسـتاش کێشـە لـە یاسـای بودجەدا هەیـە، بۆیـە دەکرێـت پێـی بڵێـن خشـتەی بودجـە نـەك یاسای بودجە، بێگومـان کێشـەی دیکەشـی تێدایە کـە مـن ئومێد دەخوازم بتوانـن چارەسـەری بکـەن.

لـە یاسـای بودجـەی فیدراڵیـدا کێشـەیەکی سـەرەکی سـەبارەت بـە دووبـارە هەناردەکردنـەوەی نەوتـی کوردسـتان هەیـە. ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، هـەر لـە دوای ٢٥ی ئـاداری سـاڵی ٢٠٢٣وە کـە نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە پێـی بڕیارەکـەی دادگای بارزگانیـی پاریـس ڕاگیـراوە، هـەر هەفتەیـەك بەرپرسـێك لێدوانێـك دەدات و دەڵێـت: دوای هەفتەیەکـی دیکـە هەناردەکردنـی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان دەسـت پێدەکاتـەوە، بـەڵام مـن هـەر لـە سـەرەتاوە گوتـم: تـا یاسـای بودجـە ڕاسـت نەکرێتـەوە، هەرگیـز نەوتـی کوردسـتان هەنـاردەی دەرەوە ناکرێـت. سـەرنج بـدەن یاسـای بودجـە کێشـەی بـۆ یاسـای نـەوت و گازی فیدراڵـی دروسـت نەکـردووە، بـەڵام بەشـێك لـە کێشـەکەیان هێنـاوە بـۆ نـاو یاسـای بودجـە، لـە مـاددەی ١٢ بڕگـەی دووەم خاڵی ج لە یاسای بودجەدا دەڵێت: «وەزارەتـی دارایـی فیدراڵـی قەرەبـووی تێچـووی بەرهەمهێنـان و گواستنەوەی ئەو نەوتـەی هەرێمی کوردستان دەکاتـەوە کـە تەسلیمی وەزارەتـی نەوتـی فیدراڵـی دەکات، ئەمـەش بـەو مەرجـەی ئـەو قەرەبووکردنەوەیـە یەکسـان بێـت لەگـەڵ تێکـڕای تێچـووی بەرهەمهێنـان و گواسـتنەوەی بەرمیلێـك نـەوت کـە وەزارەتـی نەوتـی فیدراڵـی دانـاوە، پاشـان ئـەم تێچـووە بـۆ هەمـوو بەرمیلەکانـی دیکـە کۆبکرێتـەوە». ئەگـەر بـە وردی سـەرنج لـەم بڕگەیـە بدەیـن، کـە خراوەتـە نـاو یاسـای بودجـەی فیدراڵـی، دەبینیـن خـودی ئـەم بڕگەیـە دەبێتـە ئاستەنگێکی گـەورە بۆ ئـەوەی هەرێمی کوردستان نەتوانێـت نەوتـی خـۆی ڕادەسـتی کۆمپانیـای سـۆمۆ بـکات، بـۆ ئـەوەی جارێکـی دیکـە دووبـارە هەنـاردەی بکاتـەوە. بۆچـی؟ لەبـەر ئـەوەی هەمـوو لایـەك دەزانێـت کـە تێچـووی بەرهەمهینانـی نـەوت لـە هەرێمـی کوردسـتان زۆر بەرزتـرە لـە تێچـووی



بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت لە بەسرە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، یەکەم: تۆپۆگرافیای کوردستان تۆپۆگرافیایەکی شاخاوییە و جیاوازە لە تۆپۆگرافیای بەسرا، هەروەها هەرێمی کوردستان لەپێناوی ئەوەی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە گەورەکانی نەوت ڕابکێشت، بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت بکەن، دەبێت ئیمتیازاتی تایبەتیان پێ بدات، هەتا بێن، ئەمەش جیاوازییەکی زۆر گەورە لەگەڵ تێچووی دەرهێنانی نەوت دروست دەکات، بەپێی ئەو نرخەی کە وەزارەتی نەوتی فیدڕاڵی دایناوە.

شاندی کوردستان کە بۆ گفتوگۆی یاسای بودجە چوونە بەغدا، من ڕاشکاوانە پێم گوتن: مەچن، لەبەر ئەوەی کێشەکە چارەسەر ناکەن و پێتان دەڵێن ئێمە هەشت دۆلارمان بۆ تێچووی بەرمیلێك نەوت داناوە، بەڵام تێچووی بەرمیلێك نەوت لە کوردستان لەوانەیە نزیکەی ٢٤ دۆلاری فەرق بێت، ئەمەش واتە کێشەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە.

بۆیە لە دوماهیدا دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، هەتا هەموو لایەنەکان بە شێوەیەکی واقیعیانە ماددەکانی ئەو دەستوورە تەفسیر نەکەن و ئەو تەفسیرە واقیعییە قبووڵ نەکەن، بارودۆخەکە هەر بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە و یاساکە دەرناچێت.

بۆ ئەمە ئێمە ئەزموونمان هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەری، بەڵام دواتر کە نێردرایە پەرلەمان، لەوێ لایەنە سیاسییەکان دەستتێوەردانیان کرد و ناوەرۆکی یاساکەیان بەتاڵ کردەوە، بەمەش تێپەڕاندنی یاساکە لە پەرلەمان پەك خرا.

ئێمە خۆمان لە بەغدا بووین، دەزانین لایەنە سیاسییەکان دەستتێوەردان تەنانەت لە کاروباری وەزارەتەکانیش دەکەن و تەحەکوم بە کاروبارەکانی حکومەتیشەوە دەکەن. ئەو کاتی کە من لە وەزارەتی دارایی فیدڕاڵی بووم، لایەنە سیاسییەکان بە ئاستێك دەستوەردانیان دەکرد، کە ئێمە وەك وەزارەت دەمانتوانی بەشێك لە کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام دەستتێوەردانی لایەنە سیاسییەکان ڕێگر بوون و ڕێگەیان نەدا، کێشەکان چارەسەر بکەین. بۆیە هەتا ئەم ئەقڵییەتە لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت و نەگەنە ئەو قەناعەتەی بێجگە لە تەفسیری واقیعی ڕێگەیەکی دیکە نییە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا نە یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی ڕووناکی دەبینێت و نە سیستمی فیدڕاڵییش لە عێراقدا دەبێت.

**لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەری، بەڵام دواتر کە نێردرایە پەرلەمان، لەوێ لایەنە سیاسییەکان دەستتێوەردانیان کرد و ناوەرۆکی یاساکەیان بەتاڵ کردەوە**

**ئێمە خۆمان لە بەغدا بووین، دەزانین لایەنە سیاسییەکان دەستتێوەردان تەنانەت لە کاروباری وەزارەتەکانیش دەکەن و تەحەکوم بە کاروبارەکانی حکومەتیشەوە دەکەن**





## د.مەناف ئەلمووسەوی

سەرۆکی سەنتەری بەغدا بۆ دیراساتی ستراتیژی:

# بە قاچاخ بردنی نەوت بووەتە سەرچاوەی داهات بۆ ئەو حزبانەی کە لە دەسەڵاتدان لە بەغدا، ئەمەش گەورەترین ئاستەنگە کە ناهێڵێت یاسای نەوت دەربچێت

دکتۆر مەناف ئەلمووسەوی سەرۆکی سەنتەری بەغدایە بۆ دیراساتی ستراتیژی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکێکە لەو توێژەر و سیاسەتمەدارە عەرەبانەی عێراق کە لەسەر کۆی ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە قسەی ڕاشکاوانەی خۆی هەیە، بەردەوامیش لە کەناڵە عەرەبییە عێراقی و نێودەوڵەتییەکان و هەرێمی کوردستان ئامادەبوونی هەیە و، شرۆڤەی پێشهات و ڕووداوەکان دەکات. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵوێست) زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە قسەی کرد و بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

لە سەرەتادا دەخوازم سوپاسی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم بۆ رێکخستنی ئەم گفتوگۆیە و کۆکردنەوەی ئەم دەستەبژێرە پسپۆڕە، بۆ ئەوەی پێکەوە گفتوگۆ لەسەر پرسێکی هەستیار بکەین، کە ئەویش «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵویست»ـە.

من دەمەوێت بەو قسە باوەی لە کاری سیاسیدا هەیە، دەست پێبکەم، واتە دەمەوێت لە (دەرەوەی سندوقەکە) و بە راشکاوی قسە بکەم. پێش هەموو شت راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کارێکی بە ئەنقەستە و ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە، هەروەها یاسای نەوت و گازی فیدراڵیش کە ئێستا نیمانە، دەبوو هەر لە دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ پەرلەمانی عێراق یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی پەسەند بکردایە، بەتایبەتی کە لە دەستووری عێراقدا لە هەر دوو ماددەی ١١١ و ١١٢ لەسەر پرسی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز چەسپێندراوە.

ئامادەبووانی ئەم گفتوگۆیە و ئەوانەشی لە راپۆرتە مەیدانییەکەدا لەسەر سکرین گوێبیستی بووین، باسی چەندین لایەنی ئەم کێشەیان کرد، کە بۆچی ئاستەنگ بۆ دەرنەکردنی ئەم یاسایە دروست دەبێت. بێگومان لەوانەیە ئەم پرسە لایەنی سیاسی و دیپلۆماتی کاریگەریی لەسەری هەبێت، بەڵام دەمەوێت لەم سەکۆ گرنگەدا زۆر راشکاوانەتر قسە بکەم و، هەوڵ بدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە و دەپرسم: بۆچی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەرناکرێت و ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم دەرچوونی ئەم یاسایەدا؟

پێش هەموو شت کاتێك دێینە سەر باسکردنی «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم پرسە بەو جۆرە قسەی لەسەر دەکرێت، وەك ئەوەیە کە ئەم یاسایە تایبەت بێت بە هەرێمی کوردستان، نەك هەموو عێراق، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئەگەر سەرنج بدەین، لە هەموو پرۆسەکانی گفتوگۆ و دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵی، گرنگترین پرس کە دەبێتە پرسی سەرەکی و دەکەوێتە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکەی نێوان هەرێم و ناوەند، پرسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، لەسەر ئەم پرسانە رێك دەکەون کە لە ماوەی چوار ساڵی ئەو حکومەتەدا ئەو دوو پرسە جێبەجێ بکرێن، بەڵام چەندین کابینەی حکومەتی فیدراڵی تێپەڕی و ئەم کێشانە هەر بە هەڵواسراوی و بێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت.

یەکێك لە بەڕێزانی ئامادەبووی ئەم گفتوگۆیە باسی لەوە کرد، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و گازی خۆی دەرکرد، بەڵام ئەم یاسایە لەسەر داوای ژمارەی (٥٩) لە ساڵی ٢٠١٢ هەروەها داوای ژمارە (١١٢) لە ساڵی ٢٠٢٠ کە ئاراستەی دادگای فیدراڵی کراون و تانە لە یاساکەی هەرێمی کوردستان دەدەن، دادگای فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارێکی دەرکرد، لە بڕیارەکەدا (یاسای نەوت و گازی هەرێم، یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان بە نادەستووری لەقەڵەم دا، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ماددەکانی ١١٠، ١١١، ١١٥، ١٢١ و ١٣٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراقە، سەرەنجامیش وەك لایەنێکی یاسایی ئەم پرسە ئەو یاسای نەوت و گازەی لە هەرێمی کوردستان دەرچووە، بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی راگیراوە و کاری پێ ناکرێت.

پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر یاسای نەوت و گازی هەرێم پێچەوانەی ماددەکانی دەستوورە، بۆچی لەبەر رۆشنایی ماددەکانی دەستوور (١١١، ١١٢) یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەرناکەن؟ کە یاسایەکی گرنگە و پەیوەندیی بە ژیان و مافی هاووڵاتیانی هەموو عێراق و رێکخستنی سێکتەرێکی زۆر ژیاری وڵاتەوە هەیە، کە ئەویش سێکتەری نەوت و گازە.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە مەزندەی من کۆمەڵێك ئاراستە لە ناو ئەم پرۆسەیەدا هەیە و دەستتێوەردان دەکەن، بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە دروست بکەن، کە یەکەمیان دەستتێوەردانی هەرێمی و دەرەکییە کە

**ئەگەر یاسای نەوت و گازی هەرێم پێچەوانەی ماددەکانی دەستوورە، بۆچی لەبەر رۆشنایی ماددەکانی دەستوور (١١١، ١١٢) یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەرناکەن؟**

**کۆمەڵێک ئاراستە لە ناو ئەم پرۆسەیەدا هەیە و دەستتێوەردان دەکەن، بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە دروست بکەن، کە یەکەمیان دەستتێوەردانی هەرێمی و دەرەکییە**

**ئەم بارودۆخە ژینگەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆی دروست کردووە، کە بە مەزندەی من لەم خولەی پەرلەمانیشدا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەرناچێت و رووناکی نابینێت**

**لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٨ یاسای ژمارە (٤١)ی بە ناوی «یاسای رێگرتن لە بەقاچاخبردنی نەوت» دەرکردووە، بەڵام ئەم یاسایەش نەیتوانی پرۆسەی بە قاچاخبردنی نەوت لە ناوخۆی عێراقدا رابگرێت**

گوشار دروست دەکەن، بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە دروست بکەن. لەبەر ئەوەی بە دەرچوونی ئەم یاسایە سەرەنجام کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش دروست دەکات، سەرەنجامیش وەك سەرنج دەدەین، دەبینین بڕوبیانووی نالۆژیکی بۆ دەرنەچوونی ئەم یاسایە دەخەنە ڕوو، وەك ئەو تۆمەتانەی کە هەرێم و ناوەند ئاراستەی یەکتری دەکەن، بۆیە ئەم بارودۆخە ژینگەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆی دروست کردووە، کە بە مەزندەی من لەم خولەی پەرلەمانیشدا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەرناچێت و ڕووناکی نابینێت.

خاڵی دووەم کە زۆر گرنگ و سەرەکییە بۆ ڕێگرتن لە دەرچوونی ئەم یاسایە «پرۆسەی سیستماتیکی بەقاچاخبردنی نەوتە لە ناوخۆی عێراقدا»، ئەم بەقاچاخبردنەی نەوتیش لە ناوخۆی عێراقدا لەلایەن هەندێك لایەنەوە بەڕێوە دەبرێت، کە پەیوەندیدارن بە لایەنە سیاسییەکانی عێراقەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٨ یاسای ژمارە (٤١)ی بە ناوی «یاسای ڕێگرتن لە بەقاچاخبردنی نەوت» دەرکردووە، بەڵام ئەم یاسایەش نەیتوانی پرۆسەی بە قاچاخبردنی نەوت لە ناوخۆی عێراقدا ڕابگرێت، لەبەر ئەوەی بەقاچاخبردنی نەوت بووەتە سەرچاوەی داهات بۆ ئەو فراکسیۆن و حزبانەی کە خۆیان لە دەسەڵاتدان لە بەغدا، کە ئەمەش بووەتە گەورەترین ئاستەنگ کە ناهێڵێت ئەو یاسایە دەربچێت.

خاڵی سێیەم کە بووەتە ئاستەنگ لێرەدا ڕاشکاوانە دەیخەمە ڕوو، ڕەشنووسی ئەو یاسایەیە کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە پێشکەش کراوە بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نەوتی فیدراڵی، کە تانەی هەرێم لەم ڕەشنووسەی حکومەتی فیدراڵی ئەوەیە، کە هەرێم بوونی لەو ئەنجومەنە وەك پێویست نابێت، یان هەرێم نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی لەو ئەنجومەنەدا نابێت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو ڕەشنووسە پێشنیاری کردووە کە ئەنجومەنی نەوتی فیدراڵی، پێك بێت لە «سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە سەرۆکی ئەنجومەنەکە دەبێت، وەزیری نەوتی فیدراڵی، وەزیری دارایی، پارێزگاری بانکی ناوەندی، نوێنەری هەرێم و پارێزگاکانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت» کە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە دەبن، سەرەنجامیش ئەم هەیکەلیەتە بۆ ئەنجومەنی نەوتی فیدراڵی پێشنیار کراوە و، ئەگەر بەو شێوازە دابمەزرێت، زۆر بە ڕاشکاوی لەگەڵ پرەنسیپی هاوبەش یەك ناگرێتەوە کە پێویستە ئەو هاوبەشییە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوتدا هەبێت.

ئیشکالییەتی چوارەم کە بووەتە ئاستەنگ لە نێوان هەریم و ناوەند، ئەوەیە هەرێمی کوردستان داوا دەکات، ئەو یاسای نەوت و گازەی فیدراڵی کە دەردەچێت، بەو جۆرە جێبەجێ بکرێت کە ئەو کێڵگە نەوتییانەش بگرێتەوە کە پێش ساڵی ٢٠٠٥ دۆزراونەتەوە، لە بەرانبەردا ناوەند ئەم داوایەی هەرێم بەو جۆرە دادەنێت کە هەرێم خۆی لە بەرپرسیارێتی دەباتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ماددەی ١١١ی دەستووری عێراق دەڵێت: نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا، هەر بۆیە پێداگریی هەرێم لەسەر ئەوەی دەبێت یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کێڵگە نەوتییە دۆزراوەکانی پێش ساڵی ٢٠٠٥ یش بگرێتەوە، ئاستەنگێکی دیکەیە لە بەردەم دەرچوونی ئەم یاسایەدا.

ئیشکالییەتێکی دیکە پرسی «ئیمزاکردنی کۆنتراکتەکانی نەوتە لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان»، لەسەر ئەم پرسە حکومەتی فیدراڵی لە ڕەشنووسی یاساکەی خۆیدا، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، تەنیا وەزارەتی نەوت مافی ئیمزاکردنی ئەو کۆنتراکتانەی هەیە، تەنیا کۆمپانیای (سۆمۆ)ش مافی بە بازاڕکردن و فرۆشتنی نەوتی هەیە، کە لەسەر فرۆشتنی نەوت کێشە نییە و هەرێم و ناوەند گەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم کێشە و ئاستەنگانە لە بەردەم دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا هەیە، بەڵام بە قەناعەتی من ئەگەر ئیرادەیەکی ڕاستەقینە و نییەتێکی ڕاستگۆیانە هەبێت، هیچ کام لەو ئاستەنگانە نابنە ڕێگر لە ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت و

**ئەگەر ئیرادەیەکی ڕاستەقینە و نییەتێکی ڕاستگۆیانە هەبێت، هیچ کام لەو ئاستەنگانە نابنە ڕێگر لە ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت و یاسای نەوت و فیدراڵی دەربکرێت**

**بەپێی دەستوور، هەرێم مافی ئەوەی هەیە کە بەشدار بێت لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەر دوو سێکتەری نەوت و گازدا**

**هەتا ئەم ساتەی ئێستاش کە ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە دەکەین، پرۆسەی بەقاچاخبردنی نەوت لە ناوخۆی عێراقدا بەردەوامە، هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ ئەوەی پرسی دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دوا بخرێت**

یاسای نەوت و فیدراڵی دەربکرێت.

بەڕێزێکی بەشداربوو لەم گفتوگۆیەدا ئاماژەی بەوەکرد کە «ئەگەر یاساکە بەو جۆرە دەربچێت، وەك ئەوەی ڕەشنووسەکەی حکومەتی فیدراڵی پێداگری لەسەر دەکات، ئەوا ئەو یاسایە هەر دەرنەچێت باشترە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك مەرجی ئەوتۆ لەسەر هەرێمی کوردستان فەرز دەکات، کە لە تێڕوانینی هەرێمەوە لەگەڵ دەستوور یەك ناگرێتەوە». بێگومان ئەم بۆچوونەش ڕاستە لەبەر ئەوەی بەپێی دەستوور، هەرێم مافی ئەوەی هەیە کە بەشدار بێت لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەر دوو سێکتەری نەوت و گازدا.



لە دوماهیی قسەکانمدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە و دووبارە دەیڵێمەوە: ئێمە لە بەردەم کۆمەڵێك ئیشکالییەتداین، کە هەموویان بەربەستن و دژی دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵین.

ئەگەر سەرنج بدەین، هیچ کام لە ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بە دوایین ڕێککەوتنیشەوە بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە بڕگەیەك بۆ پڕۆگرامی وەزارییەکەی زیاد کراوە، کە ئەویش «دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە» لەم خولەی پەرلەمانی عێراقدا، بەڵام هەتا ئەم ساتەی ئێستاش کە ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە دەکەین، دەبینین پرۆسەی بەقاچاخبردنی نەوت لە ناوخۆی عێراقدا بەردەوامە، هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ ئەوەی پرسی دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دوا بخرێت بۆ خولەکانی دیکەی پەرلەمان و بخرێتەوە ناو گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو.

سەرەنجام ئەوەی دەمەوێت لەم گفتوگۆیە بۆ هەرێمی کوردستانی پێشنیار بکەم، ئەوەیە کە پرسی دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی پرسێکی گرنگە و دەبێت هەموومان پێداگری بکەین کە ئەم یاسایە دەربچێت، ئەم پرسە تەنیا تایبەت نییە بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو پرسێکە کۆی پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت دەگرێتەوە، بۆیە گرنگە برایانمان لە بەسرا کە یەکێکە لە پاریزگا گەورەکانی بەرهەمهێنەری نەوت، هەروەها پارێزگای عیمارە و ئێستا پارێزگای واستیش کە چەندین بیری نەوتی لێ دۆزراوەتەوە، دەبێت داوا لەو پارێزگایانەش بکرێت کە گوشارێکی جەماوەری بخەنە سەر لایەنە سیاسییەکان و حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی ئەم یاسا گرنگە (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) دەربچێت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی داهاتی ڕاستەقینەی هاووڵاتیان و نەوەکانی داهاتوو بپارێزێت. بۆیە پێویستە کار بکەین بۆ بونیادنانی ستراتیژیەتێکی ڕاستەقینە بۆ پاراستنی داهاتی ڕاستەقینە کە لە هەموو داهاتەکان گرنگتر «نەوتە»، بۆ ئەوەی داهاتی ئەم نەوتە بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر تەواوی هاووڵاتیانی عێراقدا دابەش بکرێت.



## پ.د. گۆڤەند شێروانی

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سێکتەری نەوت و گاز:

# جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە کە وڵاتێکی وەک عێراق کە بڕبڕەی پشتی داهاتەکەی نەوتە، بەڵام یاسای نەوت و گازی نییە

پ.د. گۆڤەند شێروانی، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سێکتەری نەوت و گاز و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری جیۆلۆجیای نەوتدا، ئێستا ڕاوێژکاری سێکتەری نەوت و گازە لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جیا لەوەش کە لە ڕووی ئەکادیمییەوە پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەم سێکتەرە هەستیارەدا، لە هەمان کاتدا خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە و بە دەیان توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم پرسە کردووە، بە کردەییش لەم بوارەدا کاری کردووە. بۆیە لە ئێستا تەنیا وەك پسپۆڕ و تایبەتمەندێك لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان سەیر ناکرێت، بەڵکو وەك یەکێك لە پسپۆڕ و تایبەتمەندە گەورەکان لەسەر ئاستی عێراق لە قەڵەم دەدرێت و بەردەوام لە کەناڵە عەرەبییە عێراقییە جیاوازەکانەوە پەیوەندیی پێوە دەکرێت و لەسەر پرسی نەوت و گاز لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی دیداری لەگەڵ ئەنجام دەدەرێت. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی. خوێندنەوەو هەڵوێست) بە شێوەیەکی زانستی و یاسایی زۆر ورد لەسەر ئیشکالییەتی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی قسەی کرد و، بەم جۆرە بیروبۆچوون و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە هەستیارە (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) پۆلێك تایبەتمەند و پسپۆڕی کوردستانی و عێراقیی کۆ کردووەتەوە، کە بەشێکیان بە سکایپ لە بەغدا و تاران و لەندەنەوە لەگەڵمانن، بۆیە سڵاو بۆ ئامادەبووانی گفتوگۆکە و سڵاو بۆ ئەوانەشی بە ڕێگەی سکایپ لەگەڵمان بەشدارن.

سەرەتا دەخوازم بە شێوەیەکی گشتی باسی گرنگیی نەوت بکەم. بۆچی سێکتەری نەوت بۆ عێراق ئەوەندە گرنگە؟ بێگومان لەبەر ئەوەیە داهاتی نەوت بڕبڕەی پشتی ئابووریی عێراق پێك دەهێنێت. لە یاسای بوجەدا بە ڕێژەی ٨٧٪ لە داهاتی نەوت پێك دێت، بەڵام لە ڕاستیدا سێکتەری نەوت وەك پەیوەندییەکانی لەگەڵ جومگەکانی دیکەی ئابووریی عێراق، ئەم ڕێژەیەی داهاتی نەوت زیاتر لە ٩٠٪ پێك دەهێنێت.

نەوت شمەکێکی ستراتیژییە، بەهاکەی داهاتە ماددییەکەی تێدەپەڕێنێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە سیاسەت و کاروباری ستراتیژیی دیکەی دەوڵەتەوە کە شمەکێکی دیکەی جیاوازە.

نەوت تەنیا سەرچاوەی وزە نییە، بەڵکو سەرچاوەی چەندین پیشەسازیشە کە پێی دەگوترێت پیشەسازی پترۆکیمیایی، هەروەها سەرچاوەیە بۆ دۆزینەی هەلی کاری زۆر. بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا دەریخست کە ٨٠٪ ئابووریی جیهان پشت بە نەوت دەبەستێت، هەربۆیە پەککەوتنی جووڵەی نەوت (بەرهەمهێنان، بەبازاڕکردن و فرۆشتن) کاریگەریی لەسەر ڕێژەیەکی زۆر گەورەی ئابووری بەجێ هێشت.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە وڵاتێکی وەك عێراق کە بڕبڕەی پشتی داهاتەکەی نەوتە، کەچی یاسای نەوت و گازی نییە، هەر بۆیە کەمتەرخەمی لە دەرکردنی ئەم یاسا گرنگەدا زیان بە هەموو لایەنەکان دەگەیەنێت نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، کە وەك دەرکەوێت هەرێمی کوردستان لە هەموولایەکی دیکە لە عێراقدا پەرۆشترە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە دەربچێت.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو زیانانە دەکەم کە لە نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لێمان دەکەوێت، وەك:

- نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، وامان لێ دەکات، بگەڕێینەوە بۆ دواوە و کار بە هەندێك یاسای دیکە بکەین کە هی سەردەمی ڕژێمی پێشووی پێش سیستەمی فیدراڵییە، ئەمەش لەگەڵ دەستووری عێراقدا هاودژی دەکات و پێشێلکردنی دەستوورەکەشە.
- نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە چەند جومگەیەکی وەزارەت و حکومەتدا، بڕیارەکان مۆنۆپۆڵ بکرێن، کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بەڕێوەبردنی خراپ لەم سێکتەرە گرنگەدا و، کردنەوەی دەرگای جیاواز بۆ گەندەڵی، سەرەنجامیش زیانێکی زۆر بە ژێرخانی ئابووری و دارایی وڵات دەکەوێت.
- نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، ژینگەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆ دروست دەکات، کە لەبار نەبێت بۆ وەبەرهێنان و هاتنی کۆمپانیا گەورەکان بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گازی وڵاتدا، ئەمەش لەبەر ئەوەی وەبەرهێنان پێویستی بە ژینگەیەك هەیە، کە لە ڕووی یاساییەوە سەقامگیر بێت، هەر بۆیە وەك ئێستا دەبینین چەندین کۆمپانیای گەورەی نێودەوڵەتی نەوت وەك «ئێکسۆن مۆبیل، شیل و...هتد» دەستیان بە پاشکشەی وەبەرهێنانەکانیان کردووە لە کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگاکانی باشووری عێراق.

سەبارەت بە قسەکردنیش لەسەر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، چەند شتێك هەیە لەو ماددە دەستوورییانەی پەیوەندییان بە نەوتەوە هەیە، کە بە شێوازی جیاواز تەفسیر دەکرێن، یان میکانیزمی جێبەجێکردنیان تێکەڵ دەکرێت، هەر بۆ نموونە ماددەی ١١٠ی دەستوور کە دەڵێت: ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە:

یەکەم: ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و یەکلاکردنەوە و ڕەنگرێژکردنی سیاسەتە ئابووری

**بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا دەریخست کە ٨٠٪ ئابووریی جیهان پشت بە نەوت دەبەستێت، هەربۆیە پەککەوتنی جووڵەی نەوت (بەرهەمهێنان، بەبازاڕکردن و فرۆشتن) کاریگەریی لەسەر ڕێژەیەکی زۆر گەورەی ئابووری بەجێ هێشت**

**نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، وامان لێ دەکات، بگەڕێینەوە بۆ دواوە و کار بە هەندێك یاسای دیکە بکەین کە هی سەردەمی ڕژێمی پێشووی پێش سیستەمی فیدراڵییە، ئەمەش لەگەڵ دەستووری عێراقدا هاودژی دەکات**



**چەندین کۆمپانیای گەورەی نیودەوڵەتی نەوت وەک «ئیکسۆن مۆبیل، شیل و... هتد» دەستیان بە پاشەکشەی وەربەهێنانەکانیان کردووە لە کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگاکانی باشووری عێراق**

و بازرگانییە دەرەکییە سەروەرییەکان.

لەم ماددەیەدا ئەگەر وەك خۆی تەفسیری بکەین، ماددەکە زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت: «ڕەنگڕێژکردنی سیاسەت» لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حەسریی فیدارڵیدایە، ئەمەش لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە «ڕەنگڕێژکردن واتە پلاندانان» و پلاندانان و جێبەجێکردنی، یان بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە جیاوازە و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی نییە، بەڵکو دەکرێت هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوتیش بەڕێوەی ببەن، هەروەها ماددەی ١١١ کە دەڵێت: «نەوت و گاز موڵکی گەلانی عێراقە» و ماددەی ١١٢ کە باس لە بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێستا دەکات و ئەوانی دیکە بە هاوبەشی بەڕێوە دەبرێن، ئەمانە هەمووی دەکەونە بەشی دەسەڵاتەکانەوە لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان و دەسەڵاتەکانی فیدراڵییەوە، لەمەش زیاتر لە ماددەی ١١٥ بە ڕوونی ئاماژە بەوە کراوە، هەر شێتك نەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە، دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت.

سەبارەت بە ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، هەرێمی کوردستان چەند ڕەشنووسی هەیە لە ساڵانی (٢٠٠٧، ٢٠١١، ٢٠٢٣) لەم ڕەشنووسانەدا تێڕوانینی هەرێمی کوردستان کە پێشنیار کراوە بۆ «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» نزیك و هاوتای ئەو ماددە دەستوورییانەیە کە ئەم یاسایە پشتی پێ دەبەستێت، بەڵام لە تەواوی ڕەشنووسەکاندا بە ڕەشنووسی ئێستای حکومەتی فیدراڵیشەوە، تێڕوانینی بەغدا بە ڕاشکاوی هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو گەڕانەوە بۆ سەنتراڵیزم، ئەمەش لەگەڵ دەستووری عێراق و سرووشتی سیستمی



سیاسیی تازە (فیدراڵی) یەك ناگرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پاشخانی هەوڵەکان بۆ نووسینەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، هەڵوەستە لەسەر چوار وێستگە دەکەم:

یەکەم: ئەو وەرەقە سیاسییەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت لە کۆتایی ساڵی **٢٠٢٢** لەسەری ڕێك کەوتوون، بووەتە بەرنامەی حکومەتەکەی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی و پەرلەمان پەسەندی کردووە، یەکێك لە گرنگترین بڕگەکانی ئەوەیە کە دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تێپەڕێندرێت، بەڵام ئەوە چەند شەش مانگیی بەسەردا تێپەڕی و هەتا ئێستاش یاساکە دەرنەچووە و وا خەریکە سێ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت.

دووەم: بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانیی بازرگانیی پاریسە لە ئاداری ساڵی **٢٠٢٣** کە تیایدا بە دەق هاتووە کە بەبازاڕکردنی نەوت بە شێوەیەکی حەسری لە دەسەڵاتەکانی وەزارەتی نەوتی فیدراڵییە، دوای ئەم بڕیارەش لە نیسانی ساڵی **٢٠٢٣** هەردوو حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بەبازاڕکردنی نەوت بە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بێت.

سێیەم: یاسای بودجەی فیدراڵی کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی **٢٠٢٣** لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا و لە ئابی ساڵی **٢٠٢٣** دەست بە جێبەجێکردنی کرا، لەم یاسایەشدا باس لە قۆناغەکانی «بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن»ی نەوت کراوە، بەڵام ئەم یاسایە بە شێوەیەکی باش جێبەجێ نەکرا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە بۆشاییەکی یاساییمان هەیە و یاسای نەوت و گازی فیدراڵیمان نییە.

**لە تەواوی ڕەشنووسەکاندا بە ڕەشنووسی ئێستای حکومەتی فیدراڵیشەوە، تێڕوانینی بەغدا بە ڕاشکاوی هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو گەڕانەوە بۆ سەنتراڵیزم، ئەمەش لەگەڵ دەستووری عێراق و سرووشتی سیستمی سیاسیی تازە (فیدراڵی) یەک ناگرێتەوە**

لە هەرێمی کوردستان لیژنە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە دامەزراوە، کە پسپۆڕانی یاسایی، ڕاوێژکاران، ئەندامانی پەرلەمان تێیدا ئەندامن و کاریان کردووە لەسەر ئەوەی کە هەندێك ڕەهەندی گشتی دیاری بکەن، پێش ئەوەی ئەم یاسایە بنووسرێتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە مادەی ١١١ خاوەندارێتی نەوت کە دەستوور دایناوە خاوەنەکەی گەلانی عێراقە، هەروەها ماددەی ١١٢ و ١١٥ی دەستوور کە باس لە هاوبەشیی بەڕێوەبردن لەلایەن هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەکات، ئەم ماددە دەستوورییانە «خاوەندارێتیی کێڵگە نەوتییەکان لە بەڕێوەبردنی کێڵگەکان» لەیەکتری جیا دەکاتەوە، بۆیە کاتێك دەڵێت: «خاوەندارێتیی نەوت هی گەلانی عێراقە» ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو گەلانی عێراق کێڵگە نەوتییەکان بەڕێوە بەرن، بەڵکو تەفویزی دەکات لایەنێك ئەو کارە بەڕێوە بەرێت.

گرنگترین ماددەی ناو دەستووری عێراق ماددەی ١١٢یە کە دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، لەبەر ئەوەی ماددەی ١١٢ دەڵێت: «حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات، بە مەرجێك داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەری و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی کە ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێ کەوت، بە جۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت». کەواتە لەم ماددەیەدا هاوبەشی چەسپێندراوە، بەڵام دوای دەرهێنانی نەوت نەك پێش بەرهەمهێنانی، ئەمەش ئەو مانایەی هەیە کەپرسی «دۆزینەوەو و بەرهەمهێنانی نەوت» لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگاکاندایە، هاوبەشیی بەڕێوەبردن لە دوای بەرهەمهێنانی نەوت و گازەوە دەست پێدەکات و، ئەم هاوبەشییەش مەرجدارە بەوەی کە دەبێت داهاتی ئەم نەوت و گازە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە گوێرەی دانیشتووان لەسەرجەم پارچەکانی وڵات دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ئەو هەرێمانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو زیانیان لێ کەوتووە، وەك پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کە لەسەر دەستی ڕژێمی پێشوو لە دژی کوردستان پیادە کراون، دەبێت بەشێك لە داهاتی نەوت بۆ قەرەبووی ئەو زیانانە تەرخان بکرێت.

خاڵێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، بڕگەی دووەمی ماددەی ١١٢ی دەستوورە کە دەڵێت: «حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیژیی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز، بە جۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵك بۆ گەلی عێراق، ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان». ئەمەش مانای ئەوەیە لە ماددەیەدا بە ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، کە حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەر پێکەوە پلان دادەنێن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کێڵگەکانی ئێستا، بێگومان لەسەر ئەم ماددەیە بەردەوام هەوڵێك هەیە کە چەمکی «کێڵگەکانی ئێستا» بە جۆرێکی دیکە تەفسیر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی مەبەستی ماددە دەستوورییەکە لەو ماددەیە ئەوەیە لە «کێڵگەکانی ئێستا» واتە لە ساڵی ٢٠٠٥، لە ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازدا هاتووە کێڵگەی بەرهەمهێن، کاتێك پێی دەگوترێت بەهەرهەمهێن کە توانای بەرهەمهێنانی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەبێت، بۆیە بەم پێوەرە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم بە ڕێژەی ٩٠٪ دەبنە کێڵگەی تازەی دوای دەرچوونی دەستووری عێراق، بەمەش بەڕێوەبردنی تا دەگاتە بەرهەمهێنان، دەبێتە مافی هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت.

لە دوماهیدا دەمەوێت بە چەند خاڵێك باسەکە پوخت بکەمەوە:

**گرنگترین ماددەی ناو دەستووری عێراق ماددەی ١١٢یە کە دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی**

**هاوبەشیی بەڕێوەبردن لە دوای بەرهەمهێنانی نەوت و گازەوە دەست پێدەکات و، ئەم هاوبەشییەش مەرجدارە بەوەی کە دەبێت داهاتی ئەم نەوت و گازە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە گوێرەی دانیشتووان لەسەرجەم پارچەکانی وڵات دابەش بکرێت**

**بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت لەگەڵ یاسای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان یەک دەگرێتەوە**



• هیچ دەسەڵاتێکی حەسریی فیدراڵی لە بەڕێوەبردنی کاروباری نەوتدا نییە، بێجگە لە بەبازاڕکردنی نەوتەکە نەبێت.

• بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی ئێستا بە هاوبەشی دەبێت، بەڵام بەڕێوەبردنی هاوبەش واتە دوای بەرهەمهێنانی نەوتەکە، دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت بەپێی ماددەی ١١٥ی دەستووری عێراق ناکەوێتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵی.

• لە ماددەی ١١٠ی دەستووردا ئاماژە بەوە کراوە کە حکومەتی فیدراڵی ڕەنگرێژی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی و دەرەوە و سەروەری دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە نەکراوە.

• لە جێبەجێکردنی ماددەی ١١٢ کە پەیوەندیدارە بە دابەشکردنی داهات، مەرجدارە بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانە کە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان گونجاو بێت.

• سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی کە ئاماژە بە نادەستووری بوونی یاسای نەوت و گازی هەرێم ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان دەکات، ئاماژەی بە یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، کە ئەویش یاسای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستانە و ئەو وەزارەتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت لەگەڵ یاسای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان یەك دەگرێتەوە.

ئەو ماددە دەستوورییانەی ئاماژەمان پێ کرد، بۆ نووسینەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی زۆر گرنگن، ئەگەر بە وردی هەڵوەستەیان لەسەر بکەین و بە شێوەیەکی بێلایەنانە تەفسیریان بکەین. هەروەها گرنگە ماددەکانی (١١٠، ١١١، ١١٢) ی دەستووری عێراق، هەموویان پێکەوە تەفسیریان بۆ بکرێت، نەك هەر ماددەیەك بە تەنیا و بە جۆرێك تەفسیر بکرێن کە لە بەرژەوەندیی لایەك و لە دژی لایەکەی دیکە بێت.




**شەهریار شێخلەر**

توێژەر و پسپۆڕ لە بواری وزە:


# وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق بە پێی میزاج و بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەڕێوەدەبرێت

شەهریار شێخلەر، توێژەر و پسپۆڕێکی دیاری بواری نەوت و وزەیە و بکالۆریوسی لە ئەندازیاریی دیزاینی میکانیك هەیە لە زانکۆی تەورێز و بڕوانامەی ماستەری لە بەڕێوەبری ئیجرائی وەرگرتووە و لە زانکۆی ئازادی تارانیش ماستەری لە بواری بزنێسی ستراتیژی وەرگرتووە و، یەکێکە لەو ئەکادیمیستانەی توێژینەوەی گرنگی لەسەر بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز و یاسای نەوت و گازی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز بە شێوەیەکی گشتی هەیە، بەتایبەتیش چەندین توێژینەوەی لەسەر بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازی کوردستان و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و ڕەشنووسەکانی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی عێراق هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی. خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن)، بەمجۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەکانی لەسەر بەڕێوەبەردنی سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و یاسای نەوت و گازی فیدراڵی خستەڕوو.

گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی هەستیاری وەك «یاسای نەوت وگازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن»، بە بۆچوونی من دەکرێت پێش ئەوەی بێینە سەر کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، دەکرێت لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری ئەم یاسا گرنگە بکەین.

لەم گفتوگۆیەدا ئێمە باسی دەوڵەتی عێراق دەکەین. عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی وەك لە لێکۆڵینەوەی چەند مامۆستای زانکۆکانی بەریتانیا ئاماژەی پێ کراوە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی پیشەسازیی نەوتەوە لە جیهاندا، ئەڵمانییەکان زانیویانە لە عێراق بەگشتی و لە باشووری کوردستان بەتایبەتی نەوت هەیە و، هاتوون لەم ناوچانە بەدوای دۆزینەوەی نەوتدا گەڕاون، ئێستاش نزیکەی سەد ساڵە کە پیشەسازیی نەوت لەو وڵاتە هەیە. هەروەها ئێمە باسی دەوڵەتێك دەکەین کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپێك یەکێکە لە ئەندامە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوە و یەکێکە لە دەوڵەتە سەرەکییەکانی بازاڕی نەوت، بەڵام ئەم دەوڵەتە یاسایەکی نەوت و گازی نییە، کە لەگەڵ سیستمە فیدراڵییەکەی گونجاو بێت و هاوشان بێت لەگەڵ ئەو دەستوورەی لەم وڵاتەدا هەیە.

سەبارەت بە هۆکاری سەرەکی بۆ نەبوونی «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە عێراقدا»، بەشێکی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارەی لەناو خودی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە.

بە بڕوای من ئەقڵییەتی سیاسیی عێراق ئێستاش ئامادە نییە کە یاسایەکی نەوت و گاز وەك ئەوەی لە وڵاتانی دیکە هەیە و کاری پێدەکرێت، لە عێراق هەبێت و وەك پێوەرێك بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی عێراق بەکار بهێندرێت.

لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە، جگە لە یەکلاکردنەوەی خاوەندارێتی کێڵگە و بیرەکان و یەدەگی پەترۆڵ، باس لەو دامەزراوانە دەکات کە دەتوانن سێکتەری نەوت و گاز لە عێراقدا بەڕێوە ببەن و، دەتوانێت ستراتیژیەتی درێژخایەن و کورتمەودا دابڕێژێت، شێوازی گرێبەستەکان و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دیاری بکات. هەروەها ئەو یاسایە، شێوازی دامەزراندنی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی کەرتی نەوت و گاز دیاری دەکات، شێوازی دارشتن و پەسەندکردنی مانیفیستۆی بەڕێوەبردن ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستمی بنەڕەتی بۆ سێکتەری نەوت و گاز» دادەڕێژێت. سەرباری ئەم لایەنە تەکنیکییانە بوونی ئەم یاسایە کۆمەڵێك لایەنی دیکەی گرنگ و پەیوەست بەم سێکتەرە ڕێك دەخات، وەك پاراستنی ژینگە، دامەزراندنی پۆلیسی نەوت و گاز، چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەی کە پڕۆژەی نەوتیان تێدا دامەزرێت و قەرەبووکردنەوەیان و.. هتد.

بەڵام ئەگەر لە ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا سەیری شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم سێکتەری نەوت و گاز لە عێراقدا بکەین، دەبینین وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق بە پێی میزاج و بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەڕێوە دەبرێت و هەر لایەنێکی سیاسی ئەم وەزارەتە وەربگرێت، لە دانانی یاسا و ڕێنماییەکان خاوەن دەسەڵاتە و بەو شێوازە دایاندەڕێژێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی یەك بگرێتەوە. هەر بۆ نموونە هەتا یەك دوو ساڵ لەمەو پێش ڕەخنەیەکی زۆر لە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەگیرا، بەوەی لەسەر بنەمای «هاوبەشیی بەرهەم» گرێ دراون، ئەمەش شێوازێکی پێچەوانەی دەستوورە و نایاساییە، بەڵام گرێبەستەکانی ئەم دواییەی حکومەتی عێراقیش لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لەسەر بنەمای «هاوبەشی لە داهات» گرێ دراون و دەتوانین بڵێین کە جیاوازییەکی لەگەڵ گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان نییە، ئەمەش ئەو دەرهاویشتە نەرێنییەیە کە لە نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەردەکەوێت. لەبەر ئەوەی هەر کەس و لایەنێك بۆ بەرژەوەندیی خۆی و چۆن بۆی بگونجێت، بەو شێوەیە یاسا و ڕێنماییەکان دەگۆڕێت و، یاسایەکی ڕاستەقینە نییە کە وەك دەسەڵات و چاودێر لە شوێنی خۆیدا سەرپێچییەکان دیاری

**هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپێک یەکێکە لە ئەندامە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوە و یەکێکە لە دەوڵەتە سەرەکییەکانی بازاڕی نەوت، بەڵام ئەم دەوڵەتە یاسایەکی نەوت و گازی نییە**

**ئەقڵییەتی سیاسیی عێراق ئێستاش ئامادە نییە کە یاسایەکی نەوت و گاز وەک ئەوەی لە وڵاتانی دیکە هەیە و کاری پێدەکرێت، لە عێراق هەبێت**

**هەتا یەک دوو ساڵ لەمەو پێش ڕەخنەیەکی زۆر لە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەگیرا، بەوەی لەسەر بنەمای «هاوبەشیی بەرهەم» گرێ دراون**

**گرێبەستەکانی ئەم دواییەی حکومەتی عێراقیش لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لەسەر بنەمای «هاوبەشی لە داهات» گرێ دراون و جیاوازییەکی لەگەڵ گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان نییە**

**بۆ ئەزموونی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازی هەرێم، یاسایەکی زۆر باش دانراوە و هەموو ئەو ماددانەی تێدایە کە پێویستن لە یاسای نەوت و گازی هەر دەوڵەتێکدا هەبن**

**بە زەحمەتی دەزانم عێراق نییەتی ئەوەی هەبێت، یان بیەوێت یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵی بە هاوشێوەی یاسای نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابڕێژێت**

**نەبوونی یاسای نەوت و گاز زۆر باشترە لەوەی یاسایەکی نەوت و گازی سەنتراڵی بەسەر هەموو عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بسەپێنن**

**بڕیاری دادگای پاریس لە چوار خاڵدا مافی بە هەرێمی کوردستان داوە، تەنیا لە ڕادەستکردنی نەوت بە کەشتیگەلی کڕیارەکان لە بەندەری جەیهان کە دەبێت لەسەر بڕیار و ڕەزامەندیی کۆمپانیای سۆمۆ بکرێت**

بکات و ڕێڕەوێکی ڕاست بۆ بەڕێوەبەری سێکتەری نەوت وگاز لە عێراقدا دابڕێژێت.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەر لە دامەزراندنی حکومەتی کاتیی عێراقەوە تاوەکو ئێستا، لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵات سێکتەری نەوت و گازیان وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهات بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر جومگەکانی دەوڵەت و دامودەزگاکانی حکومەت و خەڵکدا بەکارهێناوە. ئەوەش بە هۆی داهاتی ئەو کەرتە و سوودوەرگرتن لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو کەرتە گرنگ و ستراتیژییە و لە نەبوونی یاسایەکی گشتگیری فیدراڵی بۆ کەرتی نەوت و گازی عێراق بووە.

بە پێچەوانەوە ئەگەر سەیری ئەزموونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بکەین، کە من لەگەڵ یاسای نەوت و گازی چەند وڵاتێك بەراوردکاریم لەسەر کردووە، بە ڕاستی بۆ ئەزموونی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازی هەرێم، یاسایەکی زۆر باش دانراوە و هەموو ئەو ماددانەی تێدایە کە پێویستن لە یاسای نەوت و گازی هەر دەوڵەتێکدا هەبن، لەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودێکی زۆری لەم یاسا وەرگرت بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی نەوت لە کوردستان و بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت، بۆیە بە زەحمەتی دەزانم عێراق نییەتی ئەوەی هەبێت، یان بیەوێت یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵی بە هاوشێوەی یاسای نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابڕێژێت، یان ڕێگە بدات لە یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵی ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانە بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگا نەوتییەکان بگەڕێنێتەوە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕەشنووسانەی لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە بۆ یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئامادە کراون و پێشکەشی کابینە و پەرلەمانی فیدراڵی کراون، ڕەشنووسی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ نزیکترین ڕەشنووس بووە لە دەستووری عێراق کە تاکو ئێستا دارێژدرابێت و مافە فیدراڵییەکان لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز ئاماژەی پێ درابێت. بەڵام هەر ئەو ڕەشنووسە دواتر لە ناو ئەنجومەنی شورا و پەرلەمانی عێراق بەرەوڕووی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بنچینەیی بوو، واتە هەموو ئەو بڕگە و ماددانەی ناو ڕەشنووسی یاساکە دەستکاری کران کە پەیوەندی بە ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، بۆ بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت وگاز لە هەرێمدا. ئەم شێوازی مامەڵەکردنەی حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم بۆ هەڵسووڕاندنی سێکتەری نەوت و گاز لە ڕەشنووسی ساڵانی ٢٠١١ و لە ٢٠١٤ و ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ هەر بە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ئەوەی پەیوەندی بە ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، لەناو ڕەشنووسەکان دەستکاری کراون و ناوەرۆکەکەی بەتاڵ کراوەتەوە. هەر بۆ نموونە لە ڕەشنووشی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی خاڵەکانی «٣ بڕگەی دوو و سێ، لە خاڵی پێنجەم و شەشەم، یانزە و چواردە و سی و پێنج» کە باس لە دەسەڵاتەکان، یان هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز دەکرێت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەموویان لابراون و سڕاونەتەوە، یان بە شێوازێك گۆڕدراون کە دەنگی هەرێمی کوردستان لەو بوارانە تاك بکەوێت و نەتوانێت کاریگەریی پێویستی هەبێت بۆ بەرگریکردن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

هەر بۆیە کە سەیری تێڕوانین و زهنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەکەین، بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت کە تەواو تەواو زهنیەت و تێڕوانینی سەنتراڵیزمە نەك فیدراڵی، کە بیرۆکەی سەنتراڵیزم نەك هەر پێشێلکردنی ماددەکانی دەستووری عێراقە، بەڵکو تەواو دژی دەستوورەکەیە، کەواتە کێشە و ئاستەنگی سەرەکی بۆ دەرنەکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لەگەڵ ئەو ئەقڵییەت و زهنیەتەیە کە لە بنەڕەتدا بڕوای بە سەنتراڵیزمە و نایەوێت عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و داهات.



ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، هەتا ئەم ئەقڵییەت و زهنییەتە سەنتراڵییە لە بەغدا بوونی هەبێت، نەبوونی یاسای نەوت و گاز زۆر باشترە لەوەی یاسایەکی نەوت و گازی سەنتراڵی بەسەر هەموو عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بسەپێنن.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، حکومەتی فیدراڵیی عێراق لەسەر هاوکاریی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوت لە رێگای بۆریی تورکیا و بەندەری جەیهان لە کۆی پرۆسەی پیشەسازیی نەوت، واتا لە پێنج هەنگاوی «دۆزینەوە، بەرهەمهێنان، گرێبەستەکان، گواستنەوە، فرۆشتن»، دەبینین بریاری دادگای پاریس لە چوار خاڵدا مافی بە هەرێمی کوردستان داوە، تەنیا لە رادەستکردنی نەوت بە کەشتیگەلی کریارەکان لە بەندەری جەیهان کە دەبێت لەسەر بریار و رەزامەندیی کۆمپانیای سۆمۆ بکرێت، ئەمەش پاڵپشت بە خاڵێك بوو لە هەموارکردنەوەی ٢٠١٠ی گرێبەستی بەغدا - ئانکارا بۆ بەکارهێنانی بۆریی نەوتی تورکیا و بەندەری جەیهان زیاد کرابوو. واتە تەنیا تەسلیمکردنی نەوتەکە بە کەشتییە بارهەڵگرەکانی نەوت پێچەوانەی گرێبەستەکە ناسێندرا و لەکۆی پرۆسەکە پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان یاساییە. هەروەها دەزانین کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی رێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە بە بازاڕکردنی نەوت لەلایەن کۆمپانیای (سۆمۆ)وە بێت. ئەوی دیکەی لەسەر ئاستی دادگای بازرگانیی پاریس سەلمێنراوە کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقە و بەپێی ئەو ماف و دەسەڵاتانەی هەیبووە یاساکەی داڕشتووە و هیچ هەنگاوێکیشی هەر لە دۆزینەوەی نەوت، بەرهەمهێنان، گواستنەوە و گرێبەستەکان» لە دەرەوەی دەستووری عێراق نەبووە، کە بە ناچارییش پەنای بۆ فرۆشتنی نەوت بردووە، هۆکارەکەی ئەوە بووە کە حکومەتەکانی بەغدا پشکی هەرێمی کوردستانیان لە بودجەی فیدراڵی بڕیوە و گەمارۆی ئابوورییان خستووەتە سەر هەرێمی کوردستان.

ئەم واقیعە دەبێت وەك خۆی ڕاڤە بکرێت، هەرێمی کوردستان ئەوەی لەسەر بووە، لێی چووەتە پێشەوە و رێککەوتنی لەسەر کردووە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا ئەو ئەقڵییەت و زهنیەتەی لەبەغدا بوونی هەیە، دەتوانێت رێز لەو مافە سەلمێنراوانە بگرێت، کە هەم دەستووری عێراق و هەمیش دادگای پاریس بۆ هەرێمی کوردستان سەلماندوویانە، یان دەستتێوەردانی دەرەکی و ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی عێراق دیسان رێگر دەبێت، کە من پێموایە لە ئێستادا ئەستەمە بتوانین لە عێراقدا یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵی دەربکەین.

**دادگای بازرگانیی پاریس سەلماندوویەتی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقە و بەپێی ئەو ماف و دەسەڵاتانەی هەیبووە یاساکەی داڕشتووە**



## یادگار سدیق گەلاڵی

سەرۆکی ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەتی سێکتەری نەوت و گاز:

# ڕاستە نەبوونی یاسای نەوتی گازی فیدراڵی کارێکی باش نییە، بەڵام باشترە لەوەی یاسایەکی خراپ دەربچێت و دوایی چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت

یادگار سدیق گەلاڵی، سەرۆکی ڕێکخراوی (ڕوونبین)ـە بۆ شەفافییەت لە بواری بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز و، خاوەنی ئەزموونێکی گەورەی کارکردنە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییە گەورەکان، کە سەرپەرشتی و چاودێریی هەڵسووڕاندنی کەرتی نەوت و گاز لە جیهاندا دەکەن، لە ناویشیاندا بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت وگازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن)، زۆر بە وردی لەسەر ئەو هەوڵانە قسەی کرد، کە لە دوای پەسەندکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقەوە خراونەتە گەڕ، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە خاوەنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و داهاتی ئەم سامانە نیشتمانییە ببێتە سەرچاوەی ژیان بۆ هەموو هاووڵاتیان لە سەرانسەری عێراقدا. بەم جۆرەش بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

یاسای نەوت و گاز گرنگە لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە داهاتی عێراقییەکان و بە ڕێژەی ٩٣٪ی کۆی داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دابین دەکات. ئەم یاسایە بەردی بناغەی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز دادەنرێت، بە دەرچوونی ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، نەخشەی بەڕێوەبردنی ئەم سێکتەرە گرنگە ڕەنگرێژ دەکرێت و، لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکان دیاری دەکرێن و، دەزانرێت ئەرک و دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی چەندە، بە هەمان شێوە ئەرک و دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چەندن.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەوەی پێی دەگوترێت «عێراقی نوێ» لەسەر بنەمای پێکەوەسازان و لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا بونیاد نرایەوە و دەستووری عێراقیش هەر لەسەر بنەمای پێکەوەسازان داڕێژرا و پەسەند کرا، هەر بۆیە پێش ئەوەی ئەم یاسایە بنووسرێتەوە، دەبێت کۆی لایەنەکان لەسەر ڕەشنووسی ئەم یاسایە ڕێک بکەون، بە جۆرێك بێت کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ ماددە و ڕۆحی دەستووری ساڵ ٢٠٠٥ و هیچ هاودژییەکی لەگەڵدا دروست نەکات.

دوای ئەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ پەسەند کرا، بڕیار وا بوو لە ماوەی ساڵێکدا کۆمەڵێك یاسا لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت، بۆ ئەوەی هەیکەلەی دەوڵەتی فیدراڵی تەواو بکرێت، یەکێك لەو یاسا گرنگانەی کە بۆ سیستەمی فیدراڵیی دەوڵەتی عێراق وەك کۆڵەگەیەك دادەنرێت «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی»یە، بەڵام ئەم کارە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا هەنگاوی بۆ هەڵنەگیرا و پشتگوێ خرا. بۆیە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بۆی دیاری کراوە، بە کردەیی هەنگاوی بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی هەڵگرت و، پێش ئەوەی یاسای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت، ئەو پرۆژە یاسایەی پێشکەشی حکومەتی فیدراڵیی عێراق کرد. ئەم ڕەشنووسەی هەرێم لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ زەمینەیەکی هێنایە ئاراوە کە کۆبوونەوەی هاوبەش و پرۆژەی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی لێ کەوتەوە، لە دوای ئەم بەروارەوە هەرێمی کوردستان هەر ڕەشنووسێکی بۆ بەغدا ناردبێت، پشتی بەو ڕەشنووسە بەستووە کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە ڕەشنووسی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم.

لە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بڕیار درا ئەم ڕەشنووسە هاوبەشە بنێردرێتە پەرلەمانی عێراق و لەوێ دەنگی لەسەر بدرێت و پەسەند بکرێت، بەڵام کە ناردیان بۆ پەرلەمانی عێراق، لەوێ دەستکارییەکی زۆر لەو برگە و ماددانەی ناو ڕەشنووسی یاساکە کرابوون کە پەیوەندیدار بوون بە ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازدا، بۆیە هەر ئەو کات وەزیری سامانە سرووشتیەکانی هەرێم ڕایگەیاند، بە جۆرێك دەستکاریی ماددە و برگەکانی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کراوە، کە هیچ ماف و دەسەڵاتێك بۆ هەرێمی کوردستان ناهێڵێتەوە و ئەمەش قابیلی قبووڵکردن نییە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی دەرچوونی یاساکە پەك بخرێت و ڕووناکی نەبینێت.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١١ بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەشنووسی یاسا و نەوتی گازی بۆ حکومەتی فیدراڵی دەنارد و حکومەتی فیدراڵیش ڕەشنووسی خۆی دەناردەوە و لە گفتوگۆ و دانوستاندا بوون، بۆ ئەوەی لەسەر ڕەشنووسێکی هاوبەش ڕێك بکەون، بەڵام نەدەگەیشتنە پێکەوەسازان، هەتا لە ساڵی ٢٠١١ جارێکی دیکە ڕەشنووسێکی هاوبەش نێردرایە پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئەم جارەش دەستکاریی ئەو ماددە و برگانە کرایەوە کە پەیوەندییان بە ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە هەبوو، بۆیە ئەمەش سەرکەوتوو نەبوو.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ و لە ئاکامی ڕێککەوتنی سیاسیی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، دەرکردنی یاسای نەوت و گازی

**هەرێمی کوردستان هەر ڕەشنووسێکی بۆ بەغدا ناردبێت، پشتی بەو ڕەشنووسە بەستووە کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە ڕەشنووسی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم**

**وەزیری سامانە سرووشتیەکانی هەرێم ڕایگەیاند، بە جۆرێک دەستکاریی ماددە و برگەکانی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کراوە، کە هیچ ماف و دەسەڵاتێک بۆ هەرێمی کوردستان ناهێڵێتەوە**

**ڕەشنووسەکەی حکومەتی عێراق بە ئەقڵییەتێکی سەنتراڵی داڕێژراوە و لەگەڵ ئەو عێراقە نوێیەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ یەک ناگرێتەوە کە لەسەر پرانسیپی فیدراڵییەت و دابەشکردنی دەسەڵات و داهات بونیاد نراوەتەوە**

**لە ئێستادا ئاراستەکان بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەو ئامانجەیە کە ئیرادەی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا فەرز بکات**

**جێگەی پرسیارێکی سەرسورهێنەرە کە بۆچی لەساڵی ٢٠٠٧ هەتا ٢٠٢٢ یاسای نەوت و گازی هەرێم نادەستووری نەبووە و لە ٢٠٢٢ دەبێتە نادەستووری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە ئەم بڕیارە لە پێناوی ئەوەیە کە بۆشایی یاسایی بۆ سێکتەری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دروست بکەن**

**ئەگەر نییەتی باش هەبێت، ئەوا ڕێککەوتن و تەوافقی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق بۆ گەیشتن بە ڕەشنووسێکی هاوبەش و باش بۆ یاسای نەوت و گازی فیدراڵی مەحاڵ نابێت**

فیدراڵی بووە یەکێك لە خاڵەکانی بەرنامەی ئەم حکومەتە و لە تەموزی ساڵی ٢٠٢٣ ڕەشنووسی یاسایەکی ئامادە کرد و ناردی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەرێم بەو ڕەشنووسەی حکومەتی فیدراڵی ڕازی نەبوو و ڕەتی کردەوە.

کاتێك بەراوردی ئەم ڕەشنووسانەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەکەین کە لە ٢٠٠٧ ـەوە تا ئێستا جێگەی مشتومڕە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەرێمی کوردستان مەبەستیەتی ئەو دەسەڵاتانەی وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێندراون، وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و، عێراقی فیدراڵی لەسەر بنەمای دابەشکردنی «دەسەڵات و داهات» بونیاد بنرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ماددەکانی (١١٠، ١١١، ١١٢) دەستووری عێراق بێلایەنانە تەفسیر بکرێت و هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت ئەو دەسەڵاتانەی لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازدا پێیان دراوە، بۆیان شۆڕ بکرێتەوە.

هەر بۆیە کاتێك ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەخوێنینەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەی کردووە، بەو ئاراستەیە نووسراوە کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە لەسەر بنەمای «دابەشکردنی دەسەڵات و داهات» پێویستە بەڕێوە ببرێت و سەنتەر هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهای نەبێت. بەڵام کاتێك ئەو ڕەشنووسی یاسایەی نەوت و گازی فیدراڵی دەخوێنینەوە کە وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق ئامادەی کردووە، دەبینین هەموو ئەو دەسەڵات و مافانەی دەستوور بە هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوتی داوە، گۆڕاوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنێك دابمەزرێت بە ناوی (ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵی)، لەسەر دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە هەرێمی کوردستان هاوڕایە، لەبەر ئەوەی ئەم ئەنجومەنە زۆر گرنگە بۆ ڕەنگرێژکردن و سەرپەرشتیکردنی سێکتەری نەوت و گاز، لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان داوا دەکات کاری ئەم ئەنجوومەنە ئەوە بێت تەنیا «سەرپەرشتی و بەدواداچوون» بکات بۆ سیاسەتی نەوتی عێراقی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام لە بەرانبەردا حکومەتی عێراق پێداگری دەکات، کە دەبێت هەموو بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە سێکتەری نەوت و گازی عێراق لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە دەربچێت و پەسەندی بکات، بەمەش ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵی لە ئەنجومەنێکی سەرپەرشتی و بەدواداچوونەوە دەگۆڕێت بۆ ئەنجومەنێکی بڕیاردەر، لەسەر ئەم پێداگرییەی حکومەتی عێراق، هەرێمی کوردستان داوا دەکات، بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە تەوافقی بێت نەك بە ڕێژەی (نیوە+١)، بەڵام دیسان حکومەتی عێراق پێداگریی ئەوە دەکات «بڕیارە ستراتیژییەکان بە دەنگی دوو لەسەر سێ و، بڕیارە ئاساییەکان بە دەنگدانی (نیوە+١) بێت»، ئەگەر ئەم پێداگرییەی حکومەتی عێراق پەسەند بکرێت، ئەوا هەرێمی کوردستان لە هەردوو حاڵەتی بڕیاری ستراتیژی و ئاساییدا دەبێتە کەمینە و ناتوانێت ڤیتۆی هیچ بڕیارێك بکات و، لە کۆی ١٢ ئەندامی ئەم ئەنجومەنە هەرێمی کوردستان تەنیا دوو ئەندامی دەبێت، بۆیە هەرێم ناچێتە ژێر باری زۆرینە و کەمینە بۆ دەرچوونی بڕیارەکان و پێداگری لەسەر تەوافق دەکات. لە کۆی دیمەنی ئەم پێداگرییانەی حکومەتی عێراق لە ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ڕەشنووسەکەی حکومەتی عێراق بە ئەقڵییەتێکی سەنتراڵی داڕێژراوە و لەگەڵ ئەو عێراقە نوێیەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ یەك ناگرێتەوە کە لەسەر پرانسیپی فیدراڵییەت و دابەشکردنی دەسەڵات و داهات بونیاد نراوەتەوە.

دەرچوونی یاسایەکی ئاوا گرنگ و هەستیار (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) کە کۆڵەگەی ڕەوتی حوکمڕانی لە عێراقی فیدراڵیدا دیاری دەکات، بەم جۆرەی کە لەگەڵ هەیکەلەی دەوڵەتی فیدراڵی یەك ناگرێتەوە، جێبەجێکردنی ئاسان نابێت، بەڵام بۆ ئەم بارودۆخە سیاسییە ناسەقامگیرەی ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەڕێوە دەچێت، بۆچوونی من بەو جۆرەیە، ئەم یاسایە دەرنەچێت باشترە، ڕاستە نەبوونی یاسای نەوتی گازی فیدراڵی کارێکی باش نییە،

بەڵام باشترە لەوەی یاسایەکی خراپ دەربچێت و دوایی چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت، یان نیمچە مەحاڵ بێت.

لە ئێستادا ئاراستەکان بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەو ئامانجەیە کە ئیرادەی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا فەرز بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٢ دادگای فیدراڵی «یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان»ی ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستانی بە نادەستووری

وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی ئاماژەمان پێکردن، بەڵام ئەگەر نییەتی باش هەبێت، ئەوا ڕێککەوتن و تەوافقی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق بۆ گەیشتن بە ڕەشنووسێکی هاوبەش و باش بۆ یاسای نەوت و گازی فیدراڵی مەحاڵ نابێت. بینیمان پار حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق ڕێك کەوتن کە فرۆشتن و بەبازاڕکردنی نەوت لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆوە بێت و، نەوتی هەرێمی کوردستان ڕادەستی سۆمۆ بکرێت و ئەو بیفرۆشێت و داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ کۆی داهاتی فیدراڵی لە

**کردنەوەی گرێی گرێبەستییە نەوتییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا زەمینەیەک دروست دەکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پرۆسەی دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئەکتیڤ ببێتەوە**



لە قەڵەم دا، کە ئەمەش جێگەی پرسیارێکی سەرسوڕهێنەرە کە بۆچی لەساڵی ٢٠٠٧ هەتا ٢٠٢٢ یاسای نەوت و گازی هەرێم نادەستووری نەبووە و لە ٢٠٢٢ دەبێتە نادەستووری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە ئەم بڕیارە لە پێناوی ئەوەیە کە بۆشایی یاسایی بۆ سێکتەری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دروست بکەن، بێگومان لە ئێستادا هەمان ئەقڵییەت بەردەوامیی هەیە و دەیەوێت تەواوی سێکتەری نەوت گاز لە عێراقدا بە سەنتراڵی بەڕێوە بەرێت و هەموو دەسەڵاتەکان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوتی لێ بێبەش بکات.

عێراقدا. ئەمەش مانای ئەوەیە لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییەتێکی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە و دەیەوێت کێشەکان چارەسەر بکرێن.

دەمێنێتەوە پرسی گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت، ئەمەش خەریکە دەرگایەکی چارەسەر بە ڕوویدا دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەشێك لەو گرێبەستانەی بەم دواییە وەزارەتی نەوتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت ئیمزایان کردووە، هاوشێوەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانە و ناویان لێ ناوە «هاوبەشی لە قازانجدا»، ئەوەی کوردستان

**بە هۆی نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵییەوە عێراق هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئێستا لە هەردوو سێکتەری نەوت و گازدا لەناو بۆشاییەکی یاساییدایە**

ناوی لێ نراوە «هاوبەشی لە بەرهەمدا». بە دیدی من ئەمە وەك دوو ڕووی یەك دراوە و جیاوازی نییە، تەنیا ئەوەیە ناوەکەیان گۆڕیوە و لە ناوەرۆکدا هەمان شێوازی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانە، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتیش ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، ئامادەباشییان دەربڕیوە کە ئامادەن گرێبەستەکانیان هەموار بکرێتەوە.

کردنەوەی گرێی گرێبەستییە نەوتییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا زەمینەیەك دروست دەکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پرۆسەی دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئەکتیڤ ببێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی دەستووری و لەسەر بنەمای تەوافقی لە ناو ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵیدا جێیان بکرێتەوە و بەو جۆرە بێت کە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز لە هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت زەوت نەکرێت، ئەوا دەبێت هەرێمی کوردستان دیدگای خۆی بۆ یاسای نەوت و گازی فیدراڵی فراوان بکات و، لەو ڕوانگەیەوە سەیری گرنگیی ئەم یاسایە بکات، کە پەیوەندی بە تەواوی ئەو پارێزگایانەشەوە هەیە کە بەرهەمهێنەری نەوت نین، بەتایبەتی پارێزگاکانی عەرەبی سوننە کە لە ئێستادا پێشبینی ئەوە دەکرێت پارێزگای ئەنبار لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە یەکێك لە پارێزگا گەورەکانی بەرهەمهێنەری گازی سرووشتی، بۆیە لێرەوە دەکرێت، هەرێمی کوردستان دیالۆگێکی ڕاشکاوانە لەگەڵ پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز دەست پێبکات، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لە ناو ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵیدا دروست ببێت.

لە دوماهیدا دەمەوێت بڵێم، دەبێت ڕێککەوتنەکان بە ئەقڵییەتی ئیدارەدانی دروستەوە سەیر بکرێن، هەموو بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، بەڵام با سەیری بەرژەوەندییەکانی

**ئەم سێکتەرە گرنگە واتە سێکتەری نەوت، بە هەمان یاسای کۆنی ڕژێمی پێشوو بەڕێوە دەبرێت و، هیچ چاودێرییەکی بە سەرەوە نییە**



تەواوی عێراق بکەن، بە هۆی نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵییەوە عێراق هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئێستا لە هەردوو سێکتەری نەوت و گازدا لەناو بۆشاییەکی یاساییدایە، ئەم سێکتەرە گرنگە، واتە سێکتەری نەوت بە هەمان یاسای کۆنی ڕژێمی پێشوو بەڕێوە دەبرێت و، هیچ چاودێرییەکی بە سەرەوە نییە. لەبەر ئەوە دەبێت بە ئەقڵییەتێکی دروستی مۆدێرنەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئەم یاسایە بێنە پێشەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە سیستەمی فیدراڵی تێبگەن و، لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بگەنە ڕێککەوتن و ئەو بۆشاییە دەستوورییە کۆتایی پێ بهێنرێت. گرنگە هەموو لایەك نەرمی پیشان بدەن و کۆمپرۆمایز لەسەر هەندێك شت بۆ یەکتری بکەن، بەڵام ناکرێت دەستوورەکە پێشێل بکرێت و ڕێککەوتنەکان ڕەنگدانەوەی گیانی دەستوورەکەی تێدا نەبێت.





# ئاسان نییە یاسا پرسی نەوت ڕێک بخات، کە پرسێکە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە سیاسەت


**د.زاهیر مەجید**

تایبەتمەند لە بواری یاسای مەدەنی و پسپۆڕ لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز:


د.زاهیر مەجید، پرۆفیسۆرە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، لەسەر ئەم پرسەش چەندین توێژینەوەی زانستی کردووە و لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) بە دیدێکی ئەکادیمیستی لەسەر بایەخ و گرنگیی نەوت وەك ماددەیەك کە کاریگەرییە ئابووری و سیاسییەکەی لە بارە یاساییەکەی گەورەترە، زۆر بە وردی هەڵوەستەی کرد و بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ بانگهێشتکردنمان بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن» و گفتوگۆش لەسەر پرسێکی وا گرنگ پێویستی بە دیدگایەکی زانستی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو لایەنە جیاوازەکانی پێکەوە کۆبکەینەوە.

نەوت ڕەهەندی سیاسی و ئابوری و یاسایی هەیە، بەڵام بە دیدی من پرسی نەوت، پرسێکی سیاسییە زیاتر لە ئابووری، هەروەها پرسێکی ئابوورییە زیاتر لە یاسایی، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك باس لە پرسی یاسای نەوت دەکەین، ناتوانین لەگەڵیدا باسی پرسی سیاسەت و ئابووری نەکەین. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لایەنە یاساییەکەی نەوت لە عێراقدا، دەبینین ئەوا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بە دەیان یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی پەیوەندیدار بە سێکتەری نەوت دەرکراون، بەڵام هەتا ئێستاش یاسایەکی گشتگیری تەواومان نییە کە هەموو لایەنەکانی ئەم سێکتەری نەوت و گازەی لەم وڵاتەدا پێ ڕێك بخرێت.

لەوانەیە هۆکاری ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەوت پرسێکی سیاسی و ئابوورییە زیاتر لەوەی یاسایی بێت، هەر بۆیە ئاسان نییە یاسا پرسی نەوت ڕێك بخات، کە پرسێکە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە سیاسەت، لە پێکهێنانی دەوڵەت، لە شکستی دەوڵەت، لە بەهێزکردنی دەوڵەت، لاوازکردنی دەوڵەت، یان وەك فاکتەرێك بۆ بەهێزکردن، یان لاوازکردنی پێگەی سیاسیی دەوڵەت.

ئەگەر چاوێك بەو یاسایانەی نەوتدا بگێڕین کە لە ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا دەرکراون، ئەوا دەبینین یەکەم یاسای نەوت لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٣١ دەرچووە لەژێر ناوی «یاسای وەرگرتنی قەرز لە کۆمپانیاکان – قانون الاقتراض من شرکات النفط»، ئەمەش بەو مانایەی لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی عێراق خۆی خاوەنی نەوت و گازە، بەڵام بەمجۆرە لە پاشخان و تێڕوانینێکی سیاسییانەوە مامەڵەی لەگەڵ نەوت و گاز کردووە، دوای ئەمیش چەندین یاسای دیکە دەرکراون، کە وەك نموونە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

- یاسای دامەزراندنی پاڵاوگەی نەوت.
- یاسای بەرژەوەندیی پاڵاوگە نەوتییەکان.
- یاسای ڕێکخستنی کاروباری نەوت.
- یاسای بەرژەوەندییە نەوتییەکان.
- یاسای ڕێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە ١٤١ لە ساڵی ١٩٧٦.

دوایین یاسا کە یاسای «ڕێکخستنی وەزارەتی نەوتی عێراقە» هەمان ئەو یاسایەیە کە ئێستا وەزارەتی نەوتی عێراق کاری پێدەکات.

ئەمە وەك پاشخانێکی مێژوویی، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پەسەندکردنی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥، ئەوا دەبینین بارودۆخی سیاسی و شێوازی سیستەمی عێراقی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەم بارودۆخەش فەرزی دەکات دووبارە پرسەکانی «دابەشکردنی دەسەڵات و داهات» بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، کە بە چەمکە یاساییەکەی پێی دەگوترێت «سیستەمی فیدراڵی»، سادەترین پێناسەش بۆ ئەم سیستەمە بریتییە لە «دابەشکردنی دەسەڵات و داهات».

لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ئەوەی چەسپاندووە سیستەمی عێراق دەبێت فیدراڵی بێت، پابەندبوونەکانی ئەم سیستەمە چین؟ بێگومان دەبێت حکومەتی عێراقی فیدراڵی پابەند بێت بەوەی «هێز و دەسەڵاتەکان» لەسەر ئاستەکانی «یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری» لەگەڵ هەرێمەکان بەپێی ئەوەی لە دەستوورەکەدا بۆیان دیاری کراوە، بەش بکات، هەروەها دەبێت سیستەمی فیدراڵی پابەند بێت کە دەسەڵات لە کاروباری دارایی بداتە هەرێمەکان، کە دیارە سەرەکیترین سەرچاوەی داهات لە عێراقدا نەوت و گازە.

بۆ ڕێکخستنی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە بواری داراییدا، لە فەلسەفەی دەستووری عێراقدا هەر دوو ماددەی (١١١ و ١١٢) چەسپێنراون، ئەم دوو ماددەیە ڕایەڵەیەك لە نێوان سەرچاوە داراییەکان و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی فیدراڵی پێکەوە گرێ دەداتەوە، کە تیایدا دابەشکردنی داهات بەرجەستە دەبێت. بۆیە بابەتە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە، مەرجی سەرەکی بۆ سیستەمی فیدراڵی بەرجەستە دەبێت لە پابەندبوونی دەسەڵاتە ئیتیحادییەکان

**کاتێک باس لە پرسی یاسای نەوت دەکەین، ناتوانین لەگەڵیدا باسی پرسی سیاسەت و ئابووری نەکەین**

**هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بە دەیان یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی پەیوەندیدار بە سێکتەری نەوت دەرکراون، بەڵام هەتا ئێستاش یاسایەکی گشتگیری تەواومان نییە کە هەموو لایەنەکانی ئەم سێکتەری نەوت و گازەی لەم وڵاتەدا پێ ڕێک بخرێت**

**یەکەم یاسای نەوت لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٣١ دەرچووە لەژێر ناوی «یاسای وەرگرتنی قەرز لە کۆمپانیاکان – قانون الاقتراض من شرکات النفط»**

**دەبێت حکومەتی عێراقی فیدراڵی پابەند بێت بەوەی «هێز و دەسەڵاتەکان» لەسەر ئاستەکانی «یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری» لەگەڵ هەرێمەکان بەپێی ئەوەی لە دەستوورەکەدا بۆیان دیاری کراوە، بەش بکات**



**دەبێت هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت کە برِبرِەی پشتی بەرِێوەبردنی دەوڵەتە لە بەرِێوەبردنی ئەم سێکتەرە رِۆڵیان هەبێت، بەو جۆرەی لە دەستوور بۆیان دیاری کراوە**

**دەکرێت بە پیادەکردنی میکانیزمی گونجاو چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، ئەگەر ئەمە نەکەین کاروبارەکان بەرەو پاشاگەردانیی دەستووری بەتایبەتیش دەقە دەستوورییەکان دەچن**

بە دابەشکردنی «دەسەڵات و داهات» لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان لەسەر ئاستی هەموو عێراق، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت کە برِبرِەی پشتی بەرِێوەبردنی دەوڵەتە لە بەرِێوەبردنی ئەم سێکتەرە رِۆڵیان هەبێت، بەو جۆرەی لە دەستوور بۆیان دیاری کراوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە باکگراوەندی فەلسەفیی هەر دوو ماددەی (١١١ و ١١٢) لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئەگەر لەم باکگراوەندەوە وەك دیدێکی ئایندەیی سەیری یاسای نەوت و گازی فیدرِاڵی بکەین، بێگومان وەك بەرِێزانیش ئاماژەیان پێکرد لە برِوابوون بە «تەوافق و نییەتی باش»ی کاتی نووسینەوەی ئەم دەستوورە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە ئەگەر ئێستاش برِوابوون بە «تەوافق و نییەتی باش» لای هەموو لایەك ببێتە قەناعەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا بە دیدی من کێشەکان ئەوەندە قورس نین کە نەتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە و بگەینە چارەسەرێکی مامناوەند بەپێی دەستوور، ئەمەش بەو مانایەی دەکرێت بە پیادەکردنی میکانیزمی گونجاو چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، ئەگەر ئەمە نەکەین کاروبارەکان بەرەو پاشاگەردانیی دەستووری بەتایبەتیش دەقە دەستوورییەکان دەچن. بە رِەئی ئیمە پێویستە بە میکانیزمی رِوون هەوڵ بدەین ناوەرِۆکی دەستوورەکە بەرجەستە بکەین، بەمجۆرە:

- دامەزراندنی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدرِاڵی.

ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێت بە رِەنگرِێژکردنی سیاسەتی نەوت و گازی فیدرِاڵی، ئەمەش بەو مانایەی جۆری گرێبەستەکان دیار دەکات، کە دەیانەوێت کاری پێبکریت لە عێراقی نوی، بەبێ ئەوەی جۆرێك لە کۆنتراکتەکان بەسەر ئەوی دیکە فەرز بکات، هەروەها ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێت بە دارِشتنی ستراتیژیەتی گشتیی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا مافی ئەوەشی هەیە کە «سەرپەرشتی، چاودێری، بەدواداچوون» لەسەر هەموو لایەك بکات.

- رِاگرتنی هاوسەنگی و تەوافق لەناو ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدرِاڵی.

هەیکەلەی ئەم ئەنجومەنە بە جۆرێك بێت، کە هیچ لایەك تیایدا باڵادەست و ئەوی دیکە بندەست نەبێت، ئەمەش بەو مانایە ناکرێت لایەك ٩٠٪ی دەسەڵاتەکانی لە لابێت و لایەکی دیکە هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای نیەتی باش دەبێت هاوسەنگی و تەوافق لەناو ئەنجومەنەکە بپارێزرێت، دوای ئەوەش دەکرێت وەرگرتنی پلەی سەرۆکی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدرِاڵی بە شێوەی خولی بێت، واتە خولێك لای حکومەتی فیدرِاڵی بێت و خولێك لای حکومەتی هەرێم بێت، هەروەك چۆن دوای رِووخانی رِژێمی پێشوو بە شێوەیەکی کاتی «ئەنجومەنی حوکم» لە عێراقدا دامەزرا و هەر مانگێك یەکێك لە سەرکردەکان سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی حوکمیان وەردەگرت. ئامانج لەوەی هەر مانگێك سەرکردەیەك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حکومی عێراق بکات، بۆ ئەوە بوو مێژووی رِابردوو و خوێناویی عێراق دووبارە نەبێتەوە و رِابێن لەسەر ئەوەی چۆن پێکهاتە




جیاوازەکان یەکتری قبووڵ بکەن و لەسەر بنەمای تەوافق و هاوسەنگی و هاوبەشی لەم نیشتمانەدا کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و دەوڵەت بەڕێوە ببەن.

لێرەدا دیسان جەخت لە بوونی «نییەتی باش» دەکەمەوە کە پێویستە لەنێوان هەموو لایەنەکاندا بوونی هەبێت، بەوەی بە دیدێکی هاوبەشی نیشتمانییانە و ئایندەی نیشتمانییانە هەوڵ بدەن ئەم سێکتەرە گرنگە ڕێك بخەنەوە. ئەگەر کاروبارەکان لە چوارچێوەی نییەتی باش بچنە پێشەوە، ئەوا هیچ ڕێگرییەکی دەستووری نابێت کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵی خولی بێت و هەر ماوەیەك لایەك سەرۆکایەتی بکات.

بۆ بەرجەستەکردنی ماددەی ١١٢ ی دەستوور کە باسی بەڕێوەبردنی نەوت دەکات، ئەوا وەك بەڕێزانیش باسیان کرد، بەڕێوەبردن جیاوازە لە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی دەرەوە و بارزگانیی دەرەکی، با بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە، دەسەڵاتی فیدراڵی مافی سەرپەرشتیکاری و چاودێری و بەدواداچوونی هەموو لایەکی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەگەر لایەك لە سیستەمە ڕەنگرێژکراوەکە دەرچوو، ئەوا دەسەڵاتی فیدراڵی مافی خۆیەتی چاودێری بکات و بەدواداچوونی لەسەر بکات، بەڵام بەڕێوەبردنەکە بە یەکەوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگە بەرهەمهێنەرەکان بەڕێوە ببرێت، ئەمەش واتە پێکەوەییەك هەیە لە بەڕێوەبردن، ئەوجا ئەم بەڕێوەبردنە پێکەوەییە لە کەرتی نەوت و گاز، دەشێت پارێزگایەکی بەرهەمهێنەر پێکەوە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی بەڕێوەی بەرن، پارێزگایەکی دیکە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی پێکەوە بەڕێوەی بەرن.

لە هەرێمی کوردستان دەکرێت وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئەم کارە بەڕێوەبەرێت، بەڵام بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵی کە ئەویش ئەو مافەی هەیە «چاودێری، سەرپەرشتی، بەدواداچوون» بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بکات. هەر بۆیە ئەگەر هەموو لایەنەکان بەم ئاراستەیە مامەڵە بکەن، دەتوانن هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، لە کاتی ئێستادا ئەگەر بەو شێوازەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، هەموو لایەنەکان ئامادەییان تیا بێت بەو جۆرە یاساکە دەربکرێت، ئەوا زۆر باش دەبێت و هەموو گەلانی عێراق سوودمەند دەبن لەم سامانە و هەموو لایەك براوە دەبێت، بەڵام ئەگەر لایەك خۆی بە باڵادەست و ئەوی دیکە بە بندەست ببینێت، ئەوا من پشتگیری ئەوە ناکەم کە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە کاتی ئێستادا دەربچێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە یەکەم بنەمای یاسایی تۆکمە بۆ ڕێکخستنی بواری نەوت و گاز لە عێراق و بێگومان کاریگەریی تەواوی دەبێت لەسەر داهاتوو، کە لەوانەیە گۆڕینی زۆر ئەستەم بێت لە داهاتوو، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنێکی یاسایی بۆ ڕاڤەکردنی دەقە دەستوورییەکانی تایبەت بە نەوت و گاز.

**دەکرێت وەرگرتنی پلەی سەرۆکی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵی بە شێوەی خولی بێت، واتە خولێك لای حکومەتی فیدراڵی بێت و خولێك لای حکومەتی هەرێم بێت**

**ئامانج لەوەی هەر مانگێك سەرکردەیەك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حکومی عێراق بکات، بۆ ئەوە بوو مێژووی ڕابردوو و خوێناویی عێراق دووبارە نەبێتەوە و ڕابێن لەسەر ئەوەی چۆن پێکهاتە جیاوازەکان یەکتری قبووڵ بکەن**



**د.فەهمی محەمەد عەلی**

ئابووریناس و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین:

# هەم دەستتێوەردانی هەرێمی و ناوچەیی و هەم دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەم شێوەی ئێستا بمێنێتەوە

**د.فەهمی محەمەد عەلی، ئابووریناسە و مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین و یەکێکە لەو ئەکادیمیستە ئابوورییانەی کە بەردەوام توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئابووری دەکات و لە کۆڕ و کۆڕبەندە سیاسی و ئابوورییەکاندا ئامادەبوونی هەیە و ڕاشکاوانە لە ڕەهەندی ئابوورییەوە قسە لەسەر ڕووداو وپێشهاتەکان دەکات، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆشدا (یاسای نەوت وگازی فیدڕاڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن)، لە ڕوانگەی گرنگیی ئابووریی نەوت لە سیاسەت و ستراتیژیەتی دەوڵەتدا قسەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە کرد.**

سوپاس بۆ بانگهێشتکردنمان بۆ ئەم گفتوگۆیە کە لەسەر پرسێکی هەستیاری لەمێژینەیە و پەیوەستە بە چارەنووسی داهاتووی هەرێمەکەمان و وابەستەیە بە قوتی ژیانی تاك بە تاکی نەتەوەکەمان وەك یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدڕاڵی بەڕێوە دەچێت.

پێش هەموو شتێك هەر باسکردنی نەوت وەك کاڵایەك گرنگی و هەستیارییەکی زۆری هەیە و کۆمەڵێك ڕەهەندی سیاسیی و ئابووری و یاسایی تەنانەت نەتەوەییش پێکەوە گرێ دەداتەوە. لەم گفتوگۆیەشدا هاوڕێیانم بە تێر و تەسەلی قسەیان لەسەر لایەنە سیاسی و یاساییەکەی کرد، بۆیە من لە ڕەهەندە ئابوورییەکەوە لێکدانەوەی لەسەر دەکەم.

پرسیاری سەرەکی و گرنگ ئەوەیە بۆچی دەستبردن بۆ نەوت لە هەموو لایەنەکانی وەبەرهێنان و یاسا و گواستنەوەش لە سیاسەتی عێراقیدا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی هەموو دەوڵەتە یەك لە دوا یەکەکانی هەتاکو ئێستا پرسێکی لە ڕاددەبەدەر گرنگ و هەستیار بووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر لە ڕەهەندە ئابوورییەکەیەوە سەیری بکەین، ئەوەیە کە عێراق خاوەنی بڕێکی زۆری نەوتە کە لە ڕیزبەندی وڵاتە یەکەمەکانی جیهانە لە یەدەکی دۆزراوەی نەوت و هەروەها ڕێژەیەکی بەرزی زیاتر لە ٩٠٪ی داهاتی ساڵانەی عێراق پێکدەهێنت، واتە ڕێژەیەکی بەرزی بەرهەمی نیشمانیی ئەم وڵاتە پشکی نەوتە، یان پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە.

کەواتە ئەو کاڵایەی کە پێی دەگوترێت «نەوت» و بە بڕبڕەی پشتی داهات و ئابووریی سەرجەم سێکتەرەکانی عێراق دادەنرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە ئەگەر

دیسانەوە بپرسین: بۆچی ناتوانرێت یاسایەکی ڕێکوپێك بەناوی «یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدراڵی» بۆ دەربکرێت؟ ئایا هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق یاساناسی باشمان نییە، تاکو بتوانن ئەو یاسایە دابڕێژن؟ ئایا ئەو ئیشکالیەتەی لەسەر ئەو مادده و بەندە دەستوورییانەیە کە پەیوەندییان بە نەوتەوە هەیە، هێندە قورس و ئاڵۆزن کە نەتوانین لێکتێگەیشتنی لەسەر دروست بکەین و لەسەر تەفسیرێکی هاوبەش ڕێك بکەوین و ئەم کێشەیە کۆتایی بێت؟

بە خوێندنەوەی من وەك ئابووریناسێك هۆکاری سەرەکی بۆ ڕێگرتن لە دەرچوونی ئەم یاسایە فرە ڕەهەندە و تەنیا هۆکارەکەی بێ توانایی یاسایی و تێنەگەیشتن لە مادده دەستوورییەکان نین، بەڵکو هۆکاری سەرەکی بۆ ڕێگرتن لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئەو هۆکارانەن کە زیاتر پەیوەندییان بەو بارودۆخە سیاسییە ناسەقامگیر و مەزهەبییەوە هەیە کە لە مێژووی عێراقەوە هەن و پاش ڕووخانی ڕژێم زیاتر تەشەنەیان کرد و ئێستا لە عێراقدا زیاتر زەق بوونەتەوە. ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە بووەتە هۆکاری ئەوەی هەم دەستتێوەردانی هەرێمی و ناوچەیی و هەم دەستتێوەردانی نێودەوڵەتیش هەبێت، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەم شێوەی ئێستا بمێنێتەوە کە خزمەتی بەرژەوەندیی ئەوان بکات. ئەوجا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن، ئەوا هەم لەسەر ئاستی هەرێمی و هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بازاڕی جیهانی نەوت، دەستتێوەردان لە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەکەن.

ئەو ئاستەنگانەش کە لە سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هەیە و بوونەتە کێشە لە نێوان عێراق و هەرێم زەق دەکرێنەوە کە پەیوەندیدارن بە «شێوازی گرێبەستەکان، تێچووی بەرهەمهێنان، کرێی گواستنەوە»، هەموو ئەم کێشانەش کە لەم سێکتەرە بۆ هەرێم دروست بوون، دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرە سیاسییەن کە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند هەیە و ئەو بارودۆخەی بۆ هەرێم دروست کردووە کە ناچارە و دەبێت وابێت. چونکە ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی یاسایی و سیاسیی دادانپێدانراوی جیهانی هەبوایە، ئەوا ئەو گرێبەستانە و گرێبەستی کۆمپانیاکانی نەوتیش وەك ئێستا نەدەبوون.

ئەم پرس و ئاستەنگانە لە چەندین کۆڕ و گفتوگۆی دیکەش زۆر بە جددی و ڕاشکاوانە قسەمان لەسەر کردووە و جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کاتێك باسی شێوازی گرێبەستەکان و تێچووی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی هەرێم دەکەین، دەبێت ئەو بارودۆخە سیاسییە ناسەقامگیرە لەبەر چاو بگیرێت و، ئەوە ڕەچاو بکرێت کە هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی سەقامگیر نییە، هەتا بتوانێت چۆن دەیەوێت بەو شێوەیە گرێبەستەکان گرێ بدات، بەڵکو لەبەر ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرییە سیاسییەی لە عێراقدا هەیە، زۆر جار هەرێمی کوردستان ناچار بووە ئاسانکاری و ئیمتیازاتی زیاتر بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییە گەورەکانی نەوت بدات، بۆ ئەوەی ڕازییان بکات و بێن لە کوردستان سەرمایەی خۆیان لە وەبەرهێنانی سێکتەری نەوت و گاز وەگەڕ بخەن.

پرسیار ئەوەیە ئێمە وەك هاووڵاتیانی کوردستان دەبێت چۆن سەیری ئەم پرسە هەستیارە بکەین و چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، بەپێی دەستوور «نەوت موڵکی هەموو گەلانی عێراقە»، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا وەك گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە گرنگە بکەین، یان وەك تاکێك و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تاکە کەسییەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێم: ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و تیایدا دەسەڵات و داهات دابەش دەکرێت، ئەوە ئەمە مانای ئەوەیە دەبێت هەرێمەکان دەسەڵاتی ئەوەیان پێ بدرێت کە ڕۆڵیان هەبێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی ئەم سێکتەر گرنگ و هەستیارە بەڕێوەبەرێت، بۆیە پرسی نەوت وگاز بۆ هەرێمی کوردستان، تەنیا پەیوەندی بە داهاتی تاکە کەسییەوە نییە، بەڵکو پرسێکە پەیوەندی بە داهاتی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، پەیوەندی بە داهاتووی نەتەوەشمانەوە هەیە، وەك ڕەهەندێکی سیاسیی نەتەوەیی، بۆیە دەکرێت هەردوو کاڵای نەوت و گاز بکرێتە کارتێك بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ئاستی بازرگانیمان لەگەڵ دەرەوە فراوانتر بکەین.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، یان ئەو کێشە و ئاستەنگانەی لەم سێکتەرە گرنگە هەن، نە پەیوەندی بە ڕەهەندی یاساییەوە هەیە، کە نەتوانین یاسایەك دابنێین، نە پەیوەندی بە ڕەهەندە ئابوورییەکەوە هەیە کە نەزانین چۆن ئەم داهاتە دابەش بکەین، بەڵکو گرفت و کێشەی سەرەکی کە ناسەقامگیری لە سێکتەری نەوت و گاز دروست کردووە، بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و نەتەوەییە ناسەقامگیرەی عێراق دەگەڕێتەوە، وڵاتانی دەوروبەریش بۆ بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسییەکانیان زیاتر ئاڵۆزی دەکەن.

**عێراق خاوەنی بڕێکی زۆری نەوتە کە لە ڕیزبەندی وڵاتە یەکەمەکانی جیهانە لە یەدەکی دۆزراوەی نەوت**

**ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی یاسایی و سیاسیی دانپێدانراوی جیهانی هەبوایە، ئەوا ئەو گرێبەستانە و گرێبەستی کۆمپانیاکانی نەوتیش وەک ئێستا نەدەبوون**

**دەکرێت هەردوو کاڵای نەوت و گاز بکرێتە کارتێک بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ئاستی بازرگانیمان لەگەڵ دەرەوە فراوانتر بکەین**

**گرفت و کێشەی سەرەکی کە ناسەقامگیری لە سێکتەری نەوت و گاز دروست کردووە، بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و نەتەوەییە ناسەقامگیرەی عێراق دەگەڕێتەوە، وڵاتانی دەوروبەریش بۆ بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسییەکانیان زیاتر ئاڵۆزی دەکەن**



**د.گەیلان ئەحمەد جەمیل**

ئابووریناس و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین:

# عێراق خاوەنی سامانی گەورەی سرووشتییە کەچی هاووڵاتیانی لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بێبەشن

د.گەیلان ئەحمەد جەمیل، ئابووریناس و مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین و وەك ئەکادیمیستێك چەندین توێژینەوەی زانستیی گرنگی لەسەر سیاسەتی ئابووری و گرنگیی پرۆسەی پەرەپێدان هەیە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن)، بە دیدێکی ئابووریناسانە باسی لە گرنگیی دەرکردنی ئەم یاسایە کرد، بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ئابووریی عێراق و پەرەپێدانی وەبەرهێنان و بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، کە کۆمەڵێك دەستەبژێری کوردستانی و عێراقی کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە بکەین.

بەڕێزان لەم گفتوگۆیە ئاماژەیان بەوەکرد، کە نەوت وەك کاڵایەك پێش ئەوەی ئابووری بێت، زیاتر کاڵایەکی سیاسییە و لە زۆربەی کێشەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت.، ئەوجا لەبەر ئەوەی زۆر بە تێر و تەسەلی لەم گفتوگۆیە باس لە ڕەهەندە سیاسی و یاساییەکانی ئەم پرسە گرنگە کرا و زیاتر پسپۆڕیی بەڕێزیان بوو، بۆیە من لەسەر لایەنە ئابوورییەکەی قسە دەکەم.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر بپرسین: نەبوونی یاسایەکی گرنگی وەك «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی»، چ دەرهاویشتەیەکی نەرێنی لەسەر سیاسەتی ئابووری و پرۆسەی پەرەپێدان لە عێراق بەگشتی و لەسەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەجێهێشتووە؟

بە مەزندەی من وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ دەستنیشانکردنی دەرهاویشتە نەرێنییەکان، پێویستی بە شرۆڤەی زانستی و شرۆڤەی زانستی ئابووری نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەرهاویشتە نەرێنییەکان کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی عێراقی و کوردستانی دروست کردووە. لە سەردەمی شەڕی داعش و نەخۆشیی کۆڕۆنا بینیمان کە نرخی نەوت بە شێوەکی بەرچاو دابەزی و کاریگەریی ڕاستەخۆی کردە سەر ژیانی هاووڵاتیان و مووچە دواکەوت و زۆربەی خزمەتگوزارییەکان وەستان. بۆیە پرسیار لە هەر هاووڵاتییەك بکەیت، زۆربەی دەرهاویشتە نەرێنییانەت بۆ پۆلێن دەکات. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕەوتی پرۆسەی وەبەرهێنان بکەین، بەگشتی و وەبەرهێنان لە هەردوو سێکتەری نەوت و گاز بەتایبەتی، کە پرسی سەرەکیی ئەم گفتوگۆیەی ئێمەیە، دەبینین لەبەر ئەوەی «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» لە عێراقدا بوونی نییە، جۆرێك لە ناسەقامگیری لە ژینگەی وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان دروست بووە. دیارە ناسەقامگیری تەنیا ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی نییە، بەڵکو ناسەقامگیریی یاسایی بەشێکی گرنگی ناسەقامگیرییەکانە، بۆ وڵاتێکی فیدراڵیی وەکو عێراق کە بەردەوام کێشمەکێشی کارگێڕی و یاسایی و سیاسی لە نێوان مەرکەز و هەرێم هەیە. بۆیە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت و گاز دەترسن سەرمایەکانیان بێنن لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بە گەڕی بخەن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت پەرە بە پرۆسەی وەبەرهێنان لەم سێکتەرە گرنگە بدرێت، کە زیاتر لە ٩٠٪ی کۆی داهاتی بودجەی عێراق دابین دەکات.

لەلایەکی دیکەوە کاتێك ناسەقامگیریی سیاسی و یاسایی لە وڵاتیکدا هەبوو، ئەوا کاتێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی گەورەی نەوت گرێبەست دەکەین، ئەگەر ئاسانکاری و ئیمتیازاتی گەورەی پێ نەدەین، ئامادە نابێت سەرمایەکەی خۆی بخاتە مەترسییەوە و بێت لە وڵاتێکی ناسەقامگیردا وەبەرهێنان بکات.

بە بڕوای من یەکێك لە کێشەی ناو گرێبەستە نەوتییەکانی ئێمە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ناچار بووە ئاسانکاری و ئیمتیازاتی زیاتر بدات بەو کۆمپانیانە بۆ ئەوەی لە کوردستان وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گازدا بکەن.

هەر لە چوارچێوەی قسەکردن لەسەر «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» بەڕێزان زۆر هەڵوەستەیان لەسەر ڕەهەندە یاساییەکانی ئەم پرسە کرد و لە ڕووی ئابوورییشەوە ئاماژەیان بە گرنگیی نەوت کرد، وەك سەرچاوەی سەرەکیی داهات لە عێراقدا، بەڵام لەم پرسەدا کاتێك باس لە داهات دەکرێت، ئەمە وەك بەشێك لە سەرچاوەی داهات بۆ بودجەی عێراق حیساب دەکرێت، لە بەرانبەردا «داهاتی نەتەوەیی — الدخل القومي» ئەوەیان چەمکێکی جیاوازە، هەر بۆیە کاتێك باس لەوە دەکرێت، بودجەی عێراق بە ڕێژەی سەرووی ٩٠٪ لە داهاتی نەوت پێکدێت، ئەمە پەیوەستە بە بودجەی وڵات، بەڵام کە دێینە سەر داهاتی نەتەوەیی

**لەبەر ئەوەی «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» لە عێراقدا بوونی نییە، جۆرێک لە ناسەقامگیری لە ژینگەی وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان دروست بووە**

**ئێمە وەک هەرێمی کوردستان ناچار بووین ئاسانکاری و ئیمتیازاتی زیاتر بدەین بەو کۆمپانیانە بۆ ئەوەی بێن لە کوردستان وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گازدا بکەن**

**لەبەر ئەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵییمان نییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە نەوتەکەی بە کەمتر لە نرخی ئۆپێک لە بازاڕەکانی جیهاندا ساغ بکاتەوە**

فراوانتره و ڕێژەی نەوت لە داهاتی نەتەوەیی کەم دەبێتەوە بۆ تەنیا ٣٠٪ تا٤٠٪.

دەرهاویشتەیەکی نەرێنیی دیکە کە بە هۆی نەبوونی یاسای نەوت وگازی فیدراڵی لەسەر سێکتەری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە، ناتوانین بە شێوەی ئابووریی نموونەیی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئەم کەرتە بکەین و بەرزترین بەرهەم بە کەمترین تێچوون بەرهەم بهێنین، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە هەردوو لایەنی تێچوون و داهات بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: تێچوونی نەوت بەرزە بە هۆی (بەرزیی نرخی دەرهێنانی نەوت و گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان).

دووەم: داهات فرۆشی نەوت نزمە بە هۆی (کەمیی نرخی فرۆشی نەوتی هەرێمی کوردستان)، بە هۆی نەبوونی یاسایەکی ڕوون کە مافی فرۆشتنی نەوت بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم ناچار بووە نەوتەکەی بە کەمتر لە نرخی بازاڕ لە بازارەکانی جیهاندا ساغ بکاتەوە، ئەمەش هۆکارێکە کاریگەری لەسەر ئابووریی کوردستان و بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات بووە.

گرنگترین ئاستەنگ لە بەردەم دەرنەچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئەو کێشانەیە کە ئێستا لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەیە لەسەر «تێچوویی بەرهەمهێنان، کرێی گواستنەوە»، ئەم دوو کێشەیە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانرێت دووبارە دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەین. لەمەدا ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە ڕۆژێکدا لە نێوان «٤٠٠-



٥٠٠» هەزار بەرمیل نەوتە، ئەوا ئەم ڕێژەیە ١٢٪ی کۆی هەناردەکردنی نەوتی عێراق پێکدەهێنت، کاتێکیش ئەم نەوتە نافرۆشرێت و ناچێتە ناو بودجەی عێراقەوە، ئەوە دەوڵەتی عێراقیش بەو ڕێژەیە لە داهاتی نەوت بۆ بودجەی گشتی زیان دەکات.

ئێمە ئێستا لە وڵاتێك دەژین بە خۆمان دەڵێین « فیدراڵی و دیموکراتی»، بەڵام لەم وڵاتەدا یاسایەکی فیدراڵیمان بۆ ڕێکخستنی نەوت و گاز نییە، هەر بۆیە کاتێك خۆمان بەراورد دەکەین بە وڵاتێکی وەك ئیمارات، یان نەرویژ کە ئەوانیش دوو وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتن، دەبینین ئەوان توانیویانە ژێرخانەکانی خۆیان دروست بکەنەوە و دەوڵەتێکی هاوچەرخ بونیاد بنێنن و، لە ڕێگای داهاتی نەوت توانیویانە پەرە بە کەرتەکانی دیکەی ئابووری بدەن، وەکو (گەشتیاری، کشتوکاڵ، بازرگانی، عقارات) هەروەها توانیویانە بەشێك لە داهاتی نەوت بۆ نەوەکانی داهاتوو پاشەکەوت بکەن، ئەمەش هەمووی بە یاسا ڕێك خراوە و سندووقی داهاتە نەوتییەکانیان کارایە، بەڵام لە عێراقدا کە خاوەنی ئەم سامانە سرووشتییە گەورەیەیە هێشتا هاووڵاتیان لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بێبەشن.

لە کۆتاییدا بە گرنگی دەزانین، لایەنەکان و هەردوو حکومەت پەلە بکەن لەسەر ڕێککەوتن لەسەر ڕەشنووسی یاسایەکی تۆکمە و گونجاو بۆ نەوت و گاز و تێیدا ڕەچاوی بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و نەوەی داهاتوو و پاراستنی ژینگە بکرێت و، هانی وەبەرهێنان بدرێت لەم کەرتە بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنانی پترۆکیمیاویات و بەرهەمە جیاوازەکان کە لە نەوتی خاو دروست دەکرێن، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەم کاڵا ستراتیژییە گرنگە، زۆرترین داهات بۆ وڵات بەدەست بێت.

**ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە ڕۆژێکدا لە نێوان « ٤٠٠-٥٠٠» هەزار بەرمیل نەوتە، ئەوا ئەم ڕێژەیە کۆی ١٢٪ی کۆی هەناردەکردنی نەوتی عێراق پێکدەهێنت**





**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# ئەزموونی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت پێمان دەڵێت هۆکاری سەرەکی کە هەم نەوت دەکاتە نیعمەت و هەم دەیکاتە بەڵا شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو سێکتەرە گرنگە

**شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس و، یاساناسە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

پێش ئەوەی باس لە زیانەکانی نەبوونی «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» بکەم، بەوەی تاچەند نەبوونی ئەم یاسایە دەرهاویشتەی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت و، دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەیکەلەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق بە ناتەواوی بمێنێتەوە و، نەتوانرێت ستراتیژییەتێکی دروست دابنرێت، بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووریی عێراق بە شێوەیەکی پتەو بونیاد بنرێتەوە و پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدانی کۆی کایەکانی ئەم دەوڵەتە بگاتە ئەوەی پێی دەڵێن پەرەپێدانی بەردەوام (Sustainable Development)، ئەوا لەو پرسیارە جیهانییەوە دەست پێدەکەم کە دەپرسن: نەوت نیعمەتە یان نەفرەتە؟ (Oil Blessing or Curse). ڕاشکاوانەتر بۆچی نەوت وەك سامانێکی سرووشتیی پڕداهات بۆ وڵاتانی وەك (نەیجیریا، فەنزویلا، ئێران، عێراق و.. هتد) بووەتە بەڵا و نەفرەت، بەڵام لە بەرامبەردا بۆ دەوڵەتگەلێکی وەك (ئیمارات، قەتەر، نەروێژ، سەڵتەنەی عومان و... هتد) بووەتە نیعمەتێکی ئیلاهی و دەوڵەت و وڵاتی خۆیان گەیاندووەتە ئەو ئاستەی بەرزەی کە هەموو جیهان بە سەرسامییەوە سەیریان بکات؟.

ئەزموونی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت پێمان دەڵێت، هۆکاری سەرەکی کە هەم نەوت دەکاتە نیعمەتێکی ئیلاهی و لە هەمان کاتدا دەیکاتە بەڵا و نەفرەتێکی ئیلاهی، شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو سێکتەرە گرنگەی کە پێی دەگوترێت «سێکتەری نەوت، یان سێکتەری نەوت وگاز».

لێرەوە ئەگەر بە زمانی ژمارە هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر داهاتی ئەو سامانی نەوتە بکەین کە خوا بە عێراقی بەخشیوە، ئەوا ماوەی ٢٠ساڵی تەواوە هیچ ساڵێك بودجەی عێراق لە ١٠٠ ملیار دۆلار کەمتر نەبووە، بەڵام بودجەی ئەمساڵی عێراق نزیکەی (١٢٠-١٥٠) ملیار دۆلارە، کە وەك هەموو

بەڕێزانیش ئاماژەیان پێ کرد بە ڕێژەی ٩٠٪ی بوجەی عێراق داهاتی نەوتە.

ئەوجا ئەگەر داهاتی ئەم ٢٠ ساڵەی نەوتی عێراق کۆ بکەینەوە، ئەوا زیاتر لە دوو ترلیۆن دۆلار داهاتی نەوتی بووە، بەڵام لە بەرانبەردا واقیعی پارێزگاکانی عێراق بەم جۆرەیە ئاوی خواردنەوە و کارەبا نییە، بەغدا وەك پایتەخت بەپێی ئاماری جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٢ پیسترین پایتەخت بووە لە جیهاندا و نەتوانراوە خۆڵ و خاشاك کۆ بکرێتەوە. بەسرا کە گەورەترین پارێزگای بەرهەمهێنەری نەوتە لە عێراق، نەتوانراوە هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان لەو پارێزگایە دابین بکرێت، ئەمە بەراورد بە ئەورووپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٩ توانرا ١٦ دەوڵەت لە چوارچێوەی پلانی مارشاڵ ئاوەدان بکرێتەوە، هیچ وڵاتیکی ئەورووپی پێویستی بە چەند ملیار دۆلارێك زیاتر نەبووە و توانییان بناغە بۆ یەکێتیی ئەورووپا دابنێن.

هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و نووسینەوە و پەسندکردنی دەستووری عێراق، بە ڕۆئیایەکی پڕ ئومێد و گەشبینییەوە سەیری بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێی دەکرد، هەربۆیە زۆر بە پەرۆشەوە لە هەموو بوار و جومگەکانی دەوڵەتی عێراقدا هاریکاری حکومەتی فیدراڵیی عێراقی دەکرد، بۆ ئەوەی ڕۆژێك زووتر عێراق وەك دەوڵەت بکەوێتەوە سەر پێی خۆی، لە سێکتەری نەوت و گازیشدا، پێش ئەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان دەر بکات، ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی نووسی و دای بە حکومەتی عێراق و لەسەری ڕێککەوتن، ئینجا یاسای نەوت و گازی هەرێم لەسەر بنەمای ئەو ڕەشنووسە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا و دەست بە وەبەرهێنان لە سێکتەر نەوت و گازی هەرێم کرا، بەڵام دواتر لە بەرانبەر ئەم پەرۆشی و گەشبینییەی هەرێم بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، بەدگومانی هاتە ئاراوە و کەوتنە بیانووگرتن بە ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و، هەوڵەکان بەو ئامانجە بوون کە کۆی ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە ناو یاساکەدا بسڕنەوە، ئەمەش بووە ئاستەنگی سەرەکی و ڕێگر لە بەردەم بونیادنانەوەی عێراقی نوێ وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و، پەرەپێدانی فراوانیش لە هەرێمی کوردستاندا.

لە ئێستادا کە ڕێککەوتنێکی زۆر باش لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کراوە و بووەتە پرۆگرامی حکومەتەکەی د.محەمەد شیاع سوودانی و ئەم پرۆگرامە لە پەرلەمان پەسند کراوە، هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی زۆر باشیش لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی دروست بووە، تەنانەت لەسەر پرسی بەبازاڕکردنی نەوتی هەرێمیش لە لایەن کۆمپانیای سۆمۆوە ڕێککەوتن کراوە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە لەسەر تەفسیرێکی هاوبەش بۆ هەردوو ماددەی (١١١ و ١١٢) ی دەستوور ڕێك بکەون، کە دەبێتە نەخشەی ڕێگە بۆ تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە بە شێوازێك ئەو دوومادەیە تەفسیر بکرێت، کە لە چوارچێوەی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدراڵیدا بە ڕێگەی زۆرینە و کەمینە و زهنییەتی سەنتراڵی لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازدا هەر وەك خۆی بمێنێتەوە.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئاماژە بۆ خاڵێکی دیکە بکەم، کە ئەویش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانە دوای بڕیارەکەی دادگای بازرگانیی پاریس لە ٢٥ی ئاداری ٢٠٢٣، کە ماوەی ١٥ مانگە و بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیاکانی نەوت، ئەم ڕاگرتنە مانگانە زیانی یەك ملیار دۆلاری لە ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان داوە، کە هەتا ئێستا دەکاتە نزیکەی ١٥ ملیار دۆلار، ئەوجا ئەم ١٥ ملیۆن دۆلارە کە دەکاتە زیاتر لە ٢٢ ترلیۆن دینار، دەتوانرا هەموو کێشەکانی کارەبا و ئاوی خواردنەوەی لە سەرانسەری عێراقدا پێ چارەسەر بکرێت، بیانووی بێ بنەماش بۆ ئەم هەموو زیانە ئەوەیە کە دوو ماددەی دەستووری جێبەجێ نەکرێت کە ئەو ماف و دەسەڵات بە هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت دەدات، بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی پێکەوە (معا) سێکتەری نەوت و گاز بەڕێوە ببەن.

کلیلی چارەسەری ئەوەی کە نەهێڵین نەوت لە نیعمەتەوە ببێتە بەڵا و نەفرەت، هەتا ئێستا لە دەستی عێراقییەکانە، ئەگەر ئەقڵییەتی خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە سەنتراڵییەوە نەگۆڕین بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، ئەوا نە یاسای نەوت وگازی فیدراڵی ڕووناکی دەبینێت، نە مێژووی عێراقیش لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو باشتر دەبێت.

**ماوەی ٢٠ ساڵی تەواوە هیچ ساڵێک بودجەی عێراق لە ١٠٠ ملیار دۆلار کەمتر نەبووە، بەڵام بودجەی ئەمساڵی عێراق نزیکەی (١٢٠-١٥٠) ملیار دۆلارە**

**بەسرا کە گەورەترین پارێزگای بەرهەمهێنەری نەوتە لە عێراق، نەتوانراوە هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان لەو پارێزگایە دابین بکرێت**

**هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستووری عێراق، بە ڕۆئیایەکی پڕ ئومێد و گەشبینییەوە سەیری بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێی دەکرد**

**ئەگەر ئەقڵییەتی خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە سەنتراڵییەوە نەگۆڕین بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، ئەوا نە یاسای نەوت وگازی فیدراڵی ڕووناکی دەبینێت، نە مێژووی عێراقیش لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو باشتر دەبێت**




## پ.د.نەزاکەت حوسێن

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:


# هێشتا خەڵک نازانێت کە هۆکاری سەرەکیی بەشێک لە ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووریی ئەم وڵاتە نەبوونی یاسای نەوت و گازە

**پ.د.نەزاکەت حوسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی . خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

میوانانی بەڕێز هەریەکەیان لە پسپۆڕیی و ئەزموونی خۆیەوە، بە وردی باسی هۆکاری دواکەوتنی دەرچوواندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵییان کرد و، بەربەستەکانی بەردەمی و مەترسییەکانی نەبوونیان خستە ڕوو. من یاساناس نیم و پسپۆڕیم لەم بوارە نییە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باسی ئامراز و میکانیزمێکی گرنگیی پشتیوان بۆ بەرهەمهێنان و جێبەجێکردنی هەر یاسا و ڕێنمایی و گۆڕانکارییەك لە سیستەم و ئەجندای کاردا دەکەم. لەوێوە باسی دەکەم، کە بەڕێز د.مەناف ئەلمووسەوی ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ دا، کە گوتی: «دەبێت فشارێکی جەماوەری لەسەر لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمان دروست بکرێت، بۆ هەرچی زووتر بەرهەمهێنانی ئەم یاسەیە». ئەمە خاڵێکی گرنگی جەوهەرییە بۆ هەر پرۆژە و ڕەشنووس و ئەجندا و پاکیجێك، کە هەر حکومەتێك

هەیبێت بۆ وڵاتەکەی، کە دەبێت ڕای گشتیی لەسەر بێت و دەبێت حکومەت ڕایەکی گشتی بۆ پشتیوانیی ئەو پڕۆژەیە دەستەبەر بکات، ئەگینا ئەگەر یاساکەشی هەبێت، جێبەجێ بوونی ئاسان نابێت و گونجاندنی لەگەڵ ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە زەحمەت دەبێت. بۆیە من دەچمە سەر پسپۆرییەکەی خۆم کە تەسویق و ڕاگەیانەندە، کە چۆن بتوانین وەك ئامرازێکی کاریگەر بەکاری بهێنین بۆ پشتیوانیی ئەم پڕۆژەیە، کە بەرهەمهێنانی یاسایەکی نەوت و گازە کە کۆدەنگیی لەسەر دروست ببێت و ڕێککەوتنێکی سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەر بکەین. گرفتی گەورەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئێمەش ئەوەیە کە هیچ ئامادەسازی و زەمینەسازییەکی جەماوەری بۆ پڕۆژە و بەرنامەکانمان ناکەین کە دەمانەوێت بیهێنینە بەرهەم و بۆ جەماوەری ڕوون ناکەینەوە و ڕای گشتی بۆ دروست ناکەین.

ڕاگەیاندن وەك ئامرازێکی هەرە کاریگەری تەسویقی لەکاتی بەرهەمهێنانی یاسا و پڕۆژەکان بۆ نیشتمان ناخەینە گەڕ، تاکو جەماوەر بەشداری بکات بە ڕا و بۆچوونەکانی لەو پڕۆژەیەدا، تا بەرچاو ڕوون بێت و گرنگییەکەی بزانێت و بۆشایی نەبوون و مەترسییەکانی بۆ سەر نیشتمان و ژیانی خۆیشی لا ڕوون بێت، ئەوکات زۆر باش دەتوانێت ببێتە پشتیوان بۆی و فشاری جەماوەری هەبێت لەسەر ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بە ئامادەکردنی ئەو پڕۆژەیە و ئەرکیانە بەرهەمی بهێنن. مەبەست لێرەدا فەوزای ئیعلامی و هوتافکێشان نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بە سەنگینی و هاوسەنگییەوە ڕاگەیاندنێکی بەرپرسی نیشتمانی ئەمە بکات و بە زانستی و لۆژیکی شتەکان بخاتە ڕوو.

لە ساڵانی ڕابردوودا وەك سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان سەردانی کونسوڵی نوێی ئەو کاتەی ئەمریکامان لە شاری هەولێر کرد. ئەو باسی پشتیوانیی جەماوەری کرد بۆ دەستوور و یاسا و پڕۆژەکانی حکومەت و، گوتی: «کاتێك دەستووری ئەمریکا نووسرایەوە، ماوەی چەند ڕۆژێك خەڵك لە بەردەم هۆڵەکە چاوەڕێ بوون، تا دەستوورەکە تەواو ببێت و ئیعلان بکرێت، کە لێژنەی ئامادەکاریی دەستوور هاتنە دەرەوە لە هۆڵەکە، خەڵکەکە گوتیان چیتان کرد؟ ئەوانیش گوتیان: ئەگەر ئێوە پشتیوانمان بن بۆ جێبەجێکردنی، ئێمە شتێکی باشمان ئامادە کردووە». ئەمە ئەوە دەردەخات، نابێت لە کاتی ئامادەکاری و نییەتی جێبەجێکردنی هەر بڕیار و یاسا و ڕێنماییەکدا جەماوەر و ڕای گشتی فەرامۆش بکرێت، بەڵکو دەبێت ڕاگەیاندن پێش وەخت کاری لەسەر بکات و گفتوگۆی گەرمی لەسەر بکات و پسپۆڕان لەو بارەوە بدوێنێت. ئەرێنی و نەرێنی بخاتە ڕوو، قەناعەت و ئامادەکاری بۆ قبووڵکردنی دروست بکات، لە هەمان کاتدا ئەم ڕوونکردنەوە و ڕاگەیاندنە هاوسەنگە دەمی نەیارەکان و موزایەدەچییەکان دادەخات، لەوەی دژی یاسا و بڕیارەکان بوەستنەوە.

دەتوانم بڵێم ڕێژەی ١٪ی دانیشتووانی عێراق نازانن یاسای نەوت و گاز چییە و گرنگیی بۆ وڵات چییە، یان نەبوونی چ مەترسییەکە، سوود و قازانجی بۆ ئەو وەك هاووڵاتی چییە، تاکو ببێتە پشتیوانی، ببورن وا دەڵێم، ڕەنگە زۆربەی دانیشتووانی عێراق هێشتا هەر نەزانن یاسای نەوت و گاز هەیە، یان نییە، یان بۆچی نییە و بەربەستەکان چین. ئەمانە دەبێت شی بکرێنەوە بۆ خەڵك و ڕاپرسی و توێژینەوەی لەسەر بکرێت. بۆچی دەبێت باسی نەوت و گاز تەنیا لای پسۆڕان و یاساناسەکانی ئەو بوارە بێت و تەنیا ئەوان ئاگاداری باسەکانی بن و هەر ئەوان قسەی تێدا بکەن؟ ڕاستە دەبێت ئەوان بەشدار بن لە بەرهەمهێنانیدا، بەڵام بۆچی وردەکارییەکانی لای خەڵك شاراوە بێت؟ پشتیوانیی جەماوەری و ڕای گشتی بەم ڕوونکردنەوە و خستنە بەرچاوەی جەماوەر دروست دەبێت. هێشتا خەڵك نازانێت کە هۆکاری سەرەکیی بەشێك لە ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووریی ئەم وڵاتە نەبوونی یاسای نەوت و گازە، کەسیش نازانێت ئەو لایەنانەی ڕێگرن و سوودمەندن لە نەبوونی ئەم یاسایە کێن، تاکو جەماوەر فشارێك دروست بکات، بۆیە ئامرازێکی کاریگەر کە دەبێت کار بکات، لە کاتی ئامادەکردنی هەر پڕۆژەیەك و جێبەجێکردنی ڕاگەیاندنە و هۆکارەکانی دیکەی تەسویقە کە نابێت فەرامۆش بکرێت.

**دەبێت حکومەت ڕایەکی گشتی بۆ پشتیوانیی ئەو پڕۆژەیە دەستەبەر بکات، ئەگینا ئەگەر یاساکەشی هەبێت، جێبەجێ بوونی ئاسان نابێت و گونجاندنی لەگەڵ ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە زەحمەت دەبێت**

**گرفتی گەورەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئێمەش ئەوەیە کە هیچ ئامادەسازی و زەمینەسازییەکی جەماوەری بۆ پڕۆژە و بەرنامەکانمان ناکەین کە دەمانەوێت بیهێنینە بەرهەم و بۆ جەماوەری ڕوون ناکەینەوە**

**نابێت لە کاتی ئامادەکاری و نییەتی جێبەجێکردنی هەر بڕیار و یاسا و ڕێنماییەکدا جەماوەر و ڕای گشتی فەرامۆش بکرێت، بەڵکو دەبێت ڕاگەیاندن پێش وەخت کاری لەسەر بکات و گفتوگۆی گەرمی لەسەر بکات و پسپۆڕان لەو بارەوە بدوێنێت**

**ڕەنگە زۆربەی دانیشتووانی عێراق هێشتا هەر نەزانن یاسای نەوت و گاز هەیە، یان نییە، یان بۆچی نییە و بەربەستەکان چین**



**د.جەلال ئەحمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# هیچ ڕێککەوتنێک لە بەرژەوەندیی بەرەی لاوازدا نابێت، بەتایبەت ڕێککەوتنە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمان کە هیچ زەمانەتێکیان نییە

**د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و، مامۆستای کۆمەڵناسییە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی.. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

نکۆڵی ناکرێت لەوەی کە لەم سەردەمەدا سەرچاوەکانی سووتەمەنی، بەتایبەت نەوت و گاز چ ڕۆڵێکی بنیادیی سیاسی و ئابوورییان هەیە و چۆن وڵاتان دەخەنە سەر نەخشەی وزەی جیهان. لە سەرەتادا باوەڕ وا بوو کە ڕەنگە ئەم ڕۆڵە بنیادییەی نەوت بۆ هەرێمێکی وەك هەرێمی کوردستان لە هەموو شوێنێك گرنگتر بێت، ئەگەر بتوانرێت لۆبیی سیاسی پێوە بکرێت و بکرێتە ڕایەڵەیەکی دروستکردنی پەیوەندییش بە دنیای دەرەوە و دروستکردنی نفووزی ئابووریی وڵاتانی خاوەن نفووز لە هەرێمدا، تا ناچار بن لە هەر پێشهات و ئەگەرێکدا پارێزگاری لێ بکەن، لە ناوەخۆشدا گەشەپێدان و بووژانەوەیەکی هەمەلایەنە بەرجەستە بکات. ئەم جۆرە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕێگریکردنە لە دەرچوونی یاسایەکی تایبەت بە ناوی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە لایەن بەشێکی سەرەکی لە فراکسیۆنی لایەنە سیاسییەکانی پەرلەمانی عێراق.

هەرچەندە پێشتر چەند ئەندام پەرلەمانی کورد لە بەغدا ڕایانگەیاندبوو کە دوای یاسای بودجە، یاسای نەوت و گاز تاوتوێ و یەکلا دەکرێتەوە، چونکە پێشتر ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر کراوە، بەڵام دیارە ئەم ڕێککەوتنەش وەك زۆربەی ڕێککەوتنەکانی دیکە تەنیا بۆ خافڵاندن و بنکۆڵکردن بووە، دیارە کە نیازێکی پاك بەدی ناکرێت و بەشێك لە هێزە سیاسییە عەرەبییەکان، بەتایبەت شیعەکان لە ژێر کاریگەریی ئەجێندایەکی هەرێمیدا ناخوازن هەرێم بکەوێتەوە سەر نەخشەی وزەی ناوچەکە و لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە وەك پێشتر بەهێز ببێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئێران چۆن ڕێگە بەمە دەدات، لە کاتێکدا ئەگەر لە

هەرێمدا بووژانەوە لەو کەرتەدا ڕوو بدات، ڕەنگە بە قازانجی عێراق و بە زیانی ئێران بشکێتەوە و عێراق چیتر ناچار نەبێت ٤٠٪ی کارەباکەی بە نرخێکی گرانتر لە بازاڕی جیهانی لە ئێران بکڕێت. ئەمە ئەگەر هەرێم بتوانێت بە زیادەوە غاز بۆ وێستگە کارەباییەکانی کە بە غاز کار دەکەن، دەستەبەر بکات و وێستگەی بەرهەمهێنانی غازی زیاتر دروست بکرێن.

سەرباری نەبوونی شەفافییەت و ناسەقامگیری و شێواویی شوناسی حوکمڕانی لە عێراقدا، کە ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر وەبەرهێنان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی کەرتەکە هەیە، خوێندنەوەی جیاجیاش بۆ دەقە دەستوورییەکانی تایبەت بە نەوت و غاز دەکرێت، بەو واتایە بێت، پێش دەرکردنی یاساکە، دەبێ گرێ کوێرەکانی ناو دەستوور بکرێنەوە و لەوێوە دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکە بکرێت، بەڵام ڕەنگە لە جیاتی هەموارکردنەوەی دەقە دەستوورییەکان بە ئەرێنی، بە زیان بۆ کورد بشکێتەوە و دەرفەتی لەباربردنی دەستکەوتە دەستوورییەکانی دیکەش بدرێت. لە ناو هەردوو ماددەی ١١١ و ١١٢ ی دەستووردا بواری لێکدانەوەی جۆراوجۆر ڕەخسێندراوە و دارێژەرانی دەستوورەکە هەندێکیان بە ئەنقەست، هەندێکیشیان جا چ بە هۆی پەی پێ نەبردنەوە بێت، یان ناچاری، نەیانتوانیوە بابەتەکە یەکلایی بکەنەوە و پرسەکە بۆ پەرلەمان لێگەڕاون تا بە یاسا یەکلایی بکاتەوە، تەنانەت لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانی و بەکارهێنانی چەمکیشەوە دەقە دەستوورییەکان کێشەیان هەیە، بۆ نموونە لە یەکێك لە دەقەکاندا لە جیاتی گەلانی عێراق گەلی عێراق بەکار هاتووە، ئەمە و جیا لەوەی کارکردنی هەرێم لەو بوارەدا بە هاوبەشیی عێراقەوە گرێ دراوە، بەو واتایە بێت، ئەوە یەکلا نەکراوەتەوە کە ئاخۆ هەرێم سەربەخۆ دەتوانێت هیچ کارێك لە بواری کەرتی نەوت و غازدا بکات، یا نا. هەموو ئەمانە هەڵەی کوشندە بوون بۆ کورد لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کە زۆرینەی پەرلەمانی عێراق لە کێ پێك دێت و ئەنجامی تێپەڕاندنی یاساکەش چۆن دەبێت. دەبوایە هەرێم لە سەردەمی بەهێزیدا پێش ئەوەی هەوڵی وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا بدات، فشاری جددی دروست بکردبایە تا یاسایەکی هاوسەنگی نەوت و غاز یەکلا بکرێتەوە، نەك دوای بەهێزبوونەوەی حکومەتی عێراق و بە ناچاری و بێهێزییەوە هەوڵی ڕێککەوتن بدات. لە کاتێکدا ئاشکرایە هیچ ڕێککەوتنێك لە بەرژەوەندیی بەرەی لاوازدا نابێت لە هەردوو ڕووی ناوەڕۆك و ئەگەری جێبەجێکردنەوە، بەتایبەت ڕێککەوتنە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمان، کە هیچ زەمانەتێکیان نییە و لە ئەگەری پێشێلکردنیاندا پەرچەکردارەکان هیچ لە هاوکێشەکان ناگۆڕن. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە کورد سەقفی زەمەنیی ئەو ڕێککەوتنانە فەرامۆش دەکات کە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا دەیکات، مەبەستم ئەو ڕێککەوتنەیە کە لەگەڵ سەرۆك وەزیران سوودانی کرا و بەڵێن وا بوو، کە لە شەش مانگی یەکەمی کابینەکەیدا ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە. دواجار دەبێت چارەنووس تەسلیمی واقیعێکی سەپێنراو بکرێت.

من وای دەبینم ئەجێندای بەشێك لە وڵاتانی دەوروبەر و جیهان لە ژێرەوە بە ناڕاستەوخۆ پاڵیان بە هەرێمەوە نا، تا لە بەرژەوەندیی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان دەست بۆ مەلەفی نەوت ببات. بە داخەوە هەرێم باجی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەوان دەدات، کە بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیان هەرێمیان خزاندە ناو گەمەیەکی سیاسیی نابەرانبەرەوە لەگەڵ عێراقدا و ئامادەش نەبوون لە ڕووی سیاسییەوە پاڵپشتیی بکەن. هەر خۆی کرێی دەرهێنانی نەوت لە لایەن کۆمپانیاکانەوە لە هەرێم، کە زۆر زیاترە لە هی عێراق و فرۆشتنی نەوت بە کۆمپانیا و وڵاتان بە نرخێکی کەمتر، کە لە ئێستادا بوونەتە کێشە لە نێوان ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا لەم بارەیەوە، نیشانەی تەماحی ئابووریی وڵاتانە، کە زۆر بە نەرێنی بەسەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی هەرێمدا شکایەوە. وەك دەشڵێن ئەوانەی بانگەشەی بەکارهێنانی نەوت وەك چەکێك دەکەن، دەبێت دڵنیا بن لەوەی کە نانیان لە گەنمی ئەمریکی نییە و، نەوت سەرباری ڕەهەندە دیارە ئابوورییەکەی، بەڵام ئەوە سیاسەتە تەحەکومی پێوە دەکات، هەر بۆیەشە هێزە عێراقییەکانیش دەیانەوێت بەو لۆژیکەی هنری کیسنجەر مامەڵە لەگەڵ پرسی نەوت و غازی عێراقدا بکەن، کە دەیگوت: «بۆ ئەوەی هەر نەتەوەیەك بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە، دەست بەسەر نەوتیاندا بگرە، هەر خەڵکێکیش کە گەرەکتە کۆنترۆڵی بکەیت، دەست بەسەر خۆراکیدا بگرە». ئێستا عێراق هەردووکیان لە بەرانبەر هەرێمدا پیادە دەکات.

**بەشێک لە هێزە سیاسییە عەرەبییەکان، بەتایبەت شیعەکان لە ژێر کاریگەریی ئەجێندایەکی هەرێمیدا ناخوازن هەرێم بکەوێتەوە سەر نەخشەی وزەی ناوچەکە و لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە وەک پێشتر بەهێز ببێتەوە**

**سەرباری نەبوونی شەفافییەت و ناسەقامگیری و شێواویی شوناسی حوکمڕانی لە عێراقدا، کە ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر وەبەرهێنان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی کەرتەکە هەیە، خوێندنەوەی جیاجیاش بۆ دەقە دەستوورییەکانی تایبەت بە نەوت و غاز دەکرێت**

**لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانی و بەکارهێنانی چەمکیشەوە دەقە دەستوورییەکان کێشەیان هەیە، بۆ نموونە لە یەکێک لە دەقەکاندا لە جیاتی گەلانی عێراق گەلی عێراق بەکار هاتووە**

**دەبوایە هەرێم لە سەردەمی بەهێزیدا پێش ئەوەی هەوڵی وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا بدات، فشاری جددی دروست بکردبایە تا یاسایەکی هاوسەنگی نەوت و غاز یەکلا بکرێتەوە**



**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# گەلێک جار دەوڵەتمەدار بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە و نیشتمانەکەی سندوقی هەڵبژاردنی دۆڕاندووە، بەڵام ئایندەی وڵاتەکەی بردووەتەوە

**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

کێشەی سەرەکیی دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا دەگاتە ئێستاش، ئەوەیە کە سیاسەتمەداری زۆرە، بەڵام دەوڵەتمەداری کەمە، یان دەکرێت بڵێین بە دەگمەن هەیبووە.

جیاوازیی نێوان «سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدار» ئەوەیە سیاسەتمەدار لە باشترین حاڵەت و لە دیموکراتیترین دەوڵەتدا چاوی لە بەرژەوەندیی حزبەکەی و کۆکردنەوەی دەنگەکانی سندوقی هەڵبژاردنە، بەڵام دەوڵەتمەدار ئامانجی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانەکەی و بونیادنانی ئایندەیەکی باشە بۆ نەوەکانی داهاتوو، لەسەر ئەم پرانسیپە گەلێك جار دەوڵەتمەدار بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە و نیشتمانەکەی سندوقی هەڵبژاردنی دۆڕاندووە، بەڵام ئایندەی وڵاتەکەی بردووەتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بەراوردی عێراق بکەین، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا، دەبینین لە ماوەی ئەم مێژووە دوور و درێژەدا بە ڤیژنی دەوڵەتمەدار لەگەڵ ئەم دەوڵەتە مامەڵە نەکراوە، بۆ ماوەیەکی کورت دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز، عەبدولکەریم قاسم هەوڵی دا، بە تێڕوانینی دەوڵەتمەدارانە مامەڵە لەگەڵ عێراقی دوای ڕژێمی پادشایەتی بکات، بەڵام هەر زوو تێڕوانینی شۆڤێنیی بەعس نەیانهێشت ئەم ئاراستەیە سەر بگرێت، لەمەش زیاتر وەك دیکۆمێنتە مێژووییەکان ئاماژەی پێدەکەن، گەلێك جار بەرژەوەندیی هەرێمی و نێودەوڵەتیش هاوکار بوون بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە نەبێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخی نەتەوەیی (Nation State).

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئومێد دروست بوو، کە دوای ئەو مێژووە خوێناوییەی عێراقییەکان پێیدا تێدەپەڕین، پەندێکیان وەرگرتووە و ڕێگە نادەن جارێکی دیکە ڕابردوو دووبارە ببێتەوە و، پێکەوە بە «هەماهەنگی و پێکەوەسازان و هاوبەشی»

عێراقێکی تازە بونیاد دەنێننەوە و ڕێز لە دەستوور و ئەو سیستەمە فیدراڵییەش دەگرن کە بە ئیرادەی تەواوی عێراقییەکان بونیاد دەنرێتەوە.

بەڵام مخابن هەر لە یەکەمین کابینەی حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و لە یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی عێراقی تازەدا، هەوڵەکان دەرکەوتن کە ئەقڵییەتی سیاسەتمەداری نەگۆڕاوە بۆ ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداری و هێشتا بەرژەوەندیی حزبی و مەزهەبی لە سەرووی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانییەوەیە، بۆیە سەرۆك وەزیرانی ئەوکات کە «د.ئیبراهیم جەعفەری» بوو، ناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە.

کێشەی نەوت و گازیش یەکێکە لەو کێشانەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ بە نەفەسی سیاسیی سیاسەتمەدار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و هەرگیز بیر لەوە نەکراوەتەوە، ئەم کێشەیە بە دیدگەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی بپارێزرێت.

هەموو کات سیاسەتمەدارانی عێراق بەو نییەتە لە داهاتی گەورەی نەوت و گازیان ڕوانیوە، کە ئەگەر ئەم داهاتە بەکار بهێنرێت بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی، بە ئاسانی دەتوانێت پێگەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات، ئەگەر ئەم کاڵایە بەکار بهێنرێت بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایش، باشتر دەتوانێت بەرانبەرەکەی پێ داپڵۆسێنرێت و باشتر هەژموونی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی دیکە و مەزهەبێك بەسەر مەزهەبێکی دیکەدا باڵادەست بکات، هەرگیز بەو ئاراستەیە بیریان نەکردووەتەوە، ئەم داهاتە بەکار بهێنرێت بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانەکانی وڵات، بەکار بهێنرێت بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ خزمەتی تەواوی هاووڵاتیانی عێراق.

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، بەو مانایەی کۆمەڵێك نەتەوە و ئایینی جیاواز دەیانەوێت ئارەزوومەندانە پێکەوە بژین، چارەسەرکردنی کێشەکانیان ناگاتە بنبەست، لەبەر ئەوەی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، وەك هێڵی سوور و وەك بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانی سەیر دەکرێت، هەموو ڕێگەیەکی ئاشتییانە بەڕەوا دەزانرێت بگیرێتەبەر، تەنیا لە پێناوی ئەوەی ئەو یەکێتییە کە لە ناو سیستەمە فیدراڵییەکەدا هەیە، بپارێزرێت، بەڵام بەداخەوە لە عێراقدا بەگشتی و، لە عێراقی نوێی دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەتایبەتی، ئەوەی بایەخی نەبێت، پاراستنی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانە، هەر بۆیە ئەوەی لە عێراقدا بگاتە دەسەڵات بە دردۆنگی و بێمتمانەیی سەیری پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دەکات و، هەمیشە وەك هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی عێراق سەیری کردووە، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتێك بە زەبری ترس و تۆقاندن بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، شایەنی ئەوە نییە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

ئەگەر لە لۆژیکی ئەزموونی دەوڵەتمەدارانی جیهانەوە سەیری کێشەی سێکتەری نەوت و گاز، هەروەها سەیری ئاستەنگەکانی بەردەم دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بکەین، دەبینین بێجگە لە بڕ و بیانوویەکی بێ بنەما و حزبی و مەزهەبییانە، شتێکی دیکە لەخۆی ناگرێت. لەم گفتوگۆیەدا زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بە بڕیارەکەی دادگای بازرگانیی پاریس کرا، کە لەو تانەی حکومەتی عێراق لەسەر سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ئاراستەی دادگای پاریسی کردبوو، کە پێنج خاڵی لەخۆی گرتووە (دۆزینەوە، بەرهەمهێنان، گرێبەستەکان، گواستنەوە، فرۆشتن) دەبینین دادگاکە لە چوار خاڵدا مافی بە هەرێمی کوردستان داوە، تەنانەت لە فرۆشتنی نەوتەکەشدا تەنیا ئەوەندە مافی بە حکومەتی فیدراڵی دراوە کە نەوتەکە بە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ ڕادەستی کەشتیگەلی جیهانی بکرێت.

لەسەر ئەم مافەی حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ڕابردوو لەگەڵ حکومەتی عێراق گەیشتە ڕێککەوتن و ئەم مافەی بۆ حکومەتی فیدراڵی گێڕایەوە، بەڵام لەو کاتەوەی بڕیارەکە دەرچووە، هەتا ئێستا کە نزیکەی ١٥ مانگە، دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی دەوڵەتی عێراق (پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) هەنگاوی جددییان بۆ ناساندنی مافە دەستوورییەکانی حکومەتی هەرێم لە هاوبەشیکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبەریی سێکتەری نەوت وگاز نەناوە. هەتا ئەم ئەقڵییەتە سیاسی و سەنتراڵییەش نەگۆڕێت، بۆ ئەقڵییەتێکی دەوڵەتمەداریی هاوچەرخ، ئەوا نە دەتوانین یاسا و دامەزراوەی بەهێزمان هەبێت، نە لە عێراقیشدا سیستەمی فیدراڵی دەچەسپێت.

**هەموو کات سیاسەتمەدارانی عێراق بەو نییەتە لە داهاتی گەورەی نەوت و گازیان ڕوانیوە، کە ئەگەر ئەم داهاتە بەکار بهێنرێت بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی، بە ئاسانی دەتوانێت پێگەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات**

**یەکێتیی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، وەک هێڵی سوور و وەک بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانی سەیر دەکرێت**

**ئەوەی لە عێراقدا بگاتە دەسەڵات بە دردۆنگی و بێمتمانەیی سەیری پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دەکات و، هەمیشە وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی عێراق سەیری کردووە**

**وڵاتێک بە زەبری ترس و تۆقاندن بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، شایەنی ئەوە نییە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە**

# بەرەو کۆنفرانسی لایەنەکان (کۆپ٢٩) لە ئازەربایجان

گۆڕانی کەشوهەوا کە سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە و دەتوانین دیارترین ئاسەوارەکانیشی وەك دەرکەوتوون و جۆراوجۆریشن، لە چەند خاڵێکدا ئاماژە پێ بدەین، وەك: کەمبارانی لە لایەك و لافاو لە لایەکی دیکە، دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی، دیاردەی بەبیابانبوون، بەرزبوونەوەی گەرمیی بەرگە گۆی زەوی، فشارکەوتنە سەر دەرامەت و سەرچاوە سرووشتییەکان، سەرهەڵدانی دیاردەی ئاوارەبوون و پەنابەریی ژینگەیی، پیسبوونی هەوا، لەناوچوونی ڕووبەرێکی زۆری دارستانەکان، تواندنەوەی بەستەڵەکەکان و دیارنەمانی زۆرێك لە جۆرەکانی زیندەوەران.

ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی گۆڕانی کەشوهەواوە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی لووتکەی زەوی هاتە ئاراوە لە (ڕیۆدی جانیرۆ)ی وڵاتی بەرازیل، لە پێناوی ڕێگری لە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بوو، زۆرینەی وڵاتانی جیهانیش چوونە نێو ڕێککەوتننامەکەوە.

بۆیە بە مەبەستی جێبەجێکردنی برگە و ڕاسپاردەکانی نێو ئەم ڕێککەوتننامەیە بڕیار درا، ساڵانە لە کیشوەرێکدا و لەو کیشوەرەشدا لە وڵاتێك کۆنفرانسێك ئەنجام بدرێت، ئەم کۆنفرانسەش بە کۆنفرانسی لایەنەکان ناسرا.

کۆنفرانسی لایەنەکان (کۆنفرانس ئۆف پارتیس) کە بە کورتکراوەیی بە (کۆپ) ئاماژەی پێ دەکرێت، بریتییە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەو وڵاتانەی کە واژۆیان لەسەر پابەندبوون بە (ڕێککەوتننامەی پاریس)ەوە کردووە و، کار دەکەن بۆ جێبەجێکردنی برگە و ڕاسپاردەکانی نێو ڕێککەوتننامەی چوارچێوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا، کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی لووتکەی زەوی هاتە ئاراوە.

(ڕێککەوتننامەی پاریس)یش کە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە پابەندن پێی، داوا لە هەر وڵاتێکی ئەندامی دەکات، بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانی ئامادە بکات و هەر پێنج ساڵێکیش هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و هەمواری بکاتەوە، بە مەبەستی باشتر گرتنەبەری ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی دەرهاویشتەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

یەکەم کۆنفرانسی لایەنەکان (کۆنفرانس ئۆف پارتیس) لە ساڵی ١٩٩٥ ئەنجام دراوە، لە ئەو ساشەوە بەردەوامە هەتا ئێستا، ئەمساڵیش کە بە (کۆپ٢٩) دەناسرێت، بە هۆی ئەوەیە کە ئەمە کۆنفرانسی ژمارە(٢٩)یە، بۆ ئەم مەبەستەش (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربایجان ئەمساڵ میوانداریی کۆنفرانسی لایەنەکان (کۆپ٢٩) دەکات لە ماوەی نێوان (١١ تا ٢٢)ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤، ئازەربایجانیش هیواخوازە لە کۆبوونەوەی سەرۆك و سەرکردەکانی جیهان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و خاوەنکاران و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و چالاکانی ژینگەیی، بگەنە ئەو ڕێکارە کاریگەرانەی کە بە هۆیانەوە باشتر لە پێشوو برگە و ڕاسپاردەکانی ڕێککەوتننامەی پاریس جێبەجێ دەکرێن.



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

بەشداربوونی ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە فراوانەکانی ناوچەکە و جیهان لەبارەی پرسی وزە نوێبووەکان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە، بەردەوامبوون لەسەر هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام و وەبەرهێنان لە بواری ژینگە و وەبەرهێنانی سەوز، وەك جێبەجێکردنی پابەندییەکانی نێو بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکان و بەجێهێنانی ژمارەیەك لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و پاڵپشتییکردنی کەرتە زیانلێکەوتووەکان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا، کە هەندێك لە ئاسەوارەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا دەرکەوتوون، هەروەها بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری وەبەرهێنانی ژینگەییدا بەو پرۆژانەی کە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، یان خۆگونجاندن لەگەڵ ئاسەوارەکانییدا، لە ڕێگەی پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆستانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وەبەرهێنەران و بەڵێندەران و ڕێکخراوە ژینگەییە خۆماڵی و نێودەوڵەتییەکانەوە.

ئەو سوود و دەستکەوتانەش زۆرن کە ئومێد وایە لە بەشداربوونی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنە ئاراوە، کە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بکەین، وەك:

١- ئاشناکردنی سەرۆك و سەرکردەکانی جیهان بە هەوڵە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی هەنگاوە جیهانییەکان لە بواری دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا.

٢- دانان و جێکردنەوەی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا.

٣- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی گۆڕانی کەشوهەوا.

٤- بەهێزترکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە داڕشتنی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا دەدەرێن.

٥- بەرجەستەکردنی ئەو بەڵێنە ژینگەییانەی کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتوون.

٦- خستنەڕووی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

٧- بەهێزکردنی پێگەی شاندی تەکنیکیی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٨- سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە چارەسەر بۆ گرفتە جیهانییەکانی وەك گۆڕانی کەشوهەوا.

هاژین یاسین:

# ئەرکی ژیان قورس بووە و دەبێت ژن و پیاو پێکەوە کار بکەن و هاوکاری یەکتر بن، تاوەکو بتوانن خێزان بەڕێوە ببەن



**لەگەڵ پێشوەچوونی جیهانی سەرمایەداری و گرنگی و بووژانەوەی کەرتی ئابووری و وەبەرهێنان لە سەرانسەری دونیادا، ڕەوتی کارکردنی ئافرەتان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت. هاژین یاسین خانمە گەنجێکی بە سەلیقە و دەسترەنگینە و دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە، بەڵام تاوەکو ئێستا هەلی دامەزراندنی لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆ نەڕەخساوە. وەک خۆی باسی دەکات، کارەکەی حەزی منداڵییەتی و دەمێکە کاری دروومان و دیزاین دەکات، بەڵام ماوەی دوو ساڵە پەیجێکی تایبەت بە کارەکانی داناوە و لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

هاژین یاسین، ساڵی ١٩٩٥ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە و هەر لەم شارەش نیشتەجێیە و خێزاندارە و دایکی کچێکی جوانە و سەرەڕای ئەوەی دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە، بەڵام کاری دروومان و دیزاین دەکات، و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە منداڵییەوە زۆر حەزم لە کاری بڕین و دروومان بوو. دوای تەواو کردنی خوێندن و سوودمەند نەبوونم لە هەلی دامەزراندن، بیرۆکەی کارکردنم لا دروست بوو، بەتایبەت کاتێک خێزانەکەم و خزم و دۆستەکانم کە ئیشەکانمیان دەبینی، دەیانگوت بۆ پەیجێک دانانێیت و کار بۆ کەسانی دیکەش بکەیت؟ لە سەرەتادا دەترسام، بەڵام پاڵپشتی و پێداگریی خێزانەکەم بۆ کارەکەم هەستی متمانە بەخۆبوونی پێ بەخشیم، ئەو هەستە وای لێکردم، بەهێز بم و لە ئەنجامدا بیرم لێ کردەوە و بڕیارم دا، پەیجێکی تایبەت بە کارەکانم دابنێم و دواجار سەرکەوتوو بووم، ئێستاش هاوسەرەکەم هاوشێوەی خێزان و کەسوکارەکەم یارمەتیدەرمە و هەموو کات پشتگیریم دەکات».

سەبارەت بە جۆری کارەکەشی گوتی: «بە گشتی بەرگدروویی دەکەم وجلوبەرگی ئافرەتان و منداڵان دەدوورم، هەر جۆرە مۆدێلێک بێت، دەتوانم بیدوورم. هەندێک کەس خۆیان قوماش دەهێنن بۆم، بەڵام بە زۆری خۆم قوماش بۆ موشتەرییەکانم دەکڕم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا ئێستا خاوەن کاریت و داهاتی خۆت هەیە و موحتاجی دەستی کەس نیت، چ هەستێکت هەیە؟ گوتی: «هەستێکی زۆر خۆشم هەیە و هەست دەکەم ئافرەتێکی بەهێزم، پێش ئەم کارەشم، چەندین جار زانیاریی کەسیم برد بۆ کۆمپانیا و شوێنە ئەهلییەکان، بەڵام لە هیچ شوێنێك وەرنەگیرام، بۆیە بڕیارم دا لێرەوە دەست پێ بکەم. زۆر گرینگە ئافرەت لەسەر پێی خۆی بوەستێت و داهاتێکی هەبێت. ئەرکی ژیان قورس بووە و دەبێت ژن و پیاو پێکەوە کار بکەن و هاوکاری یەکتر بن، تاوەکو بتوانن خێزانەکەیان بەڕێوە ببەن».

لە بارەی قورسایی کاری ناوماڵ و کاری دروومانەکەشی گوتی: «بە دڵنیاییەوە لە دابینکردنی پێویستیەکانی ماڵەکەم و خێزانەکەم بەشدارم و زۆر دڵم خۆشە بەوەی کە هەندێک کات دەتوانم یارمەتی هاوسەرەکەم بەم، یان دەتوانم بە دڵی خۆم پێویستییەکانی کچەکەم بکڕم، یان بۆ خۆم چیم بوێ، دەتوانم بیکڕم».

هاژین یاسین لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا بۆ داهاتوو چ پرۆژەیەکت هەیە؟ گوتی: «هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم کارەکەم فراوانتر و گەورەتر بکەم، تاوەکو بتوانم هەلی کار بۆ چەندین خانمی دیکە بڕەخسێنم».

**پاڵپشتی و پێداگریی خێزانەکەم بۆ کارەکەم هەستی متمانە بەخۆبوونی پێ بەخشیم**

**هاوسەرەکەم هاوشێوەی خێزان و کەسوکارەکەم یارمەتیدەرمە و هەموو کات پشتگیریم دەکات**

**چەندین جار زانیاریی کەسیم برد بۆ کۆمپانیا و شوێنە ئەهلییەکان، بەڵام لە هیچ شوێنێک وەرنەگیرام، بۆیە بڕیارم دا لێرەوە دەست پێ بکەم**

### شادی غوڵامی بۆ گوڵان:

# ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەتان وایان کرد زیاتر پەرە بە توانا و بەهرە هونەرییەکانی خۆم بدەم

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ئافرەت هەن کە لە نێو گرووپە هونەرییەکاندا کاری هونەریی خۆیان بە باشترین شێوە پێشکەش دەکەن و توانیویانە پەرەی پێ بدەن، شادی غوڵامی یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بووە و هەوڵی زۆری داوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و ڕێژەی ئافرەتانی کورد لە بواری هونەریدا و نموونەیەکی باشە لەم ڕووەوە، گوڵان چەند پرسیێکی دەربارەی هونەر کوردی و بەتایبەتیس ئافرەتانی هونەرمەند لەگەڵ خاتوو شادی تاوتوێ کرد.





*** دۆخی هونەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت بۆ ئافرەتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە ڕاستیدا ئاستەنگ و فشاری زۆر هەن کە لەسەر ڕێی پێشکەوتنی هونەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەستاون، بەتایبەت بۆ هونەرمەندانی ئافرەت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ئاستەنگانە بوونەتە هاندەرێك بۆ هاندانی ئافرەتانی هونەرمەندی کورد تا داهێنانی زیاتر بکەن بۆ دابینکردنی باشترین و، بەردەوامبوون لە کاری هونەری و تێکۆشان بۆ تیشك خستنە سەر بەهرەکانیان و پێشخستنی هونەری کوردی لە هەموو ئاستەکاندا، ئەمەش بووەتە جێگەی شانازی بۆ خانمە هونەرمەندان کە بەرامبەر تەحەددیاتەکان بوەستنەوە، ئێمە لەژێر چەندین فشار و ئاستەنگدا کاردەکەین، و کۆمەڵگە پاڵپشتی هونەرمەندانی ئافرەت ناکات، بەڵام ئافرەتانی هونەرمەند دەبێت ئاگاداری پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بن، بەتایبەتی ئافرەتان. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئافرەتە هونەرمەندەکان خاوەنی بیر و عەقڵێکی فراوانن بۆیە بارودۆخ باشە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی تێکۆشانی زیاتر بکەن.

*** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان گرووپی هونەری هەن، تا چەند کاریگەرییان لەسەر پێشخستنی هونەری کوردی هەبووە؟**

- لە ڕاستیدا کاریگەریی زۆر گەورەیان لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی منداڵان و ئافرەتان هەیە، بەتایبەتیش بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەو هەڵمەتی ڕۆژئاواییەی کە هونەر و کلتووری ڕەسەنی کوردی دەکاتە ئامانج لە کوردستاندا لەجلوبەرگەوە تا مۆسیقا و گۆرانی. ئەگەرئەم گرووپانە کار نەکەن لەسەر پاراستنی زمانی کوردی و پێشخستنی هونەری فۆلکلۆری کوردی و زیندووکردنەوەی، ئەوا بێگومان ئەم هونەرە ڕەسەنە لە نێوان نەوەکانی کۆمەڵگەدا لەناو دەچێت، بەڵام پێویستە بە زانیاریی زیاتر بۆ هونەری کوردی تێبکۆشین و دڵخۆشییەك بێت بۆ کۆمەڵگە، هەرچەندە ئەمە لە ڕووی ماددییەوە لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام لە بواری ڕۆحی و مەعنەوییەوە و کارێکی زۆر بەرزە، چونکە هەست بە بەردەوامبوون دەکەی و دەبێتە هۆی ئەوەی بگەی بە کەسانی تریش چ پیاو بێت یان ئافرەت.



*** ئەو ئاستەنگانە چین کە دێنە سەر ڕێگەتان وەك ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

- هونەری پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە تەواوی کایەکانی ژیانەوە هەیە، ئاستەنگەکان زۆرن و یەکێك لە ئاستەنگە دیارەکان بریتییە لە ئاستەنگی ئابووری، چونکە هونەرمەند پێویستە کات و ژیان و پارەی خۆی تەرخان بکات بۆ کاری هونەری تا بتوانێت ئەفراندن لە هونەردا بکات، ئەگەر هونەرمەند ئافرەت بێت ئەوا زۆر سەختترە، چونکە ئافرەتبوون خۆی لە خۆیدا گرفتێکی گەورەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەگەر ئافرەت لە بەرنامەیەکدا هەڵەیەکی بچووکیش ئەنجام بدات هەزاران قسەی دێتە سەر، سەرەتا پێویستە قەناعەت بە کۆمەڵگە بهێنی بەوەی کە تۆش مافی خۆتە کاری هونەری ئەنجام بدەی، ئەمەش ئاسان نییە، من هاوسەرەکەم خۆی هونەرمەندە ڕەنگە ئەمە بۆ من تا ڕاددەیەك ئاسانتر بێت، بەڵام بەشێکی زۆری کۆمەڵگە ئەم کارەیان قبووڵ نییە، ئافرەت پێویستە وریای جلوبەرگ شێوازی دەرکەوتن و ڕووخساری خۆی بێت، ئەمە بۆ پیاو بەو شێوەیە نییە و ئاسانترە، چونکە هەموو کەسێك قسە لەسەر ئەم بابەتانە دەکات و ئەمە نەبەستراوەتەوە تەنیا بە ڕەخنەگرانی هونەرییەوە، ئەگەر نەتوانێت بەرگەی ئەم هەموو ڕەخنەیە بگرێت ئەوا بێتوانا دەبێت، ئاستەنگی دووەم ئەوەیە کە هونەرمەند ناتوانێت هونەر ببێتە کاری سەرەکیی ژیان بۆی، بەڵکو دەبێ لەپێناوی ژیاندا هونەر بکات، کەواتە هونەر دەبێتە بواری خێزانی، فیزیکی، و تەواوی کایەکانی ژیان. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هونەرمەند تەنیا کاری هونەری دەکات، چونکە ژیانی لە ڕێگەی هونەرەوە دابین کراوە، بەڵام لێرە هونەر پەراوێز خراوە و هونەر هیچ داهاتێك بۆ هونەرمەند دابین ناکات.

*** جەماوەر حەزی لە چجۆرە ڕیتمێکە، ئایا ڕیتمی نوێی پەسەندە یان گۆرانیی کۆن و ڕەسەن؟**

- کۆمەڵگە بە گشتی هونەرمەند نین و ئەرکیان لەسەر شان نییە، هێرشی کەلتووریی ڕۆژئاوا یەکێکە لە بابەتە مەترسیدارەکان کە تووشی میللەتی کورد بووە، پێویستە هونەرمەند هەوڵ بدات کە جەماوەر شوێنی بکەوێت، نەك جەماوەر هونەرمەند بگۆڕێت، چونکە بەشێکیان حەز لە کاری کۆن و فۆلکلۆر دەکەن و جەماوەرێکیش هەیە ئارەزووی کاری نوێ و مۆدێرن دەکات، هونەرمەندیش ئارەزووی خۆیانە ئەوەی کاری فۆلکلۆر و ڕەسەن پێشکەش دەکەن یان کاری نوێ پێشکەش بکەن، بە گشتی من وا بیر ناکەمەوە کە جەماوەر ڕازی بکەم و شوێنی بکەوم، بەڵکو دەبێ بەپێچەوانەوە بێت، من خۆ ستایلێکم هەیە. هونەر واتە ئەرك، با هەزار کەس گوێت لێ نەگرن و تەنیا دوو سەد کەس گوێی لێ بگرن، بەڵام ئەم دووسەدە با شتێکی نوێیان گوێ لێ بێت و زۆر شتیان بیر بخاتەوە و سوودی لێ وەربگرن و ببێتە کارێکی نێو هونەری نوێ، ڕاشکاوانە دەڵێم ئەگەر ئێمە شوێن جەماوەر بکەوین تا دە ساڵی دیکە هونەری کوردیی ڕەسەن لەناو دەچێت، چونکە بەشێکی زۆری جەماوەر ڕەنگە شارەزای هونەر نەبن و هەست بەو بەرپرسیاریەتە نەکەن کە هونەرمەند هەستی پێ دەکات.

*** زیاتر حەز دەکەی گۆرانیی کام هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان بڵێیتەوە ؟**

- هونەرمەندانی پێشوو کارێکی وایان ئەنجام داوە کە مۆسیقا و گۆرانیی ڕەسەنی کوردی لە نێو هونەرمەنداندا بە زیندوویی بمێنێتەوە، من چێژیان لێ دەبینم و سوود وەردەگرم لە ڕیتمەکانیان، هەندێك جار گۆرانییەکانیشیان دەڵێم، بەتایبەتی هونەرمەندان ماملێ، ناسری ڕەزازی، تاهیر تۆفیق، حەسەن زیرەك و چەندانی دیکە، ئەمانە هونەرمەندگەلێکن کە سەد ساڵی دیکەش لەناو ناچن، بەڵام جەماوەریان کەم دەبێتەوە.

*** دەربارەی مەقامەوە ڕات چییە؟**

- شارەزایی لە مەقام زۆر زۆر گرنگە بۆ هەر هونەرمەند، چونکە مەقام دایکی گۆرانییە، چونکە کەسێك کە مەقام نەزانێت و شیکردنەوەی نەکات هەستی نابێت بۆ گۆرانییەکان، من زیاتر لە گۆرانی بە مەقامەوە گرێدراوم، زۆریش هەوڵ دەدەم وەك ئافرەتێك زیاتر دەربارەی مەقام بزانم، پێش شەش ساڵ بەشداریم لە خولێکی مەقامدا کرد لە شاری کفری.

*** کاردانەوەی جەماوەر چۆنە کاتێك لە ڕۆژهەڵات کۆنسێرتێك پێشکەش دەکەن؟**

-کاتێك لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە تارانیش کۆنسێرت پێشکەش دەکەین، پێشوازییەکی زۆر باشمان لێ دەکرێت، لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەمیان ناسینی خۆمان لە نێو خەڵکدا، دووەم ئافرەت هەستێکی تایبەتی هەیە کە گۆرانی لە دەمی ئافرەت ببیستێت و هێز و توانا و بوێری و ئازایەتی لە ئافرەتدا ببینێت، پێش ماوەیەك لە شاری سنە کۆنسێرتێکی تایبەت بە ئافرەتانمان ئەنجام دا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، لەو دوو ڕۆژەدا زیاتر لە (١١٠٠) کەس بلیتیان کڕی و پێشوازی و پاڵپشتییەکی بێوێنەیان لە کۆنسێرتەکە کرد، چونکە ئافرەتان پێویستیان بەو جۆرە گردبوونەوانە هەیە کە تەنیا ئافرەت تێیدا بێت و ڕۆڵ و هێز و توانای ئافرەت دەربخات.

*** گۆرانی گوتنی ئافرەتان لە ئاهەنگە تایبەتەکاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- من خۆم حەز بەو کارە ناکەم، بەڵام بەڕای من کارێکی ئاساییە و هیچ نەنگییەکی تێدا نابینم، ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە هەموو هەڵسوکەوت و کارێکی ئافرەتان کەسانێك هەن بیری لێ دەکەنەوە بڕیای لەسەر دەدەن و هەزاران ناو و ناتۆرەی ناشیرین و نەگونجاوی لەدوا دەڵێن، مۆسیقا و گۆرانی زەماوەند زۆر جیاوازە لەگەڵ مۆسیقای گرووپەکان،جەماوەریش تا ڕاددەیەکی زۆر ڕێز و حورمەتی بۆ ئەو بابەتە هەیە.

*** چۆن دەتوانین پەرە بە ئامێرە موسیقییە کوردییەکان بدەین؟**

- پێویستە ئەم ئامێرانە زیاتر لە گرووپەکاندا بەکار بهێنرێن، بە مەرجێك بزانرێت چۆن سوودیان لێ وەردەگرین، چونکە بەو شێوەیە دەتوانرێت بپارێزرێن نەوەك تێکەڵ بە ئامێرە ڕۆژئاواییەکان بکرێن، ئاساییە سازێکی دیوان و باغلەمە لەگەڵ گیتارێك بەکار بهێنرێن، بەڵام هیچیان بۆ ئەوی تر لانەدەین، بەڵکو هەر یەکەیان کاری خۆی بکات.


**ئێمە لەژێر چەندین فشار و ئاستەنگدا کاردەکەین، و کۆمەڵگە پاڵپشتی هونەرمەندانی ئافرەت ناکات**

**هونەرمەند پێویستە کات و ژیان و پارەی خۆی تەرخان بکات بۆ کاری هونەری تا بتوانێت ئەفراندن لە هونەردا بکات**

**هێرشی کەلتووریی ڕۆژئاوا یەکێکە لە بابەتە مەترسیدارەکان کە تووشی میللەتی کورد بووە**


**ئەگەر ئێمە شوێن جەماوەر بکەوین تا دە ساڵی دیکە هونەری کوردیی ڕەسەن لەناو دەچێت**

**کەسێک کە مەقام نەزانێت و شیکردنەوەی نەکات هەستی نابێت بۆ گۆرانییەکان**



## کاریکاتێر

باس لە قوربانیدانی دایك دەكات بۆ منداڵەكانی، هەندێ جار دڵ و هەست و سۆزی خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ڕۆڵەكانی.



## دیمەنە سەیرەکان

**دەمارەكانی مێشك**

ئەمە دیمەنی دەمارەكانی مێشكی مرۆڤە، کە لە ١٠٠ ملیار خانەی دەمار پێكهاتووە، ئەم خانانە پەیوەندی بە یەكتریەوە دەكەن بۆ پێكهێنانی نزیكەی ١٠٠ ملیۆن خانەی دەماری، قەبارەی دەمارەكان نزیكەی ٠،٠٥ میلیمەترە.

## ڕێگای گۆڕاو



ئەم ڕێگەیە لە ماوەی ڕۆژێكدا دەبێتە ڕێگەیەكی هەم ئاوی و هەیش قیرتاو، ئەمەش بەهۆی بەردانەوەی ئاو لەسەر ڕێگەكە بۆ ئەوەی لە بەردەم پردەكە ئاو كۆ نەبێتەوە و نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ڕێگەكەدا، کە بەهۆی بەرزی و نزمبووبوونەوەی ئاستی ئاوەكە ئەو دیاردەیە ڕوو دەدات، ڕێگەكە دەكەوێتە وڵاتی فەرەنسا، ڕۆژانە تەنیا دوو جار بۆ ماوەی چەند كاتژمێرێك بەكاردێت، پاشان نزیكەی چوار مەتر ژێر ئاو دەكەوێت، پاسیج دو گۆیس یەكێكە لە ڕێگە بەناوبانگەكانی فەرەنسا و تێیدا دیاردەیەكی سرووشتیی سەیر بەدی دەكرێت، ئەم ڕێگایە درێژییەكەی ٤.١٥ كیلۆمەترە و لە ڕۆژێكدا دووجار بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاكە ڕێگەكە نامێنێت.

## یاسا



**دەکرێ ئافرەت پیاو تەڵاق بدات؟**

لە دواترین دیاردەی یاساییدا (کچی میری ئیمارات) لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە بە هاوسەرەکەیی گوت تۆم تەڵاق داوە، با بزانین دەکرێت ئافرەت پیاو تەڵاق بدات؟
سەبارەت بەوەی کە ژن تەڵاقی بە دەست بێت، پاڵپشتی یاسایی هەیە و لە مادەی (شەشەم) بڕگەی (٥)ی یاسای باری کەسیەتی هەموارکراودا هاتووە (ژن بۆی هەیە لە کاتی گرێبەستی هاوسەرگیریدا مێردەکەی مافی ئەوەی بداتێ کە بۆی هەبێت تەڵاقی بە دەست بێت). هەروەها بە گوێرەی مادە (سی و چوارەم) بڕگەی (١)ی هەمان یاسا (تەڵاق بریتییە لە هەڵگرتنی پەیوەندیی هاوژینی بە شێوەیەکی ڕاشکاو، کەوا شەرع و یاسا دەلالەتی لەسەر دەکەن کە واتای تەڵاق بگەیەنێت بەبێ بەستنەوە بە داڕشتنێکی سنووردار، یان زمانێکی دیاریکراو و بە کەوتنی لەلایەن مێرد یان ژن دەگوترێت، ئەگەر یەکێکی کردە بریکاری خۆی یان ڕێگەی پێ درابێت یان لە دادوەرەوە بێت).
دووەم/ لە ڕێگەی دادگاوە ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە (التفریق) بکات و دادگاش دەتوانێت لەسەر داواکاریی ئەو بەهۆکاری ڕەوا پاش گەیشتنە بڕوا، بڕیار بدات بە جیاکردنەوەی لە مێردەکەی، بە پێچەوانەوە ژن ناتوانێت بەبێ بوونی هۆکاری ڕەوا داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

دوور بکەوەرەوە لە هەر پەستانێکی کار یان پیشەی نوێ، پێویستت بەوەهەیە پشوو بدەیت، لە بیرکردنەوە نەرێنییەکان خۆت ڕزگار بکە، پاشان دەبینیت کە ڕووداوەکان بە ئەرێنی ڕوو دەدەن، ئاماژەی دڵخۆشی هەیە لەسەر ڕێگەکەت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە لایەنی سۆزدارییەوە لێکتێگەیشتن و متمانە گرنگترین هۆکارە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی خۆشەویستی، ئەگەر ئامادە نیت کەسانی دیکە بناسیت، ڕوون و ڕاشکاو بە، هەستە ڕاستەقینەکانت مەشارەوە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

بە ڕوونی دەربارەی پەیوەندیی سۆزداریت بدوێ لەگەڵ خۆشەویستەکەت، لە لایەنی پیشەییەوە هیچ شتێك لەسەر ڕێگەکەت ناوەستێت، لە گەیشتن بە ئامانجەکەت مەترسە و بەردەوام بە لە هەوڵەکانت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

کێشە لەگەڵ هاوپیشەکانت دروست مەکە و دوژمن بۆ خۆت پەیدا مەکە، دەتوانیت بەهرەکانت لەم ڕێگەیەوە دەربخەیت کە گرتووتەتە بەر، متمانەت بە خۆت هەبێت کە بڕیارەکانت زۆر باشن، دەتوانیت داوای یارمەتی لە هاوبەشی ژیانت بکەیت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بە سرووشتی خۆت میهرەبانیت، ئەمەش یارمەتیت دەدات دڵی کەسانی چواردەورت بەدەست بهێنیت، ئەگەر ناتەوێت لەگەڵ چواردەورت ناکۆکی دروست بکەیت، ڕەخنە لە کارەکانیان مەگرە و لە هەوڵەکانیان کەم مەکەرەوە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە ئەم ماوەیە خاوەن کارەکەت پەستانێکی زۆری پیشەیی دەخاتە سەرت، ئەگەر توانای قبوڵکردنیت نییە، بەدوای پرۆژەیەکی سەربەخۆدا بگەڕێ کە کاری لەسەربکەیت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیت لەسەر دروست دەکات.




بۆ زانیاریت


# بۆچی هەفتەیەک حەوت ڕۆژە!

بابلییەکان کە لە عێراقی ئەمڕۆدا دەژیان، چاودێر و لێکدەرەوەی زیرەکی بەهەشت بوون و بەهۆی ئەوانەوە هەفتەکانمان حەوت ڕۆژە، هۆکاری وەرگرتنی ژمارە حەوتیان لەبەر ئەوەیە کە درك بەو حەوت تەنی بەهەشت دەکەن لە ئاسماندا ئەوانیش: خۆر و مانگ و مێرکۆری(عەتارد) و زوحەل و مەریخ و موشتەری و ساتورن. کەواتە ئەم ژمارەیە بۆ ئەوان مانای تایبەتی هەبوو. کلتوورەکانی دیکە ژمارەکانی دیکەیان هەڵبژارد، وەك میسرییەکان کە هەفتەکەیان ١٠ ڕۆژ بوو، یان ڕۆمییەکان کە هەفتەکەیان هەشت ڕۆژ بوو. بابلییەکان مانگەکانیان بەسەر هەفتەی حەوت ڕۆژەدا دابەش کرد، کۆتا ڕۆژی هەفتە گرنگییەکی تایبەتی ئایینیی هەبووە. سووڕی مانگ یان مانگی پڕ کە ٢٨ ڕۆژە، ماوەیەکی زۆر درێژە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر بەڕێوە ببرێت، بۆیە بابلییەکان مانگەکەیان بەسەر حەوت بەشدا دابەشکرد کە یەکسانن.

## فیلم
## سیخوڕەکەم لە شارە ئەبەدییەکە - My Spy: The Eternal City




فیلمێکی ئەکشن و کۆمێدییە، باس لە کەسێك دەکات بە ناوی جەی جەی، کە کارمەندی دەزگای سیخوڕیی ئەمریکایە، بە هاوکاری لەگەڵ هاوڕێکەی پریتیج سۆفیا، لە ئەرکێکی فەرمی بۆ ئاشکراکردنی چەکی ناوەکییە لە ڤاتیکان لە ئیتاڵیا، کە کارەکەیان لە میانی گەشتێکی قوتابخانەدا بۆ ڕێك دەخرێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٦) خولەکە، لە دەرهێنانی پیتەر سیگاڵ، نووسینی لاری بلانفۆرد، نواندنی: چۆلی کۆلیمان، دەیڤ باوتیستا، ئانا فاریس، کریستین سکال، فلولا بۆرگ.



## پەند و وتە

فریدریك دۆگلاس، داڕێژەری بیری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە، لە ساڵی ١٨١٨ لە شاری ماریلاند لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٩٥ لە واشنتۆن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕاستگۆبوون لەگەڵ خۆت دەڵێت: «پێم باشترە کە لەگەڵ خۆم و دەوروبەرم ڕاستگۆبم، تەنانەت ئەگەر بێتە مانای گاڵتە و دۆڕانم لەلایەن کەسانی دیکەوە، بەر لەوەی درۆزنێك بم کە شەرم لە خۆم بیکەم».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێ کەس هەن، هەوڵ بدە بزانیت قەبارە و شێوەی ئەو سێ کەسە وەکو یەکن، یان کامەیان گەورەترە و کامەش لە نزیکە و دوورترینیشیان کامەیە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

چەندین سوپرایزی جۆراوجۆر لە ڕۆژەکەتدا هەیە، سەرسام مەبە بە ڕووداوەکان، هەمووان گوێ بۆ وشەکانت دەگرن، هەربۆیە وریابە لەوەی لەبارەی چییەوە دەدوێیت، هەمو کەسێك جێی متمانە نییە، باشترە بۆ چارەسەری گرفتەکانت هانا بۆ خێزانەکەت ببەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەم ماوەیە زیاتر دوودڵیت، کۆمەڵێك کێشە مێشکیان داگیر کردوویت، بە هەڕەمەکییانە بڕیار مەدە لەبارەی کەسانی چواردەورتەوە، بڕوا بە هەر شتێك مەکە کە دەیبیستیت، گۆڕانکاریی لەناکاو لە پرۆژەکانتدا ڕوو دەدات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

گرنگە هەمیشە بەدوای چانسی باشتردا بگەڕێیت، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، بەڵام دەبێت خۆت لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنیت، کەسێکی کۆمەڵایەتیت و هەوڵ بدە بەشداریی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکەیت، کاتێکی باش تەرخان بکە بۆ وەرزشکردن.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە ڕووی پیشەییەوە بە شێوەیەکی زۆرباش بەرەوپێش دەچیت، چونکە توانایەکی باشت هەیە تا بەرهەمی باشتر پێشکەش بکەیت، شێوازی ڕەفتار و مامەڵەکردنت وا دەکات جێگەی متمانەی هەموان بیت، گرنگە سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

شکست لە ڕوی پیشەییەوە کارێکی ئاساییە، بەڵام هەوڵ بدە بەدوای هۆکارەکەیدا بگەڕێیت، بۆ ئەوەی ئەزموونی لێ وەربگریت، متمانەکردنی زۆریش بە خۆشەویستەکەت باش نییە، دەبێت بزانیت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، بیرکردنەوەی ئەرێنی یارمەتیی باشبوونی دەروونت دەدات.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەمیشە بە شێوەیەکی ورد و دادپەروەرانە بڕیار بدە لە ئاست کارەکەت، تا تووشی هیچ گرفتێکی پیشەیی نەبیت، ڕەنگە ناکۆکی هەبێت لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا، بەڵام هەوڵ بدە نهێنی بێت و هەموو کەس بە دۆست مەزانە، هەمیشە بایەخ بە تەندروستیت بدە و ئاگاداری خۆت بە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly
Gulan
August 5, 2024 Issue,No.1424




0750 104 1777
0770 104 1777

هەولێر / ڕێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری